# سنوورەکانی جیهان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# سنوورەکانی جیهان

**سەلام مەنمی**

پیاچوونەوەی:

**محەمەد کوردۆ**



بە جگەر گۆشەکانم و دایکیان پێشکەشە...

کتێب: سنوورەکانی جیهان
نووسینی: سەلام مەنمی
پیاچوونەوەی: محەمەد کوردۆ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٥٢٤
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

## ١

دوای زیاتر لە چارەکە سەدەیەک بەوپەڕی تامەزرۆییەوە سەردانی گوندەکەتت کرد، واتدەزانی تازە داوێنی دایکتت پیرۆزکردووە و جیهانی ڕۆشنت دیوە، تۆ چەند بەختیار بوویت، چیا و دارستان و باڵندەکانیش سەد ئەوەندە، شەماڵیش مژدەی شادیی لەو دەڤەرەدا پەخش کرد و پرچی گوڵ و درەختەکانی شانەکرد و هەناوی فێنک کردەوە.

دەمێک بوو بەدیداری (چیای کاردۆی دڵدارت) شاد نەبوویت و بۆ بینینی پەرێشان بوویت و یادەوەرییەکان چاوشارکێیان لەگەڵ دەکردیت و تینووی ئەو ڕۆژە بوون...

خۆت پێ نەگیرا و دەتوت لەسەر خۆڵەمێ دانیشتوویت و هێزت دایە خۆت و پیاهەڵزنایت، لەسەر لووتکە بەرزەکە دانیشتیت و لەگەڵ (سوارە)دا کە- سوارە-ش خۆت بوویت، کەوتنە شەن و کەو و تەتەڵە و گێژی بیرەوەرییەکان و ڕووداوەکان و وتت:

- (سوارە) کێو بەکێو ناگات، بەڵام ئادەمیزاد بە کێو دەگات، لەوانەشە کێویش بەکێو بگات!!

پرسیارت لە خۆت کرد:

- (سوارە) هەموو جارێ دەتوت: دەبێ جارێکی تر- کاردۆ- ببینیتەوە...؟! دەزانی لە کەیەوە لە یەک دابڕاون...؟ هەر باشە ئێستا لێت لالووت نییە و بەتۆپزی دەرت ناکات!. جوان لێی ورد بەرەوە و گوێ بگرە، بزانە چۆن لاپەڕەی داستان و مێژووی باڵندە و پاوەن و دەنگ و ئاوازەکانت بۆ هەڵدەداتەوە و ڕاستییەکانت بۆ شەنوکەو دەکات و خودی خۆتان دەکەونە ئاخافتن و هەر یەکەتان سەرگوزەشتەی خۆی دەگێڕێتەوە.

لاپەڕەکانی ئەم چیای (کاردۆ) هەزار لۆغانەن زۆر جار سووتاون و



نووسراونەتەوە، ئەم گوندەش بەناوی ئەم چیایەوە ناونراوە و وشەی- میری بۆ زیاد کراوە و پێی دەڵێن: گوندی میر کاردۆ.

لە ناوەڕاستی ئەم لووتکە کەش و تووشەدا ئەشکەوتێک دەبینی پێی دەڵێن (قارەمان)، مێژوویەکی سووری هەیە و خوێنی لێ دەتکێت و وێنەی جەنگاوەرانی لەسەر هەڵکەنراوە، لە لای ڕاستەوە وێنەی خەنجەر و کاڵە و پێتاو و پووزەوانە و کەللەسەری مرۆڤ و جۆرە تیخێک ناوی نەبیستراوە، تەرازوویەکیش هەردوو تاکەی بەرانبەرن.

هەموویان دیمەنێکی سامناک دەبەخشن و ساتەکان لە ئەژمار نایەن... خەڵکی ئەم گوندەش دەستەوسان و گێژوویژ نەبوون، بەرگرییەکی زۆریان لە دارستان و پاوەن و کانیاوەکانیان کردووە و گوێیان نەداوەتە چاو و ڕاو و هەڕەشە و تەڵە و پیلان و خواستەکانیان و دوژمنیان لەگۆڕناوە، هەرچەند ناوبەنا و پیلان و خواستەکانیان سەری گرتووە، بەڵام خمخۆرکی ئەم گوندە هەڵیلووشیون و چوونەتە گەرووی حەفیانەوە...

ئەو گردەی ئەوبەریش گۆڕستانی کاردۆکانە، ئەمانە سرەوتیان نەبووە، وەک مارەکەی- شێخ هۆمەر- بەمل و ناو تەڵەنگی کرمە بڕەی زەوییەوە ئاڵان و قەیاری هەڵمەتە کاسەکانیان بڕیوە و ئەم دەڤەرەیان کردووەتە گۆڕستانی خۆیان بۆ ئەوەی لە گۆڕیشدا چاویان لەم چیا و دارستان و پاوەنانە بێ، پەچە و کێڵگەکان سروودیان بۆ بچڕن.

ئەو تەنیا گۆڕەش لای سەرەوە دیارە، گۆڕی (میر عەوداڵ)ە... سەرگەورەی- کاردۆکانە- خۆی و ماینەکەی لەم لووتکەیەدا شەهیدبوون... وێنەیان لە گابەردێکی دەرەوەی ئەشکەوتی- قارەمان- دا هەڵکەنراوە...

ئەو گۆڕە درێژەش کە جێی سێ گۆڕی زەویی داگیرکردووە، گۆڕی- ئەسحابە چەرمووە.

- سوارە- مێشک کرمەژن، دەبێ چی- ئەسحابە چەرموو- ی گەیانبێتە ئێرە...؟! بۆچی لێرە نێژراوە...؟!

ئەی ئەو ئاڵ و والا ڕەنگاوڕەنگانە چین...؟!

– سوارە– ئەوە بۆ وەزەن و مژینی مێشکی زەوی و ئەتککردن هاتووە و لێرە سیپەلکیان ڕاداوە... هەر خۆشتان بەئالای هەمەڕەنگ ڕازانووتانەتەوە و بەردە نوێژی پێنج فەرزەتانە و بڕواتان وابووە: سێبەرۆ و گرانەتا و سکپڕکردنی ژن و مارانگازی لە ئەستۆ گرتووە، هێستری چەمووش و مانگای عەبرەش و مافەتەی مەڕ و بەلەباقەی بزن و تەبەقی ڕەشەولاخ و مەقاوی کەری چاک کردۆتەوە، خۆڵی گۆڕەکەشیان کردووەتە حەتحەتۆکەی ملی منداڵ، بۆئەوەی تەمەنی درێژبێت.

ڕێبوارانیش دێنە سەری و فاتیحای بۆ دەخوێنن، بەردی سەر گۆڕەکەشی بەمەشکە و هیزە و کەرەدان و کولێن و پۆڕکدا شەتەک دەدەن...! لەمەش سەیرتر فاتیحایەکیش بۆ گۆڕەکەی (میر عەوداڵ)ی باپیرە گەورەیان نانێرن، دڕک و داڵیشی لێ پاکناکەنەوە...؟! شەوە زەنگ و پڕ و پالانتە، مێشکیان بە کا ئاخنیون و سەری مانگا و کەری پێوە پانەهۆن کردوون و لەنا و ئێسقانەکانیاندا– شیرینە خانم دەڵێن!!

هەر خۆشتان ناوتان ناوە (ئەسحابە چەرموو)، ئەو گۆڕە درێژەش دەستکردی خۆمانە، دەڵێن لە بنچینەدا ناوی (جحێش)ە...!

– (سوارە) گوێ بگرە با چەند دێڕێکت لەم نامە دوور و درێژەیت بۆ بخوێنمەوە، ئەوجا بەرد بە با دەکەیت و دەزانیت چ هەوشار و نهێنگرێک بووە، چۆن دەرد و بەلای بلاوکردۆتەوە و تەقلەی پێ لێداوین و خۆی بەخاوەن ماڵ و ئێمەی بەمەخودە و کارەکەر و تەشی ڕێس داناوە...؟!

(دوێنێ وتمان: بلێی بتوانین کلاوی ئەو ئاسمانانە داگرین، کە پێیان دەڵێن– چیا–؟! دەتوانین چرای نابووتییان پێ هەڵکەین...؟! بەڕاستی گڕکردنی ئەو کلاوانە ئاستەمە بەقسەی ڕووت شەماڵە ناکەن، مەگەر باڵندە پارچەمان بگەیەنێتە ئەوێ، یاخود لە خەودا)...



(ئەمڕۆش دەڵێین: نەک هەر کلاوی ئاسمانەکانمان گڕکرد و شیرازەی خەو و خەیاڵمان لۆبڕکردن، بەڵکو ماکی ئاگر پەرستیشمان ڕیشەکێش کرد. کێوەکان ڕووخان، کەندەلانەکان پڕبوونەوە، سیحرێکی واشمان لێکردوون لە گۆڕیشدا دەمانپەرستن و دار و بەردەکانیشیان کوڕنووشمان بۆ دەبەن)...

– ئێ (سوارە) هەرزە، هەتاکەی گەمژەیی...؟!

بە ڕیشی کێ ڕەوایە بەرخی پەر و چەرموو سوور و کاری مارۆ و خەزاڵ لەسەر گۆڕەکەی (جحێش) سەرببڕێن، بۆ ئەوەی سکی ژنەکانمان پڕکات...؟!

ئەگەر بەوەبێ، دەبێ زۆرمان لە نەوەی ئەو بین و باپیرە گەورەمانە...؟!

جحێش و ئێرە...؟! ئێرە و جحێش...؟! مەرەزە و دێم؟! پەپوولە و دۆزەخ...؟! کەر و بەهەشت...؟!

## ٢

چیای– کاردۆ– ت بەجێهێشت، بەرەو گوندەکەت گەڕایتەوە، بیرەوەرییەکان بەخەیاڵ و هەنگاوەکانتەوە ئالابوون، کە سەرنجی دارودەوەن و ئەشکەوتەکانت دەدا بیرەوەرییەکان چڕتر دەبوون، لە زاووزێدا بوون و هێرشیان بۆ دەهێنایت، مێشکیان جەنجاڵ کردبوویت... بۆ گابەرد و ئەشکەوت و شێخەڵ هەبوو بیرەوەریت تێدا بەجێ نەهێشتبێ...؟!

– (سوارە) ئەوجا گوندەکەت چێودار بوو، خێڵە و خوار و خێڵە و ژووری دەکرد، بەهاران لە زەوییەکانیاندا ڕەشماڵیان هەڵدەدا بۆ ئەوەی ئاووهەوا بگۆڕن و زەوییەکان پەیناوکەن...

لەم شوێنە تەختەدا دەوارتان هەڵدابوو، لە داوێنی دایکت بەربوویتەوە و لە پەڕۆ و پاڵیانەوە پێچایت و لەسەر پشتی بێژنگ دایاننایت، ژێرەکەیان پڕ لە کا کرد، لەبەر ئەوەی کا گەرمە، مەلۆتکەیەکی ئێسک سووک

بوویت، لەوکاتەدا دایکت شیری تێدانەبوو، بەژەکی مەڕە تەو و بزنە بەلەپۆش، گۆشیان کردیت، بەردەوامیش واقەت دەهات و دەنگت ئاوێتەی زەڕەی کەر و حەچلوور و حەپەی سەگ دەبوو، لەو ڕۆژەدا (عاسە) کە بەچاوپیس بەناوبانگ بوو، خۆی کرد بەدەوارەکەدا... (پیرۆز)ی مامانیش وتی: (خەجێ)ی کلۆڵ کچی بووە، وا دیارە قاچێکی پەیزەنە و دەستێکیشی گۆجە...

– خودا ڕەحم بکات...

– (سوارە) لە نەگبەتیی تۆدا، ئەو ڕۆژە وەیشوومەیەک بوو تفت هەڵدایە بەئاسمانەوە دەیبەست و ڕەشەبا: سەرتیل و مێخ و تێلا و چەڵە و هەمەنگە و کۆمانج و ستوون و کەشک و شیرێژی بەسەر یەکدا ترشاندبوو، پاروێنکی دەوارەکەی پڕکردبۆوە...

دوای هەفتەیەک باوکت بانگی بەگوێتا دا و ناوی نای: – سوارە– مامە (هۆمەر)ت بەو ناوە قوشقی بوو چاوی پەڕییە پشتی سەری و بەباوکتی وت:

– لای خۆت مەلایت (سوارە) حەدیسی نییە.

– ئەی چییە...؟!

– شەیتانییە... لەبەر دووشتی وایە خوا دەوار و چیخەکەی بەسەردا ڕووخانین، هێشتا لە کوێمانە، لە هەر جێگایەک شەیتان دانیشێ ڕەحمان باردەکات، چاویشمان پڕە لە جنۆکە و شەیتان، با (سوارە) گەورە ببێ بزانە چۆن میز بەناوچەوانی خۆیدا دەکات...؟! بۆ ناوت نەنا– ڕەحمان– ئەو ناوە ڕۆژی پێنج جار لە نوێژدا ڕەحمەت پەرژێنمان دەکات.

باوکیشت وەڵامی دایەوە و وتی:

– من مەلام یان تۆ...؟! یاخود مەلابەزێنی...؟! ئەم ناوە بەقورعە دەرچووە، ئەوەش شەرعییە، جگە لەوەش خۆم ناوم (شاسوار)ە و دوانزە



عیلمم و شەیتان نیم و میزم بەناوچەوانی خۆما نەکردووە، وەک تۆ دزیش نیم.

– دزی لە پیا و دێ، عەشرەت دزی تیا نەبێ دەبێتە پۆڕی خوراو و سڵی لێ ناکەنەوە و کڵاوەکەی ناسراوە...!

## ٣

(سوارە) قیرسیچمە، دایکت و باوکت ناسی... ماین و کەرەشێن و کارژۆلە و بەرخەکان، دوای ئەوان هاوڕێ و دراوسێ و خزمەکان...

بە خۆتا هاتیت، گۆڕەپانەکە ڕۆژ دوای ڕۆژ لەبەر چاوت فراوان و فراوانتر دەبوو، چاوت کرایەوە، دەوروبەرت ناسی، ئالوودەی کار و بەرخەکان بوویت دەتپەرستن، هەر یەکەیان ناوێکت لێنابوو، ڕۆژانە دەتبردنە ئەوبەر ئاواییەوە و دەتلەوەڕانن، لەگەڵ هاوڕێکانتا یاریی: کێلەبەردینە و هەدار هەدار و سێبازتان دەکرد، هەتا بڵێی زیتەڵە و گوێڕایەڵ بوویت، لە سێبازدا کەمتر دادەبوویت و بەگوێرەی خۆت زوو سەرت لە ئیش دەردەچوو و باوکت مەشقی لەسەر ئەلف و بێ و پیتەکانی تر پێ دەکردیت و لێشی دەپرسیتەوە و پرسیاری لێ دەکردیت، لە ماڵ و لای بەرخەکان پیا دەچوویتەوە، تۆ و باوکت لە هەر شوێنێ بوونایە خوێندنیش لەوێ بوو، خەڵکی گوندەکە دەیانوت: (سوارە)ی مەلا، ئیشیش دەکات و دەشخوێنێ و لە منداڵەکانی ئێمەش زیرەکترە، وا خەریکە – جزمی عەمە و تەبارەک– تەواودەکات. لە ئیشکردنیشدا هەنگاوی باشت دەنا و عەقڵت بەزۆر شت دەشکا، هەرچەندە کاتی ئەوەت نەبوو، دەستت دەسەدووی گرت و کەوتیتە وەرتە و بەرە و هۆهۆی جووت، باوکیشت یارمەتیی دەدایت و دەستی پێتەوە بوو و تۆوەکەشی دەدا و ماندوویی دەحەسانیتەوە، وانەشی لە هێڵی جووتدا پێ دەوتیت، بەرە بەرە

سەر و ساختیت لەگەڵ جووتیاریدا پەیداکرد و بەئاسانی مژان و نیلە و هەوجارِ و هەپە و بەرکۆڵە و بەڕوولەت لێک دەدان و لێکیشت دادەژەنن، ئەوەی سڵت لێ دەکردەوە نۆبەنە بەر نیلەکان بوون، چونکە بێ بەرگایی هێڵی جووتیان نەدەگرت.

هەتا بوو لە ئیشەکاندا باشتر قاڵ دەبوویت، تەنانەت باراشیشت دەهاڕی. شەوانە لە ئاسیاو دەمایتەوە و کولێرە ئاشیت لەگەڵ باراشهاڕەکاندا دەکرد، بارەکەت بەیارمەتیی ئەوان دەخستە سەر دۆڵیانەی ئاسیاوەکە و لێت دەکرد. ئاش وەستاش ناوبەنا و ئاشەکەی بیراز دەکرد، بەکەپوولە مزە ئاشت لە باراشەکە دەردەکرد و دەتدا بەئاشەوانەکە و بارەکەیان لەگەڵ بار دەکردی و ملی ڕێگات دەگرت...

دوای قورئان، باوکت کتێبی (ئەحمەدی و ئاوی حەیات و ئیقبالنامە و گوڵستانی) یەک لە دوای یەک پێ وتیت...

٤

(سوارە سەلکە سەگ)، ڕۆژ و مانگ و ساڵ برووسکەیی تێدەپەڕن و ناگەڕێنەوە، تۆش زیاتر و زیاتر قاڵ بووبوویت و بەخۆتدا هاتیت و لە تەرەقیدا بوویت، وەک گیسکە نێر دەستمیزی خۆتت دەدا و بۆنی وڕەتەگەت لێ دەهات و لاوێکی کچانی و چاوباشقاڵ و چاوقایم... کۆت لە هیچ نەدەکرد و چێویان بنایە بەسکتەوە گەڕانەوەت نەبوو.

بۆ یەکەمجار لەگەڵ (خەرامان) دڵتان گۆڕییەوە و یەکترتان ئەڤین پەرژێن دەکرد، دەبێ ئەو ڕۆژەی بن- بەردە خەرمان- ت لەبیر بچێتەوە، کە لاولاوی تێکئالان...؟!

(خەرامان) لە باوەشتا وەک بینی ئاو دەلەرزی و ئەتوت ئاسکە کێوبی- بانی مەقان- ە، ڕوومەتەکانی گریان لێ دەبووەوە، ئارەقێکی سارد



کوڵمەکانی تەڕکرد، هەر سەیری ئەملا و ئەولای خۆی دەکرد و دەیوت:

- بزانن پەلپەلم دەکەن، خۆزگەم بەخۆت باکی هیچت نییە، بۆ کوێ بتەوێت دەچیت، قوڕبەسەرییەکە بۆ ئێمەی کچ گیراوەتەوە.

- (سوارە) خۆشترین ڕۆژت لەگەڵ _خەرامان- دا ئەو ڕۆژەبوو لەسەر تاشەبەردەکان کە پێیان دەوت: خوێڕێزە- خوێدانەکەت دانا و خوێت بەتاشە بەردەکانەوە کرد، مەڕ و بزنەکان کەوتنە لستنەوەیان، ئەوەندەت زانی (خەرامان) لە پشتەوە بەهەردوو دەست چاوی گرتیت. تۆش وتت: ئەو دەستە نەرم و نۆڵە و ئەو هەناسە گەرمە - خەرامان- ە پێت وت:

- دیاریی خودایت و لە ئاسمانەوە هاتوویت، خەیاڵیش ئەم هاتنە کوتوپڕە وا زوو گورزە هۆن ناکات و خەرمانەکەی سووتاوە، لە بن گڕناڵەبەردێکدا دانیشتن، مەگەر شاعیرێکی داهێنەر وەسفی ئەو ساتە مێژووییە شکۆمەندە بکات.

ساتێک بوو زامەکانی تیمار دەکرد، گفتوگۆکان بەردی نەقاڕی بوون و وەستای کارامە دایانبوون.

(خەرامان) بەهەنسکەوە پێی وتیت:

- (سوارە) _جەوهەر- ی کوڕی میر لێم پڕە و ئاخ و داخێتی لە دەستم و لای ئەو خوم شێواوە و پێی وتم: دەزانم لەگەڵ کێ تێکتخستووە، خۆت دەبینیتەوە، هەردووکتان ڕەقەناڵ دەکەم و مەقاوتان دەژەنم.

تۆش وتت:

- چەندەهای وەک تۆی داماو کردووە، ماچێکیشمان پێ ڕەوا نابینێ...؟! ئەگەر بلێی لایان شورەییە کچی مسکێن ببینن، خەنجەر لە کا دەدەن.

- (سوارە) خۆزگە _مەنیج- ی خوشکت دەدایە باوکم، منیش لە ژێر درەختی ئەڤیندا دەحەسامەوە.

– نەریتی کەمێلاوی لێمان بووە بەمووی لووت و ڕیشەی گولی و لەگەڵمان دەچنە گۆڕیشەوە، بەڕیشی کێ ڕەوایە مەنیج- ی پانزە ساڵ ببێتە هاوسەری حەفتا ساڵێک.؟! بەڕاستی دڕک و داڵە و تەمەنی گوڵەکان کەم دەکاتەوە.

– لەو گوڵە تەمەن کورتانەم، بڵێ قرخە کۆن ژنت بۆ چییە...؟!

٥

– (سوارە) نووزە درێژ، ئەوە چیای (ماین کوژراو)ە، ئەو شەوەت بەبیر دێ لەگەڵ ـــرەزا- شواندا ڕانەکەتان بەرەو ئەم چیایە ڕادا...؟! (شێرە و شەپاڵ) دوو گەماڵی دڕی چەشە بوون و دانگە و کەوانەی ڕانەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو ـــرەزا شوان- پێی دەوتن:

– لە تەمەنی شوانیمدا گەماڵی وەک ئێوەم نەدیوە و بەخۆڕایی ناوم نەناون گورگ خنکێن... ئەوە باسی بەئەمەکیتان هەرناکرێ، مەنجەڵێک ڕۆنی زەنک لەبەر دەستتاندا دانرێ دەمی بۆ نابەن و ناهێڵن مێش قەرەی کەوێ...

کە ڕانەکە مڕ بوو، کەوتە کاوێژ و خەو بینین لەسەر تاشە بەردێک هەڵاژایت و چاوت گوانی کرد و خەوتیت و پرخەت دەهات. (رەزا)ش شوانێکی بەئەزموون و کارامە بوو، دەیزانی ڕان بۆ کوێ دەبات، کاتێکتان زانی ڕانەکە بەسەرتاندا ڕەوییەوە، (رەزا) شوان دەستی دایە تفەنگە قۆناغ خڕەکەی و هاواری کرد و وتی:

(شێرە و شەپاڵ) ئەوە گورگە بتانبینم...

ئەوەی وت و تەقەیەکی ئاراستەی جێگای سەگ وەڕەکە کرد و وتی:

– (سوارە) دیارە گەلە گورگن، لەبەر ئەوەی گەماڵەکان دەقوروسکێنن، دوای وەڕەی گەماڵەکان کەوت سەیری کرد دوو مەڕ بەلارەلارە هاتن و وەک



شۆڕەبی دەلەرزین و هەر لایان دەکردەوە.

چەرخەکەی لێدا، سەیری کردن قوڕگیان کۆڵەوارە، هەندێ پشقلی تەڕی بۆ شێلان و لێیدان.

گەماڵەکانیش کەوتنە کلکە لەقێ ـــرەزا- پێی وتن:

– بەخولامتان بم، جار نییە جێ دەستتان دیارنەبێ...

ئەوەی وت و نانەبەرەکەی لە پشتی کردەوە و سێ نانی خستە بەردەمیان و وتی: نۆشی گیانتان بێ، سەد پیاوی بێ بڕشت بەقوربانتان بێ، کوڕی ڕۆژی تەنگانەن.

٦

– (سوارە) گورگ بەهەموو جۆرەکانییەوە هەر گورگە و تۆقێنەرە (رەحمان)ی باپیرت پیاوێکی دنیا دیدەبوو، عەقڵی لە پێشبڕکێدا بوو، وەک ئەم مێشک سڕانە نەبوو، گای بەگون نەئەناسی، ژیرییەکەی ئەوەبوو باوکتی ناردە بەرخوێندن و ئەو زانایەی لێ پەیدابوو، هەموو جارێ باسی گەلە گورگانی چیای (ماین کوژراو)ی دەکرد و دەیوت:

– ئەم چیایە لەگەڵ گەلە گورگدا مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، گورگ هەر ئەو گورگە نییە کە ئاژەڵ دەخوات، بەڵکو لەم دەڤەرەدا گورگ گەلێک هەبوون، بەدەستی ئێمە ماریان دەگرت، پاوەن و دارستانەکانیان کلک و گوێ و قۆرخ کرد...

لە سەردەمێکدا ئەم گوندە خۆڵ و دۆی بەسەردا کرابوو، بەدەستی ئەوان گوڕستانەکانیشیان کێلا... وایان دەزانی وەک گای سوور لە پێستێکاین و هەمیشە مێش دەقەپێنین، ئەوانیش تەمەنی دارەکەی (قەرەداغ)یان دەبێ...؟! ئەوانە زوو ماری سکی خۆیان دەیانخوات، نە زەوی قووتیان ئەدا و نە ئاسمان هەڵیاندەکێشێ و کاڵەک بەئەژنۆ دەشکێنن و هەر

یەکەیان لای خۆیان دەیانوت:

– دەستمان لە بنی هەمانەکەوە دەرچووە...

– چۆن هاتین واش گەڕاینەوە...

– خومان لێ شێواوە...

– بۆ ڕیش چووین، سمێڵیشمان نایە بانی...

– بەرد لە جێی خۆی سەنگینە...

– چاڵە قووتەکە قووتی دان...

– ژێری ئینجا هێز...

٧

– (سوارە) دەزانی بۆچی ناویان ناوە (ماین کوژراو)...؟ دەڵێن چوار پشت لەمەوپێش دوژمن لەم چیایەوە پەلاماری گوندەکەمانی داوە و گرتوویانە، لەبەر ئەوەی پاوەن و دارستان و کانیاو و پیتی ئەم گوندە موقرایی داهێنابوون، (ئینجەی برز و بازەڵ) خۆی و ماینەکەی لەم شەڕەدا کوژران، پێش ئەوەی گیانی دەرچێت وەسێتی کرد، خۆی و ماینەکەی لەو شوێنەدا بنێژرێن. ئەوە سەیرە، ئەوەی بێرەدا دەڕوات فاتیحای بۆ نانێرن، لەبەر ئەوەی لەگەڵ ماینەکەیدا بەیەکەوە نێژراون، بەڵام بۆ ئەسحابە چەرموو– بە سەرمەوقولات.

٨

– (سوارە) ئەم گوندە زۆرجار بووە بەمەکۆی گەلەگورگ و بەر کەڵبەی کەوتووە، گوندەکەش پەنای بردووەتە بەر ئەفسانەی لەرزۆک و هیچ لە بارا نەبوو. دەڵێن جارێکی تریش دوژمن ئەم گوندەی گرت و بەرەو مەزاری



(شێخ ڕەواق) جما، بۆ ئەوەی بیرووخێنێ و بیکەنە سەنگەر، مامە (هۆمەر)، لە بن گابەردێکدا سەیری دەکرد وتی:

– هەر ئێستا دەمیان ڕەق دەکات، بۆ ئەویش خانووە شڕەکانی ئێمەیە...؟!

کەوتنە پاچ و بێڵ وەشاندن...

– خۆیان دەبیننەوە، نانی شوانیان خواردووە، لایەکی کەڵەکەکەیان ڕووخان...

– ئا ئێستا دەستیان بەپاچ و بێڵەکانەوە دەنووسێن و لێکیان ناکەنەوە...

تەخت و تاراجیان تێکدا... (هۆمەر) سووربووەوە و دەستی بۆ مەزارەکە ڕاکێشا و وتی:

– کەی ئەوەندە کوونی و بێ دەسەڵات بوویت...؟!

جاران هەژارێک بەلەشی پیسەوە بەلاتدا بڕۆشتایە، وەک حەفیان بەملییەوە دەئالایت...

بۆ کەم سکی ژنت پڕکرد...؟! مانگای عەبرەش نەما گوانی پڕ لە شیر نەکەیت... جاران ئاوت ڕادەوەستان، دز و درۆزنیش قەرەت نە دەکەوتن، ئەسحابە چەرموویەک بوویت بۆخۆت، کە وا بێ ئێمە گیامان بەکێوەوە خواردبوو، لەبەر ئەوەی دوای کەللەکادانی وەک تۆ کەوتبووین، عەقڵی ئێستام ئەوسا بووایە، دوو پێلەقەم بەدەم و سەقەلتا دەکێشا، ئەوجا دوو تفیشم لە ناوچەوانی خۆم دەکرد.

دەمێکە کڵاوی ئێمەیان ناسیوە و توولە مارمان پێ بەخێودەکەن...

دەمێک بوو باوکت لە دەست میرەکانی گوندی (میر کاردۆ) داد و بێ دادیی بوو، دار و بەردەکانی ئەوێشی لا زرا بوو، داخیان لە دڵیدا سەوز بوو، لەبەر ئەوەی تیری بێ نیشانیان دەوەشان و گەڕی بارە ترێیان دەکرد و سوخرە و بەر بەنیوەیی و ئەتککردن و دەستدرێژییان لە ئەندازە بەدەر... ترۆتۆزبان بەتۆپیش نەدەشکا، لەگەڵیان لە مەنجەڵێکدا نەدەکوڵان.

گوندی (شێخ مالیک) ئامێزی بۆ گرتەوە، گوندێکی سروشت ڕازاوە و بەپیت و خاوەن پاوەنی زۆر بوو، پشتی چیا و دارستان و بەردەمیشی دەشت، بەداستانی نەمری چواردەوری تەیمان کرابوو، یەکێک بوو لە گوندە جادووییەکانی ئەو دەڤەرە، - شێخ مالیک- یش مرۆڤێکی بەسام و ویقار و هێمن و داوێن پاک و بەتەماح، ناو و شۆرەتێکی بەربڵاوی لە دنیا و وڵاتەکەیدا هەبوو، لاپەڕەکانی مێژووش شانازییان پێوە دەکرد، ڕێزێکی زۆری لە باوکت دەگرت،

باوکیشت لە دەربڕینی ڕاستییەکاندا لا لا مووی دەکرد و بەموو لای نەدەدا، لەسەرت بدایە قسەی خۆی نەدەدۆڕان و خاوەنی قسەی خۆی بوو، هەر لەبەر ئەوە بوو میرەکانی بەجێهێشت و فتوای لنگەوقووچی بۆ نەدەدان و بینایی لە ئاستی کاری پێچەوانەی ڕێوبییانە لێڵ بوو، ئەو ڕاستگۆییە گیروگرفتی زۆری بۆ بەرچێن کردبوو، ئەوەش ڕێگای بۆ خۆش کردن بۆ ئەوەی تەڵەی بۆ بنێنەوە و فتوای قنگە و ڕکی پێ بدەن و پاشەڕۆژی چاڵە مشتە کەن، بەڵام ئەو ناوبانگەی بەوان گڵەبان نەدەکرا و خاوەنی دروشمی (نانی مێرد لە مێردان قەرزە) بوو، هێز نەبوو لەقی بکات.





ڕۆژێ باوکت لە مەجلیسی پیاوەکانی (شێخ مالیک)دا دانیشت و خۆی کردە شووڵبڕ و گوێقوڵاخ بوو، وایان دەزانی مامۆستا بیر لە کاروباری خۆی دەکاتەوە و دڵی لای ئەو نامەیەیە کە خەریکی نووسینێتی، کلکیان هەڵبڕی:

- عەلی گرێزەیی: زەلام سەربڕین ئەوەی خۆشە سەرەکەی هەڵبەزودابەز دەکات و دەڵێی مریشکە.
- (سەمەد): دوو ژنی خۆم لە لەوەڕ خستووە.
- (عەول داداش): ئەمساڵ سێ ڕان بزنە مەرەزم لە ئێرانەوە هێناوە.
- (ڕەشە چەپەر) لە پیاوکوشتن خۆشتر هەیە...؟!
- (عەبە لووت کەڵە شاخ): (مچە) عەمارەکەی شێخی تالان کرد.
- (شەفە دەمەهەڵبڕ): ئەمڕۆش دەستم بەکچەکەی عەزە هەرزن گەرم کردەوە.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و لای خۆیەوە وتی: (سەد ڕەحمەت لە کفن دز، دەبێ جیاوازیی ئەمانە لەگەڵ میرەکاندا چی بێ...؟! ئەوانیش بەم شێوەیە نەگەفیون...! دەترسم لەو دنیاش ئەمە حاڵم بێ... مارانگاز تارمایی ماری لەبەرچاو نابڕێ، لە خەویشدا لای ئەو زمانە مەڵاسکێیەتی... بۆ کوێ بچم...؟! وا بزانم ئەوەی من وێڵم لە بان زەردێکە و دەستم پێی ناگات.! ئەوەش هەر نابێ... هەرچۆنێ بێ ئەمانە لای _شێخ- دەدرکێنم، بێدەنگی لەمانە تاوان و تانەی سەرچاون، بەخێوکردنیشیان هەرتاوانە).

## ١١

– ئەم دەموچاوانە و دەرگای تۆ...؟! کێت پێدەڵێن...؟! خێر و بێریان چییە...؟! لە دەرگای قەرەنی ئاغا بترِن نان و دۆی دەبرِن و لە ژێر لێفەی باوکیاندا نەترِیون، ئەمانە میزە گا و داری ـپەڵکن– چەمی تاوانیان هاتووە و لە کۆمانجەدایە، مرۆڤ بۆ گاڵتە و گەپ سەردەبرِن، لەسەر کەرێک زەلامێک دەکوژن، ئەتککردنیان بەشیرەوە خواردووە، بەتەمای ئەمانیت لە تەگانەدا فریات بکەون...؟! نا قوربان لەبەر جەنابت نەهاتوون، ئەمانە فریات کەون کەشکت فەریکە، نانخۆری سفرەدرِ و پیاوەتی...؟!

– خۆشم ئاگام لێیانە... ئێرە پەناگەیانە...

– بۆچی دەموچاوەکان ناگۆرِیت...؟! بۆچی پیاوچاک لەم دەڤەرەدا قاتە...؟!

– قەپانی سیاسەت ئەو قسانە ناخوێنێتەوە، کەر لە کوێ کەوتووە و کوننە لە کوێ درِاوە.

– با ئەمانەش لەولاوە بوەستن، ئەی بۆچی سەرکار لە گوندەکانی ترەوە دەهێنی...؟! کە دەشیهێنی، بۆچی دڵرِەقەکان هەڵدەبژێریت...؟! بۆ ئەم دەڤەرە پیاوی تیا نییە...؟!

– لەوەش لنگەوقووچ تێگەیشتوویت، بەخۆرِایی خەمڵ دەرگایان پێناگرێ، ئەوانە کل لە چاو دەفرِێنن و لە هوویەک موویەک دەکەنەوە.

لە خەرمانێک دوو شۆلەکەم بۆ دێنن، تۆش مەلایەتیی خۆت بکە و مەیکە بەمەسەلەی سیاسەتەکە و هەر یەکەمان لە جیهانێکدا تەراتێن دەکەین...

– ئاخری خێربێت...



## ١٢

– (سوارە) گورگەزا– رِۆژ دوای رِۆژ باوکت چاوی بەنانی مەلایەتیدا هەڵنەدەهات و بەلایەوە نانی رِیسواییە و بەسواڵ گڵەبان کراوە...

ساڵێک باران نەبارێ مەلای گوند دەبێتە پەندی پسات و دەستی لەبنی هەمانەکەوە دەردەچێت، ئەوە باشە باوکت هەر لە سەرەتاوە چارەی نەدەویست و لای گلاّ و بوو دەیوت:

– نانی گورگییە... ژەمێک تێریت دە ژەم برسی، چاوت لە دەستی خەڵکەوەیە کە میزیان کەفی کرد دەسەنەکەت دەدەنێ... لەبەر ئەوە جووتی لە گەرِان و هەنگی لە هەنگەڵاندا و مەرِی لە پەچەدابوو، لەو رِۆژەوە گوێی لەو قسە لەوجرِانە و قسە رِەقەکانی (شێخ) بووە، سەد ئەوەندەی تر لەبەر چاوی رِەش بووە، سەد ئەوەندەش لە زەوی و پەچەرِان و هەنگەڵان و سەرچاوەکانی تر نزیک بووەتەوە و عاسەلا و وەرتە و بەرە، قیبلەگایەتی... هەزار ئەوەندەش لە سەرفیترە و زەکات و سەرقەڵەمانە دوور دەکەوێتەوە.

(سوارە) ئەگەر بلێیی دایکیشت ژنێکی دەستەوسان نەبوو رِەنجی فەرهادی داوە، ئاو بوەستایە ئەو نەدەوەستا لە هەنگەڵان و هەنگبرِیندا دەستی بالاّی هەبوو، هەر زوو پاشەوانەی لە قورِ دروستدەکرد و پوورە هەنگەکانی تێ دەتەکان، لە کاتی خۆیدا تەپاڵەی لە بەردەم شارەکانیاندا دەسووتان و قانگی دەدان و مرِوو و شەنگە سوورە، کە دوژمنی سەرەکیی هەنگ بوون، دوور دەخستەوە و زۆریشیان دەتۆپین.

## ١٣

(سوارە) ـشێخ مالیک– ناز و گاز و گوڵ و درِکیشی هەبوو، زۆربەی ئەوانەی دەوروبەری گەنە خۆر و هیچ لەبارا نەبوو بوون، بەڵام خۆی ئازا و

نیشتمان پەروەر... لە زانستی (قیافەت)دا دەستی باڵای هەبوو، کە لاپەڕەکانی خەڵکی هەڵدەدایەوە، زوو دەگەیشتە ئەنجام و نهێنییەکان زوو دەکەوتنە ئاخافتن...

ساڵێک کابرایەکی شڕۆڵەی کورتەک لەبەری توولە دەمی لووت قەڵەنگی و ڕەنگ سیسارکە کەچەڵی چاومۆن، هاتە گوندەکەی شێخ... ناوچەوانە لۆچاوییەکەی بەنیشانەکانی پرسیار و سەرسوڕمان تەیمان کرابوو، نیشانەکانیش لە یەکتر کەوتبوونە گومانەوە، خەڵکی گوندەکە لە دەوری کۆبوونەوە و لەبارەیەوە کەوتنە قسە.

– گەڕیدەیە...

– سواڵکەرە... هەژارە...

– کێ دەڵێت پیاو خراپ نییە...؟!

بردیان بۆلای (شێخ مالیک) و نهێنییەکانی دەموچاوی خوێندەوە.

– بیپشکنن...

– تۆمارێکیان لە گیرفانیا دەرهێنا، چاوی لە تۆمارەکە بڕی (بینایی چاوان چۆتە خەوی وەلی و خواناسەکانی خاکی (حیجاز) و پێی وتوون: (١٣) سیانزە ساڵی تر کۆتایی دونیایە و زیندەوەر قڕانە، فریای خۆیان کەون و زخیرە و تێشوو بۆ ئەو دنیا پڕ لە مشک و مار و دڕندەیە بخەن)...

(شێخ) چاوی هەڵبڕی و ڕووی کردە خەڵکەکە:

– وا بزانم ئانیشکە دڕاوەکەی بەزەیی جووڵانن...؟!

جلوبەرگ هەژارە، گورگ و فریشتەش دەیپۆشن...

ملهوڕەکان گەرەکیانە هەر لە سکی دایکماندا گۆڕ بۆ خۆمان هەڵکەنین و هەمیشە بیر لە ئازار و ئەشکەنجەی گۆڕ بکەینەوە و سنوورەکانیشمان بەکلک و گوێی بڕاوەوە بناڵێنن، بۆ چیمان وەک خۆی ماوە...؟! دوا بستی



ئەم خاکە گۆڕستان نییە...؟! دڵ و هەناومان سووتەمەرۆ و تاڵکێش نین...؟! منداڵ و نێرگز سەرنەبڕاون...؟! خۆیان گوریس لە چاویاندایە، بەئێمە دەڵێن موو لە چاوتاندایە...؟! ئەو چیا و دارستان و کچەکانیشمان لای ئەوان گۆشتی سەر چەپەرن...؟! ئەم شڕۆڵە خەرگۆلکەی بەردەمتان کە بەزەییتان پیا دێتەوە و بەفریشتەی سەرزەویی دەزانن، وشەی سیخوڕ بەئەسکەنە لە ناوچەوانی هەڵکەنراوە، جا دەبێ مرۆڤ سیخوڕیی بەسەر خاکی خۆیەوە بکات...؟!

بە شێوەیەک دڵی ئەم خاکەیان لەت کردووە برا ناوێرێ بچێتە پرسەی برا...

خاڵ و میلیان بەخەڵووز ڕشت و سەریان لە قوڕ گرت و ماڵ بەماڵ گێڕایان و هەر کەسە لای خۆیەوە تفێکی لێدەکرد...

## ١٤

(سوارە) گێژ و حۆڵ: هەتا بوو پیاوەکانی (شێخ) زیاتر ئاوی بێ لغاویان دەخواردەوە، زیانەخرۆ بوون هیچ کاری تێ نەدەکردن، دەتوت کەشکی ئاوەسوون و چاویان سووربووە، پووشیان لە کا دەبژارد، ئەوەبوو (سەمەد مەحمود) نانی هاریی بەدەمەوە گرت و ویژدانی بەکۆڵەوە بوو، لە ناوچەوانی خوێن و تۆفان دەباری...

دوای ئەوەی گەدەی وەک هەمبانە پڕبوو، سێبەری ناکەس بەچەیی بەسەرە سەختەکەیا کشا و هات وەک قەلەڕەشی شووم بەسەر پەپوولەیەکەوە نیشتەوە و لە خوێنی خۆیا گەوزانی، بەبێ ئەوەی ڕقی لەو پەپوولەیە بێ و هەقی بەسەریەوە بێ، بەڵکو گەرەکی بوو لە دەرگای (شێخ مالیک)دا زەلامێک بکوژێ و باری سەرشانی بەوە سووک دەبوو، ئەو زەلامە هەرکەس بێ...

## ١٥

(سواره) ئەو ڕووداوە دەگمەنە دڵتەزێنە ڕووناکیی لە دڵی باوکتدا خانبڕکرد، ئەوەندەی تر دنیای لا ڕەش کرد، هەرگیز بیری لەو ڕۆژگارە خوێناوییە نەکردبووەوە، چەند بەتەمابوو لەو چرکە ساتەدا بمرێ، ئەوەندەش ئەو ڕۆژە سوورە، چاوی پەڕییە پشتی سەری و وتی:

– هەتیوچە بەدەنکە جۆیەک دەزەڕێ، ئەو ڕۆژەی لە بیر چووەوە کە هاتە ئەم گوندە، خۆێڕییەکی ڕیوەڵەی لاواز، بێ وەچ... سەگ چاوی لێ دادەگرت، خۆیشی نەیدەزانی چۆن هەڵگڕا...؟! و لە پڕێ بووە ملهوڕێ...؟!

بە عەقڵی کێدا دەهات گوللەی (سەمەد)ی گەواد دڵی پەپوولەیەکی وەک _زێوەمەر– ی بسمێ پەلکەزێڕینە کفن و دفن کات...؟!

دەڤەرێک پڕکات لە تارمایی مردن...؟! جڵەوی بۆ شل کرا... هاوارم کرد: (بۆچی دەموچاوەکان ناگۆڕیت...؟! بۆ پیاو لەم دەڤەرەدا قاتە...؟!) (قەپانی سیاسەت ئەو قسانە ناخوێنێتەوە، مەلایەتیی خۆت بکە...).

## ١٦

(سەمەدی قوڵتەشە) بووە گورگی چوار چاوی هار و خوێن گرتبووی لەسەر چیا و زەردەکان و دارستانەکاندا دەیلووران، قولی زۆر کەسی بەدەما برد، دوو سێ جلخواری دوای خۆی خستبوو...

لە کڵاوی بابردوو دەگەڕان، دار و دەوەنەکانیش ڕقیان لێیان بوو، پێیان دەوتن:

– ئێوە و ئێرە...؟! کەر و کاوێژ...؟! ئێوە ماری دێمین... سیپەلکی گوڵەکان ڕادەدەن، بەڵێ ئێرە و پەنجەی خوێناوییان نەوتووە...



## ١٧

دەنگێک گوندەکەی هەژان و گوێقوڵاخی کردن، بەڵام دەنگەکە بێ ڕێژەو و لەرزۆکە.

– دەڵێن بەچیای ترشەکەوە چەند زەلامێک دیارن کێ دەڵێ (سەمەد و کلکەکانی نین...؟!)

دەنگەکە بڵاوبووەوە گەیشتە (شێخ مالیک) و کەوتنە مقۆمقۆ سێپایەکیان هێنا سێ تەشتی گەورەیان پڕ لە ئاو کرد و لە ژێر سێپاکەدا دایان نان و سێ منداڵیان بانگ کرد یەکێکیان تۆ بوویت.

یەکەمیان سەرخست و پێیان وت:

– سەیری ئەو تەشتە ئاوانە بکە و بزانە زەلام بەچیای ترشەکەوە دیارە...؟!

خۆی و چیا و دارستانەکانی لە تەشتە ئاوەکەدا بینی و وتی:

– چەند تارماییەک لە بن گڕناڵە بەردەکەی شانی ڕاستی چیاکەدا دەبینم وەک لە جموجووڵدا بن وایە.

دووەمیان سەرخست و چاوی بڕییە تەشتە ئاوەکان و وتی:

– لەبەر دەم ئەشکەوتەکەدا کۆمەڵێک دەبینم.

(سواره) ئینجا تۆیان بانگ کرد و چاوت ئەو دەوروبەرەی کێڵا و وتت:

– جگە لە بەرد و دەوەن و شێخەڵەکان هیچ نابینم.

پیاوێکی بەساڵاچووی لێ بوو ناوی (مام فەرەج) بوو، لە چلەی هاوینیشدا دوو جامانەی دەکردە لەچکی دەتوت هەنگ دەبڕێ وتی:

– بە کەلامی خوا (سواره) ڕاست دەکات.

(سواره) سەردەمێکی چاومۆن و گوماناوی و شێتە، تەرازووی شتەکان

لاسەنگە، ڕاستییەکان کاوێژ دەکەن، دەبێ جیاوازی لە نێوان (سەمەد) و گورگدا چی بێ...؟! ئەو جۆرە پیاوە هەر ئەوەیان لێ دەوەشێتەوە و دەرەنجامی گا هەر دۆڵە و پاش ڕەشیش ڕەنگی تر نییە.

## ١٨

سوارە کەللەپووت: شێخ چەند تەڵەیەکی بۆ (سەمەد) نایەوە، یەکێک لەوانە هێنانی (مەلا فەتووح)ی شوێنپێ هەڵگربوو، زەلامێکی ناقۆڵای داڵگۆشتی دەم هەڵقڵێشاو بوو، پێیان دەوت: مەلا سەرەقەنە، بەڵام هاروهاج وەک مار دەکشا و زەویی بەرگەی نەدەگرت، کە قسەی دەکرد دەتوت بەڕوو لە دەمیا تەقیوە، لە خشەی مار و مێروو گوێ بەزەنگ بوو، گورگی باراندیدە بوو.

بە نەخشەیەکی ورد و ژیرانە بەسەر بەردەڵان و تاشەبەرد و لە ناو دارستان و بزنە ڕێ و خەلە و خەرمان و دڕک و داڵ و باخ و باخاتدا ڕێی دەردەکرد، جار جار ئێستێکی بۆ دەکرد و دەیزانی لە کوێدا پشوویان گرتووە و نووستوون، یاخود لە کوێدا دەستیان بەئاو گەیاندووە و گیسک و مریشکیان سەربڕیوە، بۆ نموونە جارێک ڕێگای هەڵگرتن بەچەکدارەکانی وت:

- کوڕینە لەم گوندەدان...

ئەوانیش دایان بەسەر گوندەکەدا و شەڕ گەرم بوو، ئەو ماڵەیان سووتان کەتیابوون، دوو چەکدار لە هەر دوو لا کوژرا، (سەمەد مەحمود- وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، ئەوەی زیانبەخش بوو ماڵ و منداڵی بێ دەرەتان مایەوە، خاوەنی خانووەکە بوو، گوناهی ئەوە بوو داڵدەی _سەمەد- و تاقمەکەی دا، وتی: بۆ میوان دەردەکرێ...؟!)

میوانیش دەرکرێ من بەکۆمەڵێک تفەنگچی و چەتە دەوێرم...؟! خۆ



نەمناردووە بەشوێنتاندا...؟! ئەی ماڵەکەمتان بۆچی سووتان...؟! من دەست نانێم بەڕووی کەسەوە هەر دوو لاتان ئاسنی سارد دەکوتن...!!

## ١٩

(سوارە) ئەمانە بەرچاوی باوکتیان تاریک کرد و دنیایان بەسەردا ڕووخان و سرکەی دەفرۆشت، لا لا مووی دەکرد و لای خۆیەوە وتی: (زوو چووم بەپیری ئەم دەردە کوشندەیەوە: (بۆچی ئەم دەموچاوانە ناگۆڕیت...؟)

ئێستا ڕاستییەک ویژدانی ڕنەک کردووە، بەڵام دوای باران کەپەنەک... بە چی چوو...؟! هەتا بێ خراپتر دەبێ هیوا و خواستم بوونەتە پەڕ و بای ناوەخت، ئەم دەڤەرە سکی بەلافاوی خوێن پڕە، هەتا بێترووسکاییەکان دەچنە ناو دۆڵیانەی ئاسیاوەوە، ئیتر لە وڵاتی ئاشووب چی بکەم، دڕک چاوی گوڵ دەردێنێ... بوون و نەبوونم یەکسانە و سوارێک بەتەنها تۆز ناکات، پشت بە کێ ببەستم، مرۆڤەکان و کۆتر و درەختەکان وەک یەک کۆیلەن ڕۆژی داڵە کەرخۆرەکانە، بەری ڕەنجی شانیان ئەوان دەیخۆن و ئارەقی ناوچەوانیان بەفیڕۆ چووە و بۆ خۆیان نییە و ماری ڕەش یەقیان بۆ دەکاتەوە و دروشمی هەمیشەییان (کەی تێر دەخۆن، کەی ڕاستی خەرمانمان شەنوکەو دەکات؟!) ئاخ (ڕاستی) بەخودا (ڕاست)یش لەوان بێکەس و کۆیلە و دەستەوسانترە لە حەوت ئاسماندا ئەستێرەیەکی نییە، ئەوەی منی لە پیخوێی قوڕ و لیتەدا نوقم کرد و تەونی ژیانمی تاڵکێش کرد و لە سێبەری داری ژەقنەبووتدا داینیشانم، (مەلایەتییە)...!!

دەمێکە لەگەڵ ئەمەدا کێلاومە و دڕک و داڵ و مینی ڕێگامە و من ئەڵێم سیر و ئەو ئەڵێت پیاز... ئەو کاتەی لێک نزیکین زۆر دوورین، ڕۆژگار چارەی لە یەک نووسیوین، بەڵام لەمەولا کێو دەکەوێتە نێوانمانەوە و لە مەنجەڵێکدا ناکوڵێین و لە مەزرایەکا سەوز نابین...).

## ٢٠

(سواره گەمۆڕ) باوکت چووەوە بۆ ئەو گوندەی چاوی تێدا هەڵهێنا، گوندێکی سروشت ڕازاوە، لای ڕاست و چەپی چیا و دارستان، لای خواروویشی چۆم و کانیاو، نەخشەی گوندەکە لە نەخشە و دیمەنی دارستان و چیاکان کەمتر نەبوو، سەرنجی مرۆڤیان بۆ لای خۆی ڕادەکێشا... باڵندەکانیشی بەئاوازی ڕەنگاورەنگ سروشتیان خەو پەرژێن دەکرد و نەریتە ژەنگاوییەکانیان پاکۆ دەدا... گوندێکی هەمیشە سەوز و باراندۆست بوو... جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گوندەکەی (شێخ مالیک) و گوندەکەی باپیرانتا هەبوو، ئەم گوندە داب و نەریت و ڕابردووی تایبەتیی لە ئامێز گرتبوو... یەکێک لەوانە خێڵە و خوار و خێڵە و ژوورە، خێڵ لە وەرزی بەهاردا چاوی خۆی و زەوییەکانی و ئاژەڵی بەم داب و نەریتە دەڕێژێ... ئاو و هەوای نوێ و دیمەنە ڕەنگاوڕەنگەکان و خوڕەی چەم و کانیاوەکان تەمەنی خێڵ درێژ دەکەن و گوڵی بەختەوەریی دەچنن و دەبنە هاوڕێی: سەرتیل و کۆمانج و مێخ و ستوون و چەڵە و چیخ و کەشک و شیرێژ و گوڵ و گوڵزار...

## ٢١

(سواره خەواڵوو)... لەگەڵ باوکت و مامە- هۆمەر- تا بەرەو چەمی (باسەڕە) جمان... بۆ ئەوەی کەرەسەکانی هەواری نوێ ببڕن...

ڕێگاتان دوور بوو باوکت لەسەر پشتی کەر شیعرەکانی (ئەحمەدی)ی لێ دەپرسیتەوە... مامەت- هۆمەر- مرۆڤێکی بەرچاو تەنگی قیرسیچمە و لە ژێرەوە بڕ بوو، هەر چەند کتێبی بەدەستتەوە دەبینی قوشقی دەبوو، چاوی دەپەڕییە پشتی سەری و بەباوکتی وت:



- ئەمەیە دەڵێن: گا بەبارەوەوە مەشکە بەدارەوە و کوڕەکەم فێری خوێندن دەکەم...!! (سواره)ی تۆ دوومۆرە و میز بەناوچەوانی خۆیدا دەکات و دەست بەکێری مردوودا ناهێنێ...

خۆتی لەگەڵ ماندوو مەکە، دیارە گەرەکتە سەرباشقەی گوڵانبی...؟

چەمی (باسەڕە) ش ئاوەدان بوو، وڵاتێک بوو بۆخۆی، ڕووت لە هەر شوێنێ دەکرد جمەی دەهات، خوڕەی ئاو و ئاوازی باڵندە و درەختەکان و دەنگی تەور و تەوراس و مرۆڤەکان چەمەکەیان ئەوەندەی تر ئاوەدان کردبووەوە و خەون و خەیاڵ و سیحری خستە زەهاک و باوکت و مامەت- هۆمەر- تێڵا و مێخ و چەڵە و کۆمانجیان دەبڕی، تۆش ئەوەی بت توانیایە کۆتدەکردنەوە، چاوێکیشت لە کەر و گوریس و نانەبەرە و جلوجۆڕ بوو.

## ٢٢

(سواره نەحلەتی)... خێڵ شوێن هەواری دیاری کرد و ماڵ و کۆچ دایان بەیەکدا، ئازا و چالاک ئەوە بوو شوێن هەواری تەخت و هەواگر و نزیکە پەچەمەڕ بۆ خۆی دیاری بکات، ڕێگای هەواری نوێ ئەتوت ڕێگای شارە مێروولەیە بۆ کەس فریا دەکەوت سەری خۆی بخورێنێ...؟! سەگ و مەڕ و بزن و کارژۆلە و ژن و پیاو و منداڵ ڕێچکەیان بەستبوو.

دەوارتان لای ماڵی- خەلیفەوە هەڵدا کە پێیان دەوت (خەلیفە باڵەخانە)، لەگەڵ دایکت مێخەکانتان بۆ جاری دووەم داکوتایەوە و سەرتیلتان توندکردەوە، بەگوریسێکی بازەڵە دەوارەکەتان دابەست و پارۆێنکتان بەدەورا کێشا، بۆ ئەوەی ئاو نەچێتە ناو دەوارەکەوە، گردی پشت خێڵەکەش بۆ پەچە دانرا، لەبەر ئەوەی گورگ کەمتر بەسەر بەرەو ژوورداماڵیات سەردەخات.

(سواره) باوکت لە خەلیفە باڵەخانە وەڕس بوو، لەبەر ئەوەی ماڵەکەی

(تەکیـە) بوو، لەبەر هاووهووی دەروێش خەوتان لێ نەئەکەوت، پیـاڵە و ژێرپیاڵە و قاپە نەوتیان دەخوارد...

لەگەڵ ئەوەشدا (خەلیفە) لای خێڵ فریشتەی خواوەند بوو، پیاوان دەستیان ماچ دەکرد ژنان شانیان... تەنانەت سابووناوی دەستیشیان دەخواردەوە، ئەیانوت لە غەیبەوە فێری خوێندەواری بووە، نوشتە لەسەر سمتیش دەنووسێ...

هەمیشە گیرفانی پڕ بوو لە مێوژ و بادام و نوقڵ و خورمای قەسپ و گوێز و پێیی دەوتن:

– شێخ دۆعای بەسەرا خوێندوون، هەموو جارێ پێم دەفەرموویێت:

– وەکیلی من بە و دوعا و سلاوم بگەیەنە...

(سوارە سەلکە سەگ) ئەو ڕۆژەت بەبیرە کە (شێخ زاهد) هاتە هەواری نوێ و چووە ماڵی خەلیفە باڵەخانە و دەست و شانی بەرنەئەکەوتن.

خەلیفە پێیی وت:

– قوربان (عەتاوڵە)ی برازام مانگێکە ژنی هێناوە نابێ بەزاوا چەندەها نوشتەمان لەملاولا بۆ هێناوە شەخس و پیر نەماوە هاواری بۆ نەبەین، کەچی ئەڵێی ئاسنی ساردە و نابێ بەپیاو...

فوویەکی بەملاوئەولای خۆیدا کرد و چاوی گێژوویژ بوو سەیرێکی ئاسمانی کرد و فرمێسک زایە چاوەکانی.

– شەخس و پیر هەتا شەخس و پیر، توافەتی هەس... نوشتەش لێزانینی گەرەکە و ئەبێ لە سەرچاوەی سروش و هەقەوە نزیک بێ، ئەوەی وت و دوو فووی تری بەرەو ئاسمان کرد و سەرێکی بادا و چاوی بڕییە زەوییەکە و چاوی بەرزکردەوە و ـخوایە چۆن لە مەمنوونیی تۆ دەرچم...؟!

فرمێسک بەخوڕ لە چاوی هاتە خوارەوە و بەدەم هەنسکەوە وتی:



– دوو سبەی زاوا و بووکم بۆ بنێرن قابیلە لێمان یاخی بێ...!

***

– ژنەکەت ڕێگات لێ ناگرێ و پەلەقاژێ ناکات...؟

– نەخێر...

– خەمبای تێ ناکەوێ...؟

– قوربان هەڵناسێ و دەمی گای لە گێرەدا پێ ببەستە...

– نارشێتەوە بەسەریا...؟

– یەکجار ئەوەش بەسیسی و پەتک و پاڵی...

– بەدڵی خۆت هێناوتە...؟

– بەڵێ...

– لە پێش گواستنەوە بەیەکەوە دانیشتوون...؟

– نەخێر، هەر نەیشم دیبوو...

– لە ژوورەکەی ئەوبەر دانیشە و ژنەکەتم بۆ بنێرە.

لەگەڵ فریشتە غەیبییەکەیاندا دادەنیشم، بزانم چیمان پێدەڵێت، ئەمەیان زۆر دەخایەنێ چاوەڕێ بە.

دەست و شانی ماچ کرد، دانیشت و سەری داخست...

(دەمێکە بەرخی وام بەر هەوێڵ نەکەوتووە، بۆن و بەرامەی مەستی کردووم، نازانم چیی پێ بڵێم...؟! زمانم گۆ ناکات، ئەم بەرخە و ئەو دار دەمووکانە مل ڕەگە بامێیەیان وتووە...؟! گەنەیە و بەلۆزی کارمامزەوە نووساوە...

کارژۆلەیەکی نەبەکامی سارد گۆشە و لەو بڕوایەدام لە ماکەری تەڕەزەنیش نابێتە زاوا...).

دووعایەکی بەسەردا خوێن و سێ فووی لێ کرد و بۆنێکی بەسەر و

سینگییەوە کرد و لمۆزی هەڵبڕی و ئێرەق بوو... دەستی بەقسەی شقڵی و پقڵی کرد: (تۆ نەبێ کێ بەهاوارمانەوە دێ...؟! ئیتر خۆت و هیممەت و ڕێبازە پیرۆزەکەت، ئەوان گەل، کۆسپن لە ڕێماندا و چوونەتە ناو دەرپێی هەژارانەوە، چاوەڕێین...).

(ئەوە قسە لەگەڵ غەیبییەکان دەکات ئەوانەی (عەتاوڵەی مێردمیان)یان بەستووە وەک شێخ دەفەرمووێت چوونەتە ناو دەرپێکەیەوە... ئاخ (عەتاوڵە)...؟!).

دوعایەکی تری بەسەرا خوێند و دوو سێ هاووهووی کرد و دەنگی خۆی گۆڕی و بەهێمنی پێی وت:

– دوای چەند چرکەیەک پیاوێکی سەرتاپا سەوز دێتە لات و وەک من ریشێکی درێژی تۆپی هەیە و دەم بەدوعا و سلاواتە و دەست مەهێنەرە ڕێگای... شارەزایانە شەیتان و جنۆکەکانی ناو لەشت دەردەکات...

بووکەکە وتی:

– ئەی تۆ..؟!

– کە ئەو هاتە لات من لێرە چی دەکەم، بەڵام کە ئەو تەواو بوو من دێمەوە...

بە جلوبەرگ و مێزەر و پشتێنی سەوزەوە هات و بسکەی سمێڵی دەهات و دەم بەدوعا و نزا... سینگی کردەوە بەهەشتی بەرینی بەچاوی خۆی بینی و بۆنی پرتەقاڵەکانی کرد، سەری بەمیوەی بەهەشتەوە هەڵدەکەنرا:

(ئەمە سینگە یان بەردە نوێژ و باخانە...؟! ئەمە ممەکی شیرە و لە ناوچەوانی ئەو هەتیوە چەقەڵ دەمە نووسراوە).

دووخوێنەکەی کردەوە:

– بووکێ خۆت دایکەنە با گوناهبار نەبم...



بە شەرمەوە دەرپێی گوروونیی گوڵ هۆقەی سووری داکەند... فوویەکی بەناو باخ و باخات و شیری ڕەزا کرد، لێی ئێرەق بوو ویرد و دووعاکانی لەبیر چوونەوە و تێچەنی خستە سەر دۆڵیانەی ئاسیاوەکە و هەپەڕێژی کرد و مرخی مران و ئاوی بەسەر ئاگردا کرد...

ئای (درۆقدار)ی شەیتان مەگەر خۆت بزانیت ئەو هەژارەت چۆن چۆڵە پێچێن دابوو... سیحرەکەتم باش پووچەڵ کردەوە.

زاوای بانگ کرد:

– چەندەها گرێ کوێرە لە گرێبەستنی نیکاحت درابوو زێی خێزانەکەت تاتە بەرد بوو، ئەوەی ئەو تاشە بەردەی شکان نیزا و هیممەتی پیاوچاکان و فریشتەکان بوو، ئەوانە نەبوونایە جنۆکە خۆشمی دەخوارد و سەقەتی دەکردم، بەمامت بڵێ:

– شێخ دەڵێت: نۆبەنە بووغەکەمان حەڵاڵ کرد.

– بەسەر چاو...

– با ژنەکەشت دە ڕۆژی تر سەرم لێ دات...

– بەسەرچاو ئەی خۆم لەگەڵی نەیەم...؟

– هەر دووکتان وەرن...

## ٢٣

(سوارە گورگە مێش) باوکت لە دووڕێیانێکی پڕ لە هەڵدێر و پێچاوپێچ و سەختدا چۆڵە پێچێن درابوو نەیان دەهێشت دەستی ئۆخەی لەسەر دڵی دابنێ و پڕ بە سییەکانی هەناسەی سەربەستی هەڵکێشێ... کردەی ئەو و بردەی ڕەشەبا و مایەی بووە مایەی پیاز فرۆش و لە هەموو لایەکەوە ڕووی قەڵغانی تێ کراوە و ئەم دەڵێت سیر و ئەوان دەڵێن پیاز...

له گوندەکەی- شێخ مالیک- خوێنی له ناهەق ڕژاو و بێگار و سوخره و دزی و فزی و چاوچنۆکی و گەنه خۆری و لەوچه کردنی یاسا و هەڕەشه و گوڕەشه و پاشقول...

لەم گوندەش لەناو چینێکی ساویلکەی له گوێی گادا نووستووی گەلحۆدا واقی وڕماوه و لەژێر زەبری کرمه بڕەی زەویدا دەناڵێنێ... ئەوەی دەروونی باوکتی دەسکەنه کردبوو یاسای (ڕەش هەر ڕەشه...) بوو، ئەم یاسا قنگەوڕک و لنگه و قووچه بەخەرمان و پاوەن سووتان و کلکی کەر بڕین و کوشتن و بڕین و سووتان چاڵەمشته کراوه...

سەرەک هۆزەکانیش سەرپشکن له خواردن و کردن و بردن و بەختەوەرترین زەلام له خێڵدا ئەوەیه سەرەک خێڵ دەبێته میوانی، ئەوانی تر بەخیلییان پێ دەبردن و ئەیانوت:

- سەیری ئەو بەخته بکه...
- بۆ ئێمه له هەمان تیره نین...؟!
- سەگی ماڵەکەشی بەختەوەره...
- هەر لەو ماڵه بەفر چووەتەوه...؟!

ئەو مەڕێکی بۆ سەردەبڕێ، ئێمه گایەک...

سەرهۆز پیاوی خۆی باش دەناسێ و ئەیزانی بۆ چ ماڵێک دەچێت و کوێ چەور و مرخ ڕەوێنه...

## ٢٤

هەر چۆنێک بوو باوکت له چنگی مۆتەکەیەک قوتاری بوو، ئەوەش مۆتەکەی مەلایەتی بوو، دەمێک بوو ئەو وشەیه کۆڵەی کوتابوو و ڕێی بەرودوای لێ گرتبوو، ئەوەی ئەو لەپێناویدا دەجەنگا ڕەش ڕاهات و نەگەیشته قۆناغ، بەڵام ئێستا زەوییەکانی بەدەم وەرزەکانەوه دەتریقێنەوه و



دەست لەبانی دەست... حەوشه و پەچەکەشی له مەڕ و ماڵیات و ماین و ئەسپ تەژین... ڕێگای چاکه و ئامۆژگاریش له خەڵک ناشارێتەوه، بەڵام بەبێ دەسەنه و وەڵیفەت و سەرقەڵەمانه و سەرفیتره و زەکات و ئیسقا...بەم شێوەیه کلاوەکەی دەنێ بەلایەکی سەریەوه و شا بەسەپان نازانێ...

(سواره دۆ لەقێن) باوکت زەلامێکی ژیر و وریا بوو، ڕێزی خۆی باش دەگرت و ئیشی لنگەوقووچی بەناوی ئایینەوه نەئەکرد، لەم چەند ڕۆژەدا چوویته لای مەلای گوندێک، کابرایەکی مێزەر قوڵینەی ڕەقەکار و چاو شۆرباوی هاتەلای مامۆستا و پێی وت:

- سێ تەڵاقم خواردووه...
- ژنەکەت قبووڵی کرد...؟
- بەڵێ...
- چارەسەری، ماره بەجاشه...

ئەوەی وت و کەوتەوه قسه:

- (یوسف)ه شەلم بۆ بانگ که...

(یوسف)یان بانگ کرد بسکەی سمێڵی دەهات و شەقی له قوونی خۆی هەڵدەدا و ئەیزانی بۆچی بانگ دەکرێ...

- ئەمرت بەچییه...؟
- هەر جاشێتییەکەیه...

لێیان مارەبڕی و بۆیان کرده ژوورێکەوه و هەپەڕێژی کرد...

مێردی ژنەکه له درزی دەرگاکاوه پێی وت:

- (یوسف) چیت کرد؟ هەمووی نەبەیت...؟!
- درۆ دەکات... پێی بڵێ هەپەڕێژه و هەر پاسەوانبه و بگەفه...
- (یوسف)ه شەل باش شووڵت لێ هەڵکێشاوه ئازاکه، چیت کرد...؟!

– ئەو شەلە شەلەت لە چییە...؟! خۆت باش دەزانی کێم...؟! کارێکی وا مەکە سێ ڕۆژی تر بۆت بەرەڵا نەکەم شەرم لێ لادە.

نەتبیستووە ئەڵێن: (سەبر تاڵە بەری شیرینە).

(سوارە بیچم سز) با واز لە مارە بەجاش و تەلاق و تەلاقنامە بێنین و ناویان بکەین بەدۆڵیانەی ئاسیاودا با باسی تۆ و خوێندن و وانەکانت بکەین...

ئەوەی من لێی بزانم هاوڕێیەتیتان لە قەفوگوڵ دایە و هاوڕێیەتییەک موو دەقلێشێنێ خودی مووش بەنێوانتان ناچێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە یەکتر نزیکتر دەبنەوە، بەڵام ڕۆژ دوای ڕۆژ باری شانت قورستر دەبێ، ڕۆژگارت تەژییە لە خەندە و گریان و ڕووناکی و تاریکی و شەماڵ و ڕەشەبا و وەیشوومە و بەهار و گەڵا ڕێزان...

باوکیشت ژیر بوو، قورئان و گوڵستان و ئەحمەدی و چەند کتێبێکی تری پێ وتیت.

## ٢٥

(سوارە خەرگۆلک) گرێی بەختە کەڵەشێر قوونەکەت باشتر کرایەوە، زەوی پیزەڵلانت سێ گاسنە کرد، مار و مێرووت قانگادا، ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە لە خەویشدا بتدیایە شێت دەبوویت و دەتدا بەکێودا و جووتەت لە ئەستێرە دەدا و شەقت لە کەندەڵان هەڵدەدا.

بەڵێ ئەمڕۆ و سبەینێ بارانێکی بەرێژەوی زەرکەفت بەرێوەیە، دەوروبەرت سەوز دەکات، باری شانت سووک دەکات، لە شەونخوونی و بێڵزەنی و کەتوو لێدان و گەنە کوشتن و دارک بژێری و قرشە شکێن و وردەکوت و کولێرە ئاشی و دەیەهای تر دوورت دەخاتەوە و خێڵ دەگاتە هەوار...



(سوارە گوێدێڵ) خۆت و شیرت، بەرەو جیهانێکی جەنجاڵ و نامۆ و سیحراوی هەنگاو دەنێی، لە هەمان کاتدا جیهانێکی ڕووناک و ڕەنگاوڕەنگە، ئەگەر خەرگۆلک نەبیت جارێکی تر شڕی و پڕی و چڵکنی و ڕەنگی بابردوو نابینیتەوە و لەمەولا لە شار دەخوێنی و ڕێوی بەپیرتەوە هاتووە.

لەمەولا لە شار دەخوێنی ئیتر وانە لە هێڵی جووت و سەر دێراو و خەرمان و بەرد و تاوێر و ژێر دەواردا ناخوێنی، سەنگەری لەمەولات شەونخوونییەکی تر و پشت بەخۆ بەستنە وەک ئەڵێن: بەکرەیی کاری پاڵەیە.

## ٢٦

(سوارە گێل) لبادێک و لێفە و سەرینێک و بوخچەیەکی چوار پارچەیان بۆ پێچایتەوە، دایکت دوو ماچی گەرمی کردیت، فرمێسک وەک بەلاڵووک بەچاوی هەردووکتاندا هاتە خوارێ و بانگت هەڵدا و کوڵت نەئەنیشتەوە، لەگەڵ باوکتدا خۆتان هەڵدایە سەر پشتی ماکەرە شێن، تام و بۆن و ڕەنگی ئەو ماچانە ڕۆژ نییە ڕات نەچەڵەکێنن و ئەو ڕۆژەت نەخەنەوە بیر و شمشاڵت بۆ لێنەدەن و نەتبەنەوە تەمەنی منداڵی، لەو دنیاش ئەو سروودانە دەتخەنە بەهەشتی بەرینەوە و مار و قالۆنچە و شەوگەردت لێ دەرنەکەن.

لە پاشکۆی باوکتەوە سەیری زەوی و پەچە و خوێڕێزە و قەدەغە و جێ ژوانەکانی (خەرامان) و کانییەکانت دەکرد، لە لایەکەوە زەردەخەنە لە بان لێوت دەباری لە لایەکی ترەوە زەردەخەنە دەتۆرا و بیرەوەرییەکان بەرۆکیان بەرنەئەدایت، بەتایبەتی ماچ و فرمێسکەکانی دایکت.

ماکەرە کەوە خۆی ئاسایی لە ڕەوتا بوو ئەتوت میوانی جۆڕەشە...

بارە هێلکەت لێنایە بەساخ و سەلامەتی دەگەیشتە هەوار.

ڕەوت و وێرغەی ماکەرە شێن بیرەوەرییەکانی لێ نزیک خستیتەوە، چونکە ڕۆژانە هاوڕێی یەک بوون ئەو کەر و تۆش خۆڵەمێش... هەتا لە سنووری گوندەکەت دەرچوویت یادگارییەکان بەرەو لات باڵەفڕەیان دەکرد و خوا حافیزییان لێ دەکردیت، دوا یادگاریی سنووری گوندەکەت، ئەو پارچە زەوییە بوو کە پێیان ئەوت: (بەردەکۆتر) هەموو جارێ هەوجاڕ و عاسەلا و تۆوەکەت لە بنیا دادەنا و بانە و گاوخانت دەبڕییەوە و تۆوت دەدا، کۆترەکان دەهاتن لەوێ دەنیشتنەوە و تۆوەکەیان هەڵدەچنی، تۆش ئەوەندەت خۆشدەویستن دەرت نەئەکردن و واتئەزانی لە زەوییەکەی ئێوەدا پەروەردە بوون، هەموو جارێ باوکت دەیوت:

– ئەم کۆترانە لەگەڵ بن و بنچینەی ئێمەدا هاتوون و هەتا بێ لە زیادبووندان و ئێرە بەجێ ناهێڵن، جار جار دووردەکەونەوە، بەڵام هەموو ساڵێ دەگەڕێنەوە و لە جێی خۆیاندا سەوز دەبن و ئاهەنگ دەگێڕن.

## ٢٧

(سوارە زۆڵ) کە بۆ یەکەمجار شارت دی چاوت ئەبڵەق بوو زەینت لە هەڵچوون و داچووندا بوو، دنیات لێ بووە چەرمی چۆلەکە لە شەقام و بازاڕ و ماشێن و عەرەبانە و قەرەباڵغی و بانگ و دەمەوچاوەکان سەرت سوڕمابوو، ئەتوت لە بان بەربوویتەتەوە و سەری دنیات بەپووش لێ گیراوە، لە حەوشەیەکی وڕاقدا خۆتان بینییەوە، ئەمبەر و ئەو بەری حەوشەکە کەر و هێستر و ماین بوو، گشت توورەکەیان بەسەرەوە بوو...

جووتەیان لە ئەستێرە دەدا، باوکت پێی وتیت:

– ئەزانی ئێرە کوێیە...؟

– نەخێر... کوێیە...؟!



– خانە...کەرەشێن ئەمشەو لێرە دەبێ...

کا و جۆت بۆ کردە توورەکەوە و کردت بەسەر کەرە شینەوە و دەستت کردە ملی و پێت وت:

هاوڕێی شاخ و داخ و دەشت و دەرم، هەمیشە خۆشم ویستوویت و لە کاتی خۆیدا ئالیک و ئاوم داویت و ڕنەکم کردوویت و تەڵەبم داویت، لە باتی کورتانێک لوڕییەک و عەجەمییەکت هەیە، لە هاویندا جل و جۆڕی تایبەتیت هەیە، کە نەخۆشیی مەقاوت دەگرت، زوو مەقاوم دەژەنیت، هەمیشە ڕەقەناڵ بوویت، سمتەراش و ناڵبەندی کارامەت هەبوو:

لەمەولاش هەر هاوڕێ دڵسۆزەکەی جارانمی و وەک کەرەکەی (عوزەیر) لام پیرۆزیت، بەدوورکەوتنەوەم لە بیرم ناچیت و هەمیشە میوانمی، تۆش منت لە بیر بێ و نیزای خێرم بۆبکە و خوداحافیزمان بێت.

## ٢٨

مزگەوتێکی بێ حەوشەی بەر بەرەڵای شڕوهوڕ باوەشی بۆ گرتیتەوە، بەڕۆژ بەرماڵ و ئارامگای خودا ناسان، شەوانەش تەژی بوو لە لوورەی چەقەڵ و حەپەی سەگ و وڕێنە و گۆرانیی سەرخۆش، لای خواروویشی باخێکی گەورەی پەرپووت، بێ شورا و تەلبەند، لای چەپیشی حوجرەی فەقێیان، ژوورێکی لاکێشی دووکەڵاوی و پەنجەرە ژەنگاوی، بەڕەکانی سەری کەریان پێوە بەند نەئەبوو، لە ناوەڕاستدا زۆپایەکی داری تێدا دانرابوو...

لاوێکی کورتە باڵای سوور و سپیی چاوشین، جامانە تەپ، نووسا بەدەستی باوکتا، تۆش دەستی ئەوت ماچ کرد و زانیت مامۆستاکەتە و ناوی (مەلا قادر باپیر)ە.

ـــسوارە چیت خوێندووە...؟

_قورئان، ئەحمەدی، گوڵستان، ئاوی حەیات، بۆستان... ئەوانەت وت و، لەشت کەوتە لەرزین و دەمت تەتەڵەی دەکرد و کتێبەکانت بۆ تەواو نەکرا.

ئەحمەدیت لەبەرکردووە...؟

– زۆری...

– ئەی گوڵستان...؟

– کەمێکی...

– ئەی حەدیس...؟

باوکت هەڵیدایە و وتی:

– لەکتێبی– دقائق الاخبار– چەند فەرموودەیەکم پێ وتووە.

– لە سبەینێوە ڕێزمانی عەرەبی دەخوێنی...

ئەوەی وت و دەستی برد کتێبێکی بچووکی لە باوەڵەکەی دەرهێنا و دایە دەستت.

– یەکەم کتێب کە لە حوجرەدا دەخوێنرێ ئەمەیە پێی دەڵێن (عەوامیلی جورجانی)، ڕۆژانە لەبەری دەکەیت.

– بەڵێ...

## ٢٩

پێناسەی (ئیسمی) بۆ کردیت و چەند جارێکی بۆ وتیتەوە، تۆی مێشک وشک و مێش قەپێن و لە گوێی گادا خەوتوو ئەتوت گوێزت بۆ دەژمێرن و لەم گوێتەوە دەهات و لەو گوێتەوە دەردەچوو، چۆلەکە پاساریی سەر درەختەکان چەند تێ دەگەیشتن تۆیش ئەوەندە، هەر سەرت دەلەقان و بەڵێت بۆ دەکرد.



وشەی (بەڵێش بێ دەسەڵات و دەستەوسانە یاخیبوون لە ڕێڕەویا نییە و دۆ و دۆشاو تێکەڵاو بکرێ هەقی بەسەر هیچەوە نییە و مێشێکی میوان نییە)...

ئەوەی بۆی بەپەرۆش بووی بیرت لێ دەکردەوە و بۆی سووتابوویت (خەرامان) بوو، بەتایبەتی ڕۆژانی خوێرێزەکە و بن دار گۆیژەکە...

– (سوارە) خۆزگە (مەنیج)ی خوشکت ئەدا بەباوکم.

منیش لە ژێر درەختی ئەویندا دەحەسامەوە، بەڵام ئەوە لە بەختی منەوە دوورە و سەرەنجامی گا هەر دۆڵە و کێ بۆ من میزی کەف دەگرێ...؟! خوێنم بۆ گەڕی دەشێ و مردووی بەشی زیندوو خۆرم، خۆزگە خودا تیری قوورەتی لە لای لابەلاوە بۆ دەنارد و تووکی سەری با دەیبرد و لە کۆڵ دەبووەوە، ئەوە باوکە یان کوڵە وەیبابە...؟).

بەڵێ (سوارە) زەینت کول بوو، مێشکت ئەو دنگە بوو برنجی تیا دەکوترا، ئەوەش بەدەستی خۆت نەبوو لەو قوڕە هەر ئەوەندە تۆز هەڵدەستا، ڕۆژێ مامۆستاکەت پێی وتیت:

– وەک لە خوێندندا تەقەی سەرت دێ جلەکانیشت ڕێکوپێک لەبەرناکەیت، جامانەکەت جوان نابەستیتەوە، ئەڵێی سەری کووپەڵە دەبەستیت، لە قسەکردنیشدا دەنگ زۆر هەڵدەبڕیت، پشتوێنەکەت شلە ئەڵێی ئەمڕۆ لە داربڕین هاتوویتەوە.

کە لەبەر میوان هەستایت درەنگ دادەنیشیتەوە ئەڵێی بەپێوە لە دایک بوویت...!!

(سوارە) ئەگەر بڵێی ناهەقت نەبوو لەبەر ئەوەی مامۆستاکەت هەمیشە وەیشوومە لە ناوچەوانی دەباری و سرکەی دەفرۆشت، کە لۆچەکانی ناوچەوانی لە یەک نزیک دەبوونەوە ئەوەندەی تر سەرت لێ دەشێوا و ئەوەی مێشکت سەوزی کردبوو لە بیرت ئەچۆوە و دەهاتیتەوە سەر سفر.

## ٣٠

(سوارە زۆڵ) ڕاستە وتوویانە: مرۆڤ گای سوور نییە لە پێستێکدا بمێنێتەوە، بەرە بەرە دەوروپشتی خۆت ناسی، گەڕەک و بازاڕ و بەردەرکی سەرا و سەرکارێز و سابوونکەران و مزگەوتی گەورە و چاپخانەی (ژین) و باخی گشتیت ناسی، گێژ و وێژییەکەت کەڵەمەکرد، جامانەکەت جوان دەبەست و کەوا و سەڵتەکەت ڕێک دەپۆشی، لە ڕێ و بان سەیری کچەکانی شارت دەکرد و هیچت لێ نەئەبواردن، لەگەڵ سروشتی شاردا برایەتیتان خۆش بوو، سەرچاوەی دڵت ڕووناک بوو.

مامۆستا (فیعل و حەرف)یشی پێ وتیت و نموونەی بۆ هێنایتەوە و تۆش ڕیبەدێیت دەکرد و بەستەڵەکی مێشکت کەمێک کرایەوە و وەک جاران هەر بەڵێ نەبوو...

جگە لەوانەیش مامۆستا هەرچەندە تووڕە و کەللەڕەق بوو، بەڵام دڵسۆز بوو، ڕۆژانە گوێی لێ دەگرتیتەوە و جار بەجار وانەی (زانستی سەرف)یشی پێ دەوتیت، ئەوەت هەر لەبەرکردبوو.

## ٣١

(حەمە هەوراز) لاوێکی کەڵەگەتی ئەسمەر و وریا و زیرەک و هۆشیار بوو، هەتا بڵێی هاوڕێیەکی دڵسۆز و بەبنەوە سووتاو بوو... کوڕی تەنگانە... هات (ئیسم و فیعل و حەرف)ی بۆ شی کردیتەوە و تێی گەیاندیت و کردیتی بەدۆستی ڕێزمانی عەرەبی، بۆ پرسیار و ڕاڤەی وانەکان گوێ بەزەنگ بوویت، بەرە بەرە ڕۆژگارت پێ بەباران بوو، کاژی تەمبەڵیت فڕێدا، هەتا بو و حۆلی و گەمۆڕیت تەنک دەبوو... (حەمە هەوراز) پێی وتیت:



– شارستان چۆن دەبینی...؟

– لەگەڵ لای ئێمەدا جیاوازییان ئاسمان و ڕێسمانە.

– پرخەی خەومان دێ، کەی بەئاگا دێین...؟! کلاومان دەمێکە بابردوو بووە...

– لە بێژنگ بەسەرەوە نامەیان بۆ باوکم دەهێنا، هەتا نامەهێنەر دەگەڕایەوە ئەوەندەی لە بیر نەئەما و بەنیوەناچڵی دەیگێڕایەوە...

(سوارە) کە دەوری– ئەحمەدی– ت دەکردەوە، مێشکت دەوڵەمەند دەبوو، وشەکان تام و چێژ و بۆن و ڕەنگ و ڕوویەکی تریان هەبوو، مامۆستاش بەشێوەیەکی تر سەیری دەکردیت و دەیوت:

– سوارە– ئەمە تۆیت...؟ ئەبینم پرسیاری بەجێ دەکەیت و باوێشک نادەیت، بەڕاستی هەنگاوت ناوە، باش بوو لای باوکت شەرمەزار نەبووم، ناهەقیشت نەبوو بناغەیەکی وات نەبوو، ئاودان و دێرۆغە و برێنگچێتی و دارکبڕێری و چەندەها کاری تر سووتانبوویتیان و لە جەڕ و مەنگەنەیان دابوویت، ئەتوت ئاو لایداویت، کەوابوو ڕەنج پەیژەی سەرکەوتنە... کەسیش لەپڕێ نابێتە کوڕێ...

## ٣٢

(سوارە شەیتان) ئەوەی تەگەرە و کەندڕ بوو لە ڕێگاتا و ئارەقی شەرمەزاریی پێ دەکردیت دروشمی: (ڕاتبەی فەقێ، ڕەحمەتتان لێ بێ) بوو قولێنەکەی بن دەستت تیخێکی ژەنگن بوو دەروونی پارە پارە دەکردیت، پێستی گیسکەکەی (هەیاسی خاس)ی کردە بەرت و خوێنی کردیتە کاسەوە و لەرزی بۆ بڕیت...

لەمەش خراپتر پارەی مانگانە... هەتا ئەو ڕۆژەی داتدەهێڵنە گۆڕەوە حاجی سمێڵ پەڕەسێلکەت لەبیر ناچێت دەستی کرد بەگیرفانی سەڵتەکەیا

و دەستی دەردەهێنایەوە و دەیوت: وردە نییە، سبەینێ یان دووسبەی، جاری واش هەبوو دەیوت: هەردوو مانگەکە بەیەکەوە... ئەو سبەی و دووسبەیە دنیای لە بەرچاو ڕەش دەکردیت و بۆ گوندەکەتی دەناردیتەوە و سەد خۆزگەت بەبێلڵزەنی و کوڵۆش کێشان و ڕەندانان دەخواست...!! لەبەر ئەوەی بۆنی سواڵیان لێ نەئەهات و دووربوویت لە تارمایی قوڵینە و توورەکەی دەقنە و حاجی پەڕەسێلکە، هەستت بەئازار و ڕیسوایی نە ئەکرد و لە دەرگای کەست نەئەدا...

(سوارە) لەو بڕوایەدایت ڕۆژێ لە ڕۆژان حوجرە چاوی لە قوڵینە و سواڵ ببڕێ...؟! نانی سەر بەستیی تیا بخورێ...؟! وا بزانم لەگەڵتان دەچێتە گۆڕەوە...

(سوارە ماکەر لەوەڕین) ئەی پەڕۆیەک لە (دەقنە) بۆچی دانادڕیت...؟! ڕاستیان وتووە: (توورەکەی سواڵی مل دادەبڕێ)...

– دەزانی دەقنە چییە...؟

– لە وەرزی پایزێکی درەنگدا، فەقێیان بەکۆمەڵ لە شەودا توورەکە لە مل دەکەن و ڕیز بەماڵانی گەڕەکدا دەگرن و لە دەرگاکان دەدەن و دەڵێن:

– دەقنەی فەقێ بچنە بەهەشتێ...

دەرگایان لێ دەکەنەوە و بانگیان دەکەن.

– توورەکەی برنج.

– توورەکەی ساوەر.

– توورەکەی نیسک و ترخێنە و دۆینە...

– توورەکەی شەکر و چا.

(سوارە سەرەخۆرە) پێم ناڵێی جیاوازی لە نێوان سواڵ و دەقنە و ڕاتبەدا چییە...؟!



سواڵکەر دەڵێت: ڕەحمەتی خواتان لێ بێ بێبەشمان مەکەن– فەقێش دەڵێت: ڕاتبە و دەقنەی فەقێ بچنە بەهەشتێ.

– ئەی قاپە چێشتەکانی ئێواران بۆ ناڵێی، هەتا دەگەیشتیتە حوجرە لە شەرمەزاریدا نیوەیت بەخۆتا دەڕشت، جاری واش هەبوو– مامۆستای پێش نوێژ– کە سلاوی دەدایەوە گۆشتی ناو چێشتەکەی دەردەهێنا و دەیخوارد و دەڕۆیشتەوە...

(سوارە چاو قایم) نەهامەتی لەوەدا بوو هەندێ ئێواران پێیان دەوتیت:

– فەقێ ئەم ئێوارەیە تەماتەمان سوورکردووەتەوە... ئەوەی چاوەڕێی دەکردیت تەریقی و نان و چا بوو، بەڵام ئەوەی هەتا ئێستا گینگڵی پێوە دەدەیت و مۆرە بەناوچەوانتەوە قسەکەی (ڕەعنا دەم هەراش) بوو:

– فەقێ دایک و باوکت هەیە...؟

– بۆچی...؟!

– هەمو و ڕۆژێ دەتبینم...!

– دەخوێنم، دەمێکە باوک و دایکم نەدیوە...

– هیچت پێویست نییە...؟

– دەوڵەمەندین، وەک وتم دەخوێنم... ناشێ بەسواڵکەرم بزانی...؟!

– بڵێم چی...؟ پۆشتە و پەرداخیشیت...

– ناهەقت نییە ڕاتبە نیمچە سواڵێکە و لەدەرگادانە...!

## ٣٣

نیوەڕۆیەک سەماوەرەکەت گیزەی دەهات و چات تێدەکرد، باوکت خۆی بەژووردا کرد، پێش ئەوەی دەستی ماچ کەیت گریایت کوڵی گریانت نەئەنیشتەوە... قسەکەی (ڕەعنا) دەمهەراشت بیرکەوتەوە: (فەقێ باوک و دایکت هەیە...؟)

- کوڕم بۆچی دەگریت...؟ خۆ بۆ سەفەری (قەندەهار) نەچوویت، جاری وا هەبووە دوو ساڵ گوندەکەی خۆم نەدیوە...

ئەوەی وت و ڕووی کردە مامۆستاکەت...

- (سوارە) چۆنە...؟

- بەرەو پێشەوە دەچێت...

هاتنی لاوێکی ئەسمەری چوار شانە گفتوگۆکەی پێبڕیت، مرۆڤێکی زیرەک و هۆشیار و جەوهەردار بوو، هەر حەزتدەکرد گوێی لێبگری، قسەکانی مرواری چن و لە شیری شوان سپیتر بوون، بەچرپە لە- حەمە هەوراز- ی هاوڕێت پرسی:

- ئەوە کێیە...؟

- (محەمەد)ی مەلا کەریم- ە هەتا بڵێی چاو نەترس و خوێندەوارە، زوو زوو دەگیرێ، دوژمنی ڕاتبە و دەقنە و لەدەرگادانە و بەسواڵ و تەچنیان دادەنێ...

- ناوبانگیم بیستووە...

مامۆستاکەت بە(محەمەدی مەلا کەریم)ی وت:

- نەزان بەردی بناغەی ئەم پیشەیەی ئێمەی داناوە، بەردێکیش نەزان بیخاتە گۆمەوە، بەسەد زانا دەرنایەت، قوولێنەش شیرازەی ژیانی ئێمەی کرمێ کردووە، چۆن خۆمان لەم وەیلاوە قوتار بکەین...؟

- گۆڕانکارییەک بەرپا نەکەین مەگەر هەر بڵێین: ئەم نانە بەو ڕۆنە، گۆڕانکاریش بەرپێوەیە و بەردەوامە و خەرمانە و لەبەر شەنایە.

یەکێک لەو گۆڕانکارییانە دەرچوونی (بڵاوکراوەی دەنگی فەقێ)یە، وتارێکم لەم بارەیەوە بڵاوکردووەتەوە کۆتاییەکەی دەڵێت: (مانگی دەستکرد خەریکە دەنگ و باسە زانستییەکان بەسەر گەلانی زەویدا پەخش



دەکات، پیشەسازییەکان لە زەهاکدان و هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێن، کەچی ئێمە ناتوانین قولێنەی ژەنگاوی و توورەکەی ملکەچی بکوژین...؟!)

## ٣٤

(سوارە بەیدەست) ئەوەی ئەم دەردە کوشندە ڕەگاوییە تیمار دەکات و بەرچاومان ڕووناک دەکاتەوە و دەمانکاتە مرۆڤ، قوتابخانەیەکی ئاینیی هاوچەرخ و زیندووە و دڕ بەکۆنینە ژەنگاوییەکان بدات و شارستانییەت بەرچێن بکات دنیامان بۆ سەوزکات و توورەکەی سواڵیمان لەبەر داماڵێ و پینەی لەتەخۆری و سواڵی بەسەر شانمانەوە بەدەم لافاو و ڕەشەباوە بدرێ...

مامۆستاکانیشتان لە گوریسی ناو هەمانە بەپێچترن و لە سێبەری خۆیان دەسڵەمنەوە و لەملا و لا ئەڵێن:

- راتبە و دەقنە و سواڵ کیمیایە، خەڵەی خۆتان و گەڵەی خۆتان، خۆتان بەتڕاندن مەدەن و قوتابخانە و بەشی ناوخۆیی بۆ ئێوە ناکرێتەوە، بۆچی چاوتان بە نانی ڕاتبەدا هەڵنایەت...؟!

ئەوە بێ عەقڵییە، بێ عەقڵیش باری ناچێتە هەوار...

گاڵتەیان بەم ناونیشانانەی (بڵاوکراوەی دەنگی فەقێ) دەکرد.

* گەرەکیانە بەژەکی مار گۆشمانکەن.
* بیرە ژەنگاوییەکان و مێزەرە چڵکنەکان قەندەی بەر پشتوێنی سوڵتانن...
* راتبەی فەقێ و دەقنە لەتەخۆرین.
* مۆرانەکانی (دەنگی فەقێ) دەرمانخوارد دەکرێن...
* سەربەستیش لێرە کۆیلەیە...
* مارە بەجاش لەکە و تانەیە بەناوچەوانی یاسای تەڵاقەوە.
* هەتاکەی دوای کڵاوی بابردوو بکەوین...؟!

٣٥

مامۆستا بەتۆو(حەمە هەوراز)ی وت:

- خۆتان ئامادەکەن.

- بۆ کوێ...؟!

- (ڕێستهاوس)

- (ڕێستهاوس)- چییە...؟!

- میوانخانەیەکی میرییە...

- بۆچی دەچین...؟!

- لەوێ دەردەکەوێ...

هۆڵێکی وڕاقی ڕازاوەی چراخان، گڵۆپەکانی وەک ترێی بزمارکوت شۆڕ بووبوونەوە و ئاوی چاویان دەبرد لە ژیانتدا شوێنی وا چراخانت نەدیبوو چاوت ڕێشکەوپێشکەی دەکرد...

چەندەها پرسیاری سەیر و نامۆ لە دەروونتدا سەریان هەڵدا و ملیان قوتکردەوە:

تەنها وەڵام لای تۆ قسەکەی مامۆستا بوو کە وتی: (لەوێ دەردەکەوێ...) بیرت بووە باڵندەیەک و باڵی گرتەوە و ئەو چراخانەی بەجێهێشت و لە ناوەڕاستی گەوڕ و گەلەخانەکاندا نیشتنەوە و وێنەی ئاخوڕ و دیوارەکان و فتیلەی سەرتاقی کۆڵەکەکان و گەنەکوژیی گرت و لەگەڵ ئەو چراخانەدا بەراوردی کردن و هەتا بوو بڕوای بەگۆڕانکاری و پێشکەوتن بەتینتر دەبوو.

هەر جبە و مێزەربوون و دادەبارینە ناو هۆڵەکە و لە پێشەوە دادەنیشتن، ئەتوت شاری قەلەباچکەیە...



چەند پرسیارێکی نەزۆک بەخەیاڵتا دەهاتن و کرۆژەیان لە مێشکت دەکرد:

- ئەبێ قوتابخانەمان بۆ بکەنەوە و لە کەڵبەی لەتەخۆری ڕزگارمان بێ...؟!

- کێ دەڵێت هەر ئامۆژگاری نییە...؟

- تۆ بڵێی سەربازیمان لەسەر هەڵگرن...؟

هاتنی پیاوێکی کەڵەگەتی سوور و سپیی چاوکاڵی مل ئەستووری جبە لەبەر، تەربووش لەسەر، شیرازەی پرسیارە بێ سەر و بەرەکانی تاڵکێش کرد، بەرزە پێ لەبەری هەستان، لەسەر شانۆی هۆڵەکە دانیشت، چاویلکەکەی لەچاو کرد و چەند ئایەتێکی خوێندەوە و شانی پیاکرد و بەرەبەرە سوور دەبووەوە و گەرمتر دەبوو هەر ئەوە بوو باڵی نەئەگرتەوە، لەشی کەوتە جموجووڵ و سەما، بەڵام (سوارە گەمۆڕ) تۆ هیچی لێ تێ نە ئەگەیشتی.

ئەوەی ڕوون بوو خوێندنەوەی ئایەتەکان بوو و بەس... تەقەی سەرت دەهات و وات ئەزانی لە سەربانێکی بەرزەوە بەربوویتەتەوە...!! هۆڵەکەش هێمن ئەتوت ئاشە و ئاوی کەوتووە...

دوای کاتژمێرێک چووە دەرەوە...

چەند مێزەرێک لەگەڵی چوونە دەرەوە و تەشییان لەبەر دەڕست...

(حەمە هەوراز) بەچرپە پێی وتیت:

- هاتنی بێ مەڵامەت نییە، هەر خۆیشی قسەی کرد...؟!

- زووش چووە دەرەوە...

- قسەی گوێ ئاگردانە...!

- مامۆستا ئەوە کێ بوو...؟!

– زانایەکە پێی دەڵێن: (سەواف)، میری ناردوویەتی و هەر کەسێک بەکەسێک دەگیرێ...

– تێ نەگەیشتم...

– زمانەکەی ڕەق و تەق بوو وا ئەزانێ ئێمە ئیسلام نین...! هەر ئەو ڕێگای بەهەشت دەزانێ...؟! مەسەلەکەش زۆر لەوە قووڵترە...

ئاگاتان لێ بو و لەتەخۆرەکان چۆن وەک ژێی کەوان هاتبوونەوە یەک...؟

بە قەدەر شێرە کوللە یەکیان مابووەوە؟! ڕەشەبا لە پیاوەتیی خۆی بووە، چەمکی کەواکەی نەبردن...

## ٣٦

(سوارە زۆڵەزا) دەمێک بوو وشەی -ئیجازە-ت بیستبوو، بەڵام لاگوێت تێ کردبوو، بەلاتەوە گرنگ نەبوو، پرسیاریشت لە بارەیەوە نە ئەکرد... ئەوەی ئالوودەی بوویت وانەکانت بوو، شەوت لەگەڵ ڕۆژ دەکردەوە و هاورێی هەمیشەییت بوون...

ئەو ڕێبوارە تینووە بوویت کە هەر ئاوی لەبیربوو...

لەو ڕێیەوە دەڕۆیشتی کە خۆت ڕچەت شکانبوو، کۆسپی گەورە لە ڕێتا ڕێزمان بوو، بەڵام ئەو قەڵا گەورەیەت تەخت کرد و تارماییەکان ڕەوینەوە...

(حەمە هەوراز) پێی وتیت:

– بۆ ئاهەنگی ئیجازەیەک بانگ کراوین...

– کەوابێ (سوارە) ئەمڕۆ خۆت لە گەشتێکی ئاهەنگی ئیجازەدا دەبینیتەوە، چی لە مرۆڤ یاخی دەبێت...؟ هەڵۆی ڕاودیدەش بەر ڕەت دەکەوێ...



کەوا و سەڵتە نوێکەت پۆشی، پشتوێنە جەڵسەکەت بەست، جامانەی چیوتلیی هەڵبەستراوت پێچایەوە ڕیشووەکانی ئەتوت فەریکە نۆکە...

ئاهەنگ گەرم بوو، هەڵپەڕکێی ڕاستە و چەپی گیرا و قریوەقریو ئەو ناوەیان پڕ کرد، کچان و منداڵان و ژنان سەربانەکانیان تەنیبوو هەوێنی گەرم و گوڕی ئاهەنگ بوون...

(سوارە) تۆو- حەمە هەوراز- یش لە ناوەڕاستەوە دەستتان گرت بەچرپە پێی وتیت:

– (سوارە) ئەولاوە کورتەبنە دەموچاو زیپکاوییە گەنم ڕەنگەی ئەملای سەرچۆپی کێشەوە ئیجازە وەردەگرێ، لێی خوڕە و قنج هەڵپەڕە، سەیرکە و گوێ بگرە شتەکان خۆیان دێنە ئاخافتن، ئەوەی دیارە سەرەتایە و چاوی ڕەشماڵ کاڵ نەبووەتەوە و هەتا بێ خەڵکی پێوە دەنیشێ، وەک دەڵێن: لە ڕۆن نیسکێ و لە موو تیسکێ، هەتا خەرمانی سوور هەڵدەگیرێت...

لە پێشەوە کورسی بۆ زانایان و کاربەدەستانی میری دانرابوو...

سلاوات تێکەڵ بەئاهەنگ و هەڵپەڕکێ دەبوو، چاوبڕکێ و زەردەخەنەش سلاوات و ئاهەنگیان بەرەنیا دەکرد و چەندەها چیرۆکیان دەستەبەر و دەڕسکان، زانا گەنجەکان هەڵدەپەڕین، ویقاریکیان ئاوێتەی ئەو کۆڕ و کۆمەڵە دەکرد...

پێش ئەوەی جبەی لەبەرکەن و مێزەری لەسەرکەن و بڕوانامەی مەلایەتیی بدەنێ خۆپیشاندان و هەرا و زەنا کڵپەیان سەند و ئەم دروشمانەیان بەرزکردبووەوە:

* نان و خوێندنی سەربەست...
* زانست و سواڵ، سواڵ و زانست...؟!
* بڕۆخێ قەڵای ژەنگاوی و کۆنینە...
* هەتا کەی بێدەنگی و ترسنۆکی و ملکەچی...؟!

هەر جبە و مێزەر و شاقەلی شۆڕبوون، ڕەشەبا سەمای پێدەکردن و بەزەوییەوە زەرد نە ئەبوون...

چەند مێزەرێک دەستیان بەرز کردەوە:

– شیوعین بیانگرن، لافاوی ئەم چەرداوەڕووانە لوولمان دەدات.

– گێرەشێوێنن، خۆشیان نازانن داوای چی دەکەن، ئا ئەوەیە پێشکەوتن...؟!

– کە ڕاتبە و دەقنە نەما مزگەوتیش نامێنێ، کە مزگەوت نەما ئایینیش هەرەس دێنێ، ئەمانە دەرگای بەهەشتمان لێ دادەخەن.

هەندێکیشیان دەستیان بەکڵاوەکەیانەوە گرتبوو با نەیبات، گورگ بوون لە پێستی مەڕدا و دیزەی چەورن و ئاویان نە ئەگرتە خۆیان.

چەند مێزەرێکی هۆشیاری ڕوو سپی وتیان:

– ئەی کچەکانی خۆتان بۆچی دەچنە قوتابخانە...؟!

مزگەوت بەوە وێران نابێ، خوێندنی زانستیی هاوچەرخ و شارستانی پاکۆدانی سواڵە...

– دوژمن مار بەدەستی ئێوە دەگرێ...

– بۆ ڕۆژێ دەتوانن دەرگای کۆمپانیای زەکات و سەرفترە و سەرقەڵەمانە و ئیسقات داخەن...؟!

– لە پاڵ کەرا ڕاوە چێرگ دەکەن.

– بۆ قوڵینە و توورەکە شانی ئێمەشیان خوار نەکردبوو؟!

– ڕۆژێکیش دێ ڕووی قەڵغانتان تێ دەکرێ، لە پاش ڕەشیش ڕەنگی تر نییە...



## ٣٧

(بڵاوکراوەی دەنگی فەقێ) ناو و ناوبانگی خۆی بیستەوە و لە دڵی شاردا جێی خۆی کردەوە و ئەتوت کۆتری نامەبەر و بای شەماڵ بڵاوی دەکاتەوە، سەری دنیای بەپووش لە ژەنگاوییەکان گرتبوو وای لێ کردبوون بەشیری شوانیش بڕوایان نە ئەکرد، لە دەریای گوماندا واقیان وڕمابوو، دیوار و دەرگای مزگەوتەکانیشی ڕووناک کردبووەوە هەر خەڵک بوو چاو و مێشکیان پێ زاخاو دەدایەوە و سامیان دەشکا و چاو بەزەنگ بوون...

(حەمەی مەلا) لە ژمارە دوویدا دەڵێت:

– ئەمساڵ ساڵی هەنگاونان و ڕۆن لە سینگدان و تۆڵەیە، ڕۆژگارێکی دژوار و ئاڵۆزە، سەری کڵافە ونە، خێڵی درۆ و ماستا و بەدرۆیەک بەهاریان هێناوە، تەمومژیان داچاندووە، ڕێوین لە شوێنی شێر گێرە دەکەن.

لاپەڕە زەردەکان پێویستییان بەگۆڕان هەیە، دەرمانی ئەو گۆڕانەش سووتان و چاڵە مشتەکردنە لەبەر ئەوەی گوڵەکان دەرمانخوارد نەکرێن.

دەمێکە خەو بەم ڕۆژەوە دەبینین، ئەگەر بڵێین هاتنی ئەم ڕۆژە دوور نییە، بەری ڕۆژ بەبێژنگ نەگیراوە، بەڵام درەنگ و زوویی کەوتووە.

## ٣٨

(سوارە ملخووگ) گۆڕەپانەکە گەورە و گەورەتر دەبینرا، وای لێ هاتبوو بەتەنها نارەزایی بۆ گۆڕکردن و سواڵ و لەدەرگادان و کردنەوەی قوتابخانە نەبوو، بەڵکو ئیقلیمگیر بوو، هەر کەست دەبینی لە کوڵە چوار شەممەی مانگی سەفەر سوورتر بوو، دروشمی هەڵبژاردن و سەربەستی و دیموکراتیی بەسەر دیوارەکانی شارەوە هاواریان دەکرد و هانی لاوەکانیان دەدا، بەڵێ، دیوارەکان دەستگایەکی خۆڕایی بوون و ڕۆڵێکی مەزنیان هەبوو بۆ

گواستنەوەی بیر و بۆچوونەکان و ئاشنایەتیی تەواو لە نێوان ئەوان و خەڵکدا هەبوو، دروشمە قەدەغە کراوەکان لای جەماوەر هاندەربوون تارماییە بۆگەنەکانیان گوللەباران دەکرد، چاوچنۆکەکانیان وەک ژێی کەوان دەهێنایەوە یەک و بەکونی هەتیتەشەوە نەدەچوون، چاویان لە ئاستی دیوارەکان کز و کوێر بوو، لە لایەکی ترەوە باری شانی میللەتیان سووک دەکرد و دەنگیان بەشار و دەرەوەدا بڵاودەبووەوە...

سیخورەکان هەر چاوێکیان کردبووە چوار و لە پای سەریان بوون و ئەم دروشمانەیان دەکوژانەوە:

* بڕووخێ بیرە ژەنگاوییەکان.
* دەهۆڵ دڕا دەنگی بڕا.
* سەربەستی و سۆشیالیستی.
* داگیرکەر بۆ دەرەوە.

بەڵام کوژانەوەیان بێ سوود بوو، بەخۆڕایی خۆیان ماندوو دەکرد، لە دڵی خەڵکا سەوزبوون و پەلیان دەهاویشت... کە لە کوژانەوەی دروشمی سەر دیوارەکان دەبوونەوە ئەم دروشمانەیان لە جێیان دەنووسی:

* سەگ بەمانگاشەو دەوەڕێ.
* خۆفرۆش و داردەس و داری پەڵکن.
* شیوعی و کافر و ئاشووب گێڕن.
* دۆزەخ ماڵی هەمیشەییانە.
* سێبەرەکانیشیان پان و پلیش بکرێنەوە.
* شەیتان لە مێشکیاندا گەرای خستووە.
* نانی هاریبیان بەدەمەوە گرتووە.
* قەیاریان هاتووە.



ریش درێژێکی ناقوڵا هاتە گۆ و بەزەردەخەنەیەکی دەستکردەوە وتی:

– بە تەمای شیری مانگا زەردن، چاو لە کافر دەکەن، بۆ مزگەوت قوتابخانە نییە...؟! قوتابخانە هەیە شان لە شانی مزگەوت بدات...؟! کێ هەیە پشت لەو خانە پیرۆزە بکات...؟! بۆ ڕیش هاتن سمێڵیشیان خستە بانی، ببنە ئاگریش کوێ دەسووتێنن...؟! کاتێکت زانی گەنم گرد و جۆ بڵاویان لێ کرد...

## ٣٩

(سوارە ئەلخەنناس) لە ئەزموونەکانتا هەنگاوی باشت ناوە وەک ئاوێنە لەگەڵیا ڕاستگۆ بوویت، ئەو شەقاو و هەنگاونانە بەبیری کەسا نەئەهات و بەرخت بازی دەکرد، خواستەکانت پاڵەییان لە مەزاری ئایندەدا دەکرد و پەل و پۆیان دەهاویشت و گوێ بەزەنگی ڕووناکی بوون، گوندی (سوڵتان) لە ئامێزی گرتین... دەمێک بوو ئەڵهای خوێندنی ئەو گوندە بوویت و یەک لە دوای یەک نامەت بۆ مامۆستا دەنارد، نامەکانت بەردار و پێ بەباران بوون.

(سوڵتانە) گوندێکی ڕازاوە و شاهانە بوو، چواردەوری دارستان و پشتی چیا، بەردەمیشی دەشت و کانیاو، مرۆڤەکانیش بەخشندە و هەڵگری ئاڵای ڕەوشت بەرزی و ئەمەکداری، حوجرەکەش کەوتبووە پشتەبانی مزگەوتەوە، کانیی ژنانیش لە پشتی حوجرەکەوە بوو، لای چەپیشی حەوزی پیاوان بوو، ئاوی چەمێکی بۆگەنیشی لە خوار مزگەوتەوە ڕەشماریی دەکشا و دەمار دەمار بۆنی دەڕۆیشت.

مامۆستاش مرۆڤێکی چوار شانەی سپی پێست، هەر چەندە تەمەنی نزیکەی چل ساڵ دەبوو، هێشتا ژنی نەهێنابوو، بەدەستی خۆی خزمەتی خۆی دەکرد، هەتا بڵێی ڕووخۆش، وەک بەری بەیان ڕوو بەخەندە و لە

خاک هێمنتر، لەوانە وتنەوەشدا دەستی باڵای هەبوو.

(سوارە سەرشووم) هێشتا خەڵکی گوندەکە بەباشی نەیان ئەناسیت، دوومەڵێک لە کەشکە ئەژنۆت هات و لەسەر سەر دەخولایتەوە و دوومەڵەکەت وەک چاو گلی دەکرد و چوارمشقی داینیشانیت.

مامۆستا پێی وتیت:

– پۆلیس شەلی نەکردبێتیت... بڕواناکەم ئەوەندە گێژوویژ بیت، دوای کڵاوی بابردوو بکەویت...!؟

– هەوڵدان بۆ قوتابخانە گێژوویژییە...؟! ئەی هەر لە دەرگای خەڵک بدەین و لاپەڕەی زەرد هەڵدەینەوە و لە قاوغەکەی خۆماندا بین...؟!

## ٤٠

یەکەم وانەت لە کتێبی (ئەلفییە)ی ئیبن- مالیک- لە بن دارتووی بەردەمی حوجرەکەدا خوێند... مامۆستا بەداهێنانەوە وانەکەی دەوتەوە و شیعرەکانی سەرکەوتووانە ڕاڤە دەکرد... سەرچاوەی دڵت ڕووناک بوو، دەفت دەنگی دەدا.

ئەوەی لەسەر شانت قورس بوو ئەوەبوو مامۆستا پشتگیریی سواڵ و ڕاتبەی دەکرد، ئەوەش بۆچوونی خۆی بوو، بەڵام هەق نەبوو زانایەکی وا بەو شێوەیە دڕک و داڵ داچێنێ و چێو لە تاریکی بکوتێ و تفەنگ بەتاریکییەوە بنێ، بەڵام تۆ بلێیی بەرخ هەر لە کۆزدا بێ... (سوارە) تۆش لە بەختانتە، بچیتە ئاسمانیش دەبێ زیخێ لە کەوشەکەتدا بێ... لەگەڵ ئەوەشدا بەرژەوەندیت لە تەکاندایە و لە قوڕ تۆز هەڵدەسێنی و ئەو خەلە فرۆشەیت، هەواڵی مەن دەپرسیت... هەوای گوندەکەش لەگەڵ کەش و هەوای خوێندن و بار و زرووفدا ئاشنابوو...



## ٤١

لە پشت حوجرەکەوە بەرەو حەوزی پیاوان ملت نا، بەرخێکی چەرموو و سووری چاو کوژەکەیی کەڵ مل، باڵا سوورە چنار، دەنگی کەمەرە و هەیاسەکەی ئاوازێکی سەیریان دروستکردبوو، دەستێکی بەگۆزە سوورەکەی سەرشانی و دەستەکەی تری لەسەر سمتی و شەکی دەڕۆیشت و لەنجەی دەکرد و بەرەو ڕووت هات و بەچاوە کوژەکەیییەکەی بۆردوومانێکی خەستی کردیت و هەر لەوێدا پێکاتی و وەک بەفرە شینکە توایتەوە و کەشکەژنۆت مێرووڵەی دەکرد و لاس بردیتییەوە و عەقڵ و بیر و هۆشت باریان کرد، دوو سێ لات لێ کردەوە، لەگەڵ هەمو و لاکردنەوەیەکد قاچت قاپاوێژی دەکرد و دڵەکوتێت بوو، ئەتوت تلیاک خۆریت، وەک مەڕێ مافەتە بیگرێ، گێژ و وێژ چوویتە ژوورەوە، نیوەڕۆت لێ بووبوو بەشەوە زەنگ و دەمت چووبوو بەخوریی خۆتا و لای خۆتەوە وتت:

– (سوارە کەرمەزەبی سەرەڕۆ)، چاوە کووژەکەیییەکەی، ڕوومەتە هەنارییەکەی، قژی قەترانیی، سێوە لاسوورەکانی باخی سینگی، ئاوازی مێخەک بەندو و نقێمی سەر کەمەرەکەی، لار و لەنجەی، پەتی قەنارەیان بۆ هەڵخستی و خستیانیتە تابووتەوە و بەرەو گۆڕستانیان بردی، لەو بڕوایەدا بوویت ئەوە فریشتەیە، یاخود لە خێڵی باڵندە نەخشینەکانە، بەڕاستی لەو تفەنگچییانەیە دەرزی هەڵدەگرێت، ئەمجارەش دەیلێیمەوە لە مرۆڤ نەبووە و فریشتەیەکە لە فریشتەکانی خوداوەند و دەستی قوورەتی بەباڵییەوە گرتووە و سیحر و جوانیی پێ بەخشیوە.

ناوقەدیشی شمشاڵەکەی- قالە- مەڕەیە و تیخێکە ئێستان زمهەڕدەکات.

(سواره گەوگەو) تو و شەرەفت هەتا ئێستا تیری وات یژت ئاراستە کراوە...؟! تیرێکی بەزاخی جەوهەرداره و بەکرەیی لە مەزاری هەناوتا دەکات و پەرێزی پاکە و داهۆڵێک بەجێناهێڵێ و لا لا موو دەکات و وەستانی بۆ نییە و گورزی خۆی دەوەشێنێ و دەڵێت:

– دەریای ئەڤین و سووتان هەتا قووڵ بێ مەلەی خۆشە، ئەوەی سەری کلاڵفەی لێ ون کردیت و خستیتییە ماخۆلان، لاکردنەوەکانی بوو... دەمارەکانتی کرۆشت، لەشت وەک شۆڕەبییەکەی چەمی (تافان) دەلەرزی.

(سواره سەگدڵ) دەبێ ئەو بەرخە کچ بێت...؟ لەنجە و لار و گەرموگوڕییەکەی لە کچی دەکرد.

کە ڕووی تیری تێ کردیت نیشانەکەی پێکا و وات ئەزانی نان و پیازت لەگەڵ خواردووە و ئەو گوڵەیە عاشقی بارانە.

مامۆستا بەڕواڵەت ئەڵهای ئایین و ئایینپەروەر دیاربوو، هەفتە نەبوو لە وتاری هەینیدا نەگری و فرمێسکی گەرم نەڕێژێ و وەک جۆگەلە بەچاویا نەیەتە خوارێ.

لە وتارەکانیدا دەیوت: (لە ناو ئاگری سووردا چی بکەین...؟ کێ پەلمان دەگرێ و دەرماندەهێنێ...؟!).

خەڵکەکەش شانبەشانی مامۆستا دەگریان و کوڵیان گەرم بوو، وایاندەزانی لەو دنیاوە هاتووەتەوە و شەیتان و جنۆکە و فریشتە و دۆزەخ و بەهەشتی بەچاوی خۆی بینیوە و ئاگای لە خشەی مار و مێروو هەیە و پەیامنێری ئەو زەمانەیەیە...!!

## ٤٢

دەستت دایە– ئەلفییە– کە و شیعرەکانی ئەو ڕۆژەت لەسەربانی مزگەوتەکە لەبەر دەکرد، کاتێکت زانی خۆی و گۆزە سوور بەلار و لەنجە



هاتن، تۆش وەک ڕاوچییەکی بەئەزموونی (بان مەقان) جاسووست لێ گرت و بەخۆتت وت:

– (سواره ڕێوی)، کێ دەڵێت ئەوجا کەرانە و دۆ نەدیوانە جاسووست لێ نەگرتووە...؟ کەی بەگوڵێک بەهار هاتووە...؟! کێ دەڵێت چاوە چلێسەکانت ڕێشکە و پێشکەی نەکردووە...؟! دار و بەردی لێ نەکردوویتە زەلام...؟! گەمژە بچۆرە ناو چاو و دڵییەوە و بزانە ئەو خۆخواردنەوە و سووتانە دەهێنێ...؟!

بە ناز و منەتەوە بەرەو ڕووت هات و بەچاوە جادووییەکەی تیربارانێکی خەستی کردیتەوە– ئەلفییە– و سەربان و دارتووەکە و چاوەکانتی سێ گاسنە کرد، هەر یەکە لە تۆو– ئەلفییە– و سەربان و دارتووەکە هاتنەوە یەک و بچووک و بچووکتر دەبوونەوە، هەر یەکە بەقەدەر قالۆنچەیەکتان مایەوە...؟! لە ژیانتا وا تیرباران نەکراویت و جەرگ و دڵت بەتەنوورەوە نەدراوە...

– (سواره حۆل) ئەوجا هیچت نەدیبوو غەشیمانە و کەرانە جاسووست لێ گرتبوو بڕوا دەکەیت ئەمە نەوەی فریشتەیە، هەندێ ئەفسانە دەڵێن: مرۆڤی نەوەی مانگ و ئەستێرە هەیە، ببێت و نەبێت ئەم فریشتەیە نەوەی ئەوانە...؟! بڕوا بکە مرۆڤ لەم ئاسکە کێوییە نزیک بێتەوە، ئەگەر خۆی پیس نەکات، میز ڕاناگرێ...

هەتا گەیشتە کانییەکە چەند جارێ لای کردەوە، هەر لاکردنەوەیەکی خەنجەرێکی دەبانی جەوهەردار بوو، سیپەلکی خۆت و کتێبەکەی دەست و پیتەکانیشی ڕادەدا، دەمارەکانتی قەف قەف دەکرد، کاروانی ئاوی ئەو ڕۆژە بەردەوام بوو.

## ٤٣

هەتا بوو لە مامۆستا نزیک دەبوویتەوە، هەولّ و کۆششەکان لە قەف و گـولّدا بوون، ئەویش بەچاوێکی ترەوە سـەیری دەکـردیت، تاکـە سـەرنجت بەرانبەری ئەوە بوو: ڕقی لە (دەنگی فەقێ) بوو، ملی بەلای کۆنینەکاندا دەخوران و پالّپشتی ڕاتبە و دەقنە و سەرقەلّەمانە و مەولوود خوێندنەوە و تەلاّق و مـارە بەجاش بوو، بەلاّم خەلّکی گوندەکە ناو بەناو باشیـان پێ نەدەوت و تانە و تەشـــەریان لێ دەدا، وەک: (تۆپچی و گـــوێ بەزەنگی ئاژەوە و نالّ و بزمار)، تۆش وەک ژێی کەوان دەهاتیـتەوە یەک و سرکە لە ناو چاوت دەباری و دەتوت:

– ئەو و ئەو کارانە...؟! بەرد دەبارێت، ئاسمان و کۆلّەکە...؟!

(سـوارە مـاخـۆلان) وەک دەلّێن: بارت بگرە و باجت بسـێنە، بەچاوی خـۆت نەبیـینی بڕوا مـەکـە، با هەر لە بندەسی خـۆیان بدەن، بەلاّم (سـوارە خۆش بڕوای خەرگۆلک)، ئەوەی تۆی هێنایەوە سەر سفر و بۆچوونەکانتی گردەبڕ کرد و کردیتـییەوە بەقاوغـەکەی خۆتا و حەپەی پێ نەهێشتی، ئەو ڕۆژە بوو بۆ پرسیـارێک خۆت کـرد بەژوورەکەی مامۆستـادا، بەداخەوە ئەو پرسـیـارە چەند پرسـیـارێکی شوومی دەگـمەنی خسـتـەوە، چەند پرسـیـارێ خـوێنیـان بۆ گـەڕی دەشێ و خـوێنیش دەکـەنە کـاسـەوە و لەکـەن بەچاوی زانست و ئایینەوە و گورگ دەکەنە دۆستی دێرینی مرۆڤ...؟!

ئەوە (مارف)ە کەلّەشێری سووختەیە لەسەر کۆشی مامۆستا...؟!

ئەی بەچەمـــەر بێ...؟ ئەو زانا مـــەزنە و ئەو کـــارە...؟! ئەمـــە لە چ جەوالّێکدا جێی دەبێتەوە...؟! لەو دنیایەدا بڕوا بەکێ دەکەیت...؟!

(سـوارە بێ فـەڕ)، هەق بوو ئەو ڕۆژە بتناسیـایە کـە مـارە بەجـاشەکـەی بەڕێ کرد، وەک (مـارف)ە کەلّەشێری سوختـەت بینی، مارە بەجاشەکەشت



بینی، ئینجـا پێـخوییـەک قـوڕبگرەوە و سـەرت لە قـوڕنێ، هەژاران کـوڕی وەک- مـارف- دەنێـرنە مـزگـەوت دەخوێنێ و دەبێـتە سـوخـتـە و ڕاتبـە بۆ ئێمەی (موستەعید) دەکات و مامـۆستـای گەورەش وانە بەئێمە دەلّێت بۆ ئەوەی زانست و پەروەردە و ئایین لە گـەشـــەدا بن و بلاّوبنەوە و ڕێگای ڕاست بگرنە بەر...؟!

(سوارە سەرسەخت) ئەو ڕۆژە بەچاوی خۆت ژنە چەناگە خالاّوییە گەنم ڕەنگەکەت بینی، هاتە لای مـامـۆسـتـا و دەسـتی خسـتـە ژێر چەناگەی پێی وت:

– نوشتەی بای نەزەلّە- م بۆ بنووسە...

کـتـێبـە شـڕەکـەی دەرهێنا و کـردییـەوە، چەند دێڕێکی لێ گـواسـتـەوە و نەخشـەیەکی لەسەر ڕووی وەرەقـەکە کێشا و ئەم ژمـارانەی لەسەر دانا (٧، ٤، ٩، ٣، ,١١.) و پێی وت:

– لە مـوشەممای بـگرە، لە بەرگێکی سووری بگرە و لە ئاوی هەلّکێشـە و ئاوەکـەی بخۆرەوە و بەسـەرشانی چەپتا دایدوورە، ئەم وەرەقـە بچـووکەش لەبەر لووتتا بسووتێنە...

وەک ئەم کتێبە دەلّێت: مەڕێکی چەرموو سوور دەکەیتە مەولوود.

– ئەی مەڕی پەر و تەو و کەوە سوێر نابێ...؟

– بۆچی نابێت مەڕ هەر مەڕە...

تۆش خۆت پێ نەگیرا و وتت:

– (بای نـەزەلّە) چیـیـە...؟! ئەو بایە لە کـوێوە دێ...؟! تۆ بلّـێی ئاوی نوشتـەکە لە باتی دەرمان بێ...؟! ئەی بەرگەکەی بۆچی دەبێ سوور بێ...؟! ئەی جگە لەو ژمارانە ژمارەی تر نابێ...؟!

سوور بووەوە و عەینەکەکەی لە چاوی داگرت:

– چەند سالّە دەخوێنی نازانی بای نەزەلّە چییە...؟!

سـبـەینێ دەبێ بە مـەلای گـوندێک، ئەی چۆن وەڵامی خـەڵک دەدەیتـەوە...؟! خۆ لە برسا دەمریت، لەو بڕوایەدام نازانی دەمی گورگـیش ببەستی... ئەی خەڵک مەلایان بۆچییە...؟! خۆ دابەستە نییە...؟! ئەو ژمارانەش پێیان دەڵێن: (ویفق).

– ئەی (ویفق) چییە...؟!

– لەوانی تر زۆرت هەڵتـران نۆرەی (ویفق)ە...؟! ئاوی نوشتـەش ڕۆڵی خۆی هەیە و دەرمان بەپەرێزیا ناچێت، ئەو بایەش قوورەتی خوایە و دەرد و بەڵا ڕامـاڵ دەکات... قسـەکـانت بەردی سەر چاڵە بەفـرن و گـەرمـییـان تیانییە...

– ئەی بۆ خەستەخانەی شار بۆ ناچێت...؟! ساڵ نییە چەندەها یاسا و دەرمانی نوێ نەدۆزرێنەوە، نوشتە درەختی پەڵکە و سێبەرەکەشی دەرد و بەڵایە...

– بەرز دەفرێت ئەڵێی تازە لەسەر مانگ گەڕاویتەتەوە...!؟

– ئەوەتا نوشتەش لەسەر مانگ هێلانەی کردووە...؟!

لەو قسانەدا بوون کابرایەکی مل هێسی چاو قەلپووچ، کە سمێڵی بەنارێکی هەڵپاچیبوو ئەتوت زەلە و کەر قەپی لێ گرتووە...

– مامۆستا سێ بەسێ تەڵاقم بەدەما هاتووە و وتم:

– دووپێت نایەتە ئەمدیو حەوشەکەوە...

– بە سواری کەرێک بچۆرە حەوشەکەوە، مەڕێکی کەوە سوێر بێنە و ئەمشەو قەڵتاخ لێدە...

(سوارە دەم شڕ) خۆتت پێ نەگیرا و وتت:

– ئەو فێڵە لە دانەری یاسای گەردوونیشە و گاڵتەشە بەیاسای تەڵاق.

– وتم بەرز دەفرێت، بەڵام نزم دەنیشیتەوە، بەقەیسەریدا بڕۆن سەر دادەنەوێنن...



لای خۆتەوە وتت:

– (مرۆڤێکە مێشکی چاڵەمشتە کراوە... لە خوتبەی هەینیدا نییە نەگرێ و نەڵێت: کێ لەو ئاگرە سوورە ڕزگارمان دەکات...؟!) کاروانی مەڕە زەکاتیش سەرقافڵەیە...

سەرقەڵەمانە: بای نەزەڵە و ویفق و کوڵە چوارشەممەی مانگی سەفەر و نەزۆکی و بەستنی دەمی گورگ هەمیشە کڵاشە دەکەن...!! ئاو بوەستێ ئەوان ناوەستن و پەرستگای مێشک بە کا ئاخنراوەکانن، بەلای خۆیانەوە لە دۆزەخ دوور دەخرێنەوە...

(سوارە گەمژە) لە پێشەوە لێی تێ نەگەشتبوویت، تفەنگت بەتاریکییەوە دەنا، نەت ئەزانی بەبێڵەکەی کونە مشک ئەسپەرەڕێژ دەکات، ئیشی چاو بەستە و داس لە سەپان دەشارێتەوە...؟! لای ئەو قوڵینەی سواڵی لە مزگەوت و خواناسینە و ئەوەی بەرانبەریان بووەستێ شیوعییە...

## ٤٤

(ئەحمەد ناسر) سوختەیەکی زیتەڵەی قالۆرەیی بوو، هەتا بڵێی چالاک و قسەزل، قسەکانی لە خۆی زلتر، لێپرسراوی نان چنینەوە، واتا ڕاتبەبوو. ئێواران قوڵینەکەی هەڵدەگرت و ڕیزی بەماڵاندا دەگرت، تۆش وانەکانیت دوا نەدەخست و کۆششت لەگەڵ دەکرد... هەموو جارێ مامۆستاش پێی دەوتیت:

– ئاگات لە (ئەحمەد) بێت.

ڕۆژێ پێش خوێندنی وانە پێی وتیت:

– مامۆستا، (پەری) هەر باس و ستایشت دەکات.

– چۆن...؟!

– کەم ڕۆژ هەیە نەڵێت: مامۆستا (سوارە) چۆنە...؟!

ڕۆژێکیش وتی: کوڕێکی جوانە، شەرمن دیارە...؟ ناوەکەشی خۆشە، لە موستەعیدەکانی تر قۆزترە...

– پێی بڵێ ئەویش وەک تۆ وایە، بەڵام بەهێمنی وەک لە بن دار هەڵووژەکەدا پێم وت: لە یەکەم چاوپێکەوتنەوە ناوم ناوە (فریشتە) و هەر واشی پێ دەڵێم.

– ئەحمەد– ئەمانە نهێنین، ئەم ناوە لەسەر گیسکێ زەلامێک دەکوژن و لە پرسەکەشیدا دادەنیشن.

– (فریشتە)ش پێی وتم: درکاندنی زیانی هەمووماني تیا هەیە، هەناسەیەکی دووکەڵاویت هەڵکێشا و بەخۆتت وت:

– (هەتا بێ وێنە و ئەڤین و دیمەنە ڕەنگینەکانی لات جێگیرتر دەبن و لێت دوورناکەونەوە و لەناو چاوت و شیعرەکانی(ئەلفییە)دا و پیتەکانیان هێلانەیان کردووە، ئەتوانم بڵێم شەو نییە بەخەو نەیبینی، ئەوەی گوللەبارانی یەکجاریی کردیت، ئەو قسە شیرینە بوو (تۆ بڵێی ڕۆژێ بێت بۆ یەک بین)...؟!

(سوارە خوێڕی) ئەو ڕۆژە کەیە...؟! کەی گورگە لۆقە بەرەو ئەو ئەڤینستان و پەیمان و جێگایە هەنگاو دەنێی...؟! تۆ بڵێی بگەیتە ئەوێ و شێت و پەتەڕی نەبی...؟! (سوارە) دیارە پیاویت، ئەوەتا– فریشتە– ی ئاسمان نرخی بۆ داناویت... بەڵێ، ماکەر لەوەڕێنەکەی جاران نیت و پیاوێکی تریت.

ئای لە خۆشیی ئەو شەوەی فریشتە هاتە خەوت، لە خەوەکەتا بەئاسمانیشەوە بەلارولەنجە دەڕۆیشت و زەردەخەنەی لە بان لێوەکانی دەباری، هاتە لاتەوە و پێی وتیت:

– مامۆستا سوارە چۆنی...؟



– فریشتە خان ئەی تۆ...؟

– (ئەحمەد) ئەم ناوە نوێیەی پێ ڕاگەیاندم، منیش هەر چەند ناوەکەت خۆشە و مەلی خۆشەویستیم بەو ناوەوە دای لە شەقەی باڵ، پێم خۆشە پێت بڵێم (شەماڵ) لەبەر ئەوەی بای شەماڵ تۆی بۆ ئێرە هێنا و ئەو چالاکییە دەستکردی ئەوە و هەر لەو دەوەشێتەوە و پرچی عاشقان شانە دەکات... خەرمان سوورکردن پیشەیەتی و تەپڵی بیماری بەرەشەبا لێدەدات.

– بە خۆڕایی ناوم نەناوی– فریشتە– ئەم قسە و وتووێژانە هەر لە تۆ دەوەشێنەوە.

## ٤٥

لای خۆتەوە لەو خەوەدا وتت:

– (سوارە گەواد) ئەمشەو بەستەی خۆشەویستی و بەختەوەری دەچڕیت، زەردەپەڕیت و پێدەکەنی، بەڵام وات ئەزانی پێش ژووان ملت لاردەبێتەوە و چاڵە قووتەکە هەڵت دەلووشێ و لەوە دەترسایت شەوێکی خەواڵووی بەد مەست بێ و بەپاڵم و بەستم هەنگاو نەنێت و زوو کۆتایی پێ بێ...

(سوارە) ئەمشەو شێت و شەیدای تاریکیت، بەڵێ شەوێکی تاریکی بێ کۆتایی، دیارە سروشتی شەمشەمەکوێرەت هەیە و بەباڵات بڕاوە و شانازیی پێوە دەکەیت و بەرخە چارت لە ئامێز دەگریت...؟!)

بۆنی شەمامەکانی دەکەیت و لە باخچە ڕازاوەکەی سینگیا هەوای پاک هەڵدەمژیت...؟! لەو گەردنە زەردە باڵا ڕووانەدا خۆت دەبینیتەوە، چاوە کوژەکەییەکانی دەکەیتە نیشتمان و مەزار و بەرگری لە وڵاتی ئەڤین دەکەیت...؟!

***

له ناوەڕاستی ژوورێکی چوارگۆشەییدا لبادێک داخرابوو، هەر چەند جێگاکەتان ڕەق و تەق بوو، بەڵام لای تۆ دیوەخانەکەی (مەحمود پاشا)ی جاف و باخ و باخاتی- شەقڵاوا- بوو، شەماڵ و بای وادە چیمەنیان تێدا ڕاخستبوو، سەرلەنوێ تەمەنیان دەنووسییەوە، تۆش سوارێک بوویت، بەتەنها تۆزت دەکرد، ماینی عوبەیەی ئەڤینت کلکی کلاڵفە کرد و پرمەی کاتژمێرێک دەڕۆیشت، گەز گەز باڵات دەکرد، ئەو شەوە بوو تیا کەر شەهیدبوویت و لاولاوی تێکئالاّن خەرمانی گریان و شادیی بەدەم بای شەماڵەوە درا، مالووسکەی سووری خەرمانەکە بەستەی ئەڤینی دەچڕی، تەونی ژیانی نوێ هەڵخرا و بڕرا...

(فریشتە)ش دەلەرزی ئەتوت سوورە کەروێشکە و دەستی ڕاوچیی پێگەیشتووە...

(سوارە سەلکەزۆڵ) ئەوە تۆیت باخ و بێستانی- فریشتە- دەڕنیت، گوڵ و تیشک دەچنیت...؟! خەرمانی خۆزگە و ئاوات هەڵدەگریت...؟ بەبۆنی مێخەکبەند و شەمامە و گەردنی زەرد مێشکت ئاوەنیا دەکەیت...؟ پاشای سەر زەمینی و هەرگیز نامریت و گیای نەمری لە بەرکتایە...؟!

(سوارە یەک شەوە) تۆ لە کوێ و- فریشتە- لە کوێ...؟!

کۆترە باریکە بەسەرتەوە نیشتووەتەوە، کارژۆلەیەکە لە گوڵ ناسکترە، لەسەر چاوت داینێ و پێڵاوەکانی بکەرە میدالیای ملت، تەمەنت درێژدەکات، لە بەهەشتی بەریندایت، بەڵام دوعا بکە شەوەکە تاریکتر بێ و کۆتایی نەیەت و ئەستێرە بەئاسمانەوە شەتەک درابن، بۆ ئەوەی ئەڵقەی گرێ کوێرەکان بەتەواوی بپسێنێ، ئەزانی- فریشتە- ی نێچیری ئێستات لە کوێ بوو...؟! بەزەردێکەوە بوو ئەتوت لە خەویشدا هێز نییە دەستی بیگاتێ و گرێکات، بەڵام (سوارە شەیتان) بوویتە هەڵۆ و ئەو نێچیرە خۆی بەباڵەتەپێ هات بۆلات و باڵە نەخشینەکانی نیشاندایت و پریاسکەی دڵی بۆ کردیتەوە و بڕوانامەی نەمریی دایتێ.



٤٦

(سوارە بیندرێژ) ئەو بەهارەش وەک بەهارەکانی تر خۆت ئامادەکرد، بۆ ئەوەی سەفەر بۆ گوندەکەت بکەیت و باری شانی باوکت سووک کەیت، باوکت مرۆڤێکی دەست سپی و نەکردە بوو، کارەکانی ئەم وەرزەش زۆر بەیەکا چووبوون، دایکیشت ژنێکی سەلاری دڵسۆز، هەمیشە تەونی بەدارەوەبوو، بەرەی دەبری هۆڕی هەڵدەخست، هۆڕیشی دەبڕی خوێدانی هەڵدەخست، کەڵکیت لە دەستی نەدەکەوتە خوارێ، ئەوە باسی مەشکە و مەلاّن و کەرەدان و پۆڕک هەر ناکرێ، کە دەڕۆیشتیتەوە دەهات بەپیرتەوە و شینی دنیای بۆ دەکردیت، جۆرەها خواردنی بۆ زەخیرە دەخستی و وای دەزانی لە برسا مردوویت و لاکەی سکت دێ و ژەمبوردەیت.

(سوارە نەحلەتی) ئەم سەفەرەت بەدڵەڕاوکێ و سەیر و سەمەرە پانەهۆن کراوە، چۆن- فریشتە- ی دنیا و قیامەت ئارامیی گیان و هێزی ئەژنۆ و ترووسکایی چاوت و خەمی شەو و ڕۆژت، خەندەی هەتاو چۆن بەجێ دەهێڵیت...؟! نازانم هەنگاوەکانت بەدواتا دێن...؟! ناشکرێ نەشڕۆیتەوە.

هەموو بەهارێک لە کاتی ئیشوکاردا سەفەرت کردووە و باوکت چاوەڕێتە، ئەوە دایکت هیچ، چرکە و چارەک و سەعات دەژمێرێ و نەچوونەوەت هەر نییە.

٤٧

(سوارە چەتوون) کە گەیشتیتە گوندەکەت چەند دیمەنێکی قێزەونی وەک:

خەمڵ و خەرمان سووتان و کلکی گابڕین و ڕەش هەر ڕەشە ڕەشماڵیان بەسەرا هەڵدایت و وەک گورگی کەوەڕۆژ کەوڵیان کردیت ماچەکانی

دایکت ئەو تەمومژەیان ڕەوانەوە و بوونە ترپەی باران.

بەرەو حەوزی پیاوان ملت نا لای مزگەوتەکە یادەوەرییەکان وەک بارانی پەڵە بەسەرتا دەبارین و کەوتنە زاووزێ و لای خۆتەوە وتت:

– (ئەوە ئەو بەربەرۆچکەیەیە کە لەگەڵ هاوڕێکانتا قورئانتان تیا دەخوێن، شیعرەکانی– ئەحمەد– یتان لەبەر دەکرد و لە یەکتریتان دەپرسییەوە و دەوری کتێبی: ئیقبالنامە و ئاوی حەیات و گوڵستان و بۆستان– تان دەکردەوە، ئەوەی لەبەری نەبووایە شەق و زللەی باوکتی دەخوارد، باوکت هەتا بڵێی تووڕە و کەللە شەق بوو، بەتایبەتی لە کاتی نزیکبوونەوەی مانگانەدا سرکە لە ناوچەوانی دەباری)... – سوارە– لەو لایەنەوە سەرت سووک و کەشکت فەریک بوو، کەس داوای مانگانەی لێ نەئەکردیت، عەقڵت جام بوو کەللەت پووت بوو، گاڵتەت بەهاوڕێکانت دەکرد، بەتایبەتی هەژارەکان.

(سوارە گورگە مێش) ئەو ڕۆژەت هەرگیز لەبیر ناچێت باوکت وانەی بە(خدر حەیدەر) دەوت و بۆی ڕەوان نە ئەکرا و پێی وت:

– مێشکی ئەڵێی بەبەڵمە برنج ئاخنراوە و تێگەیشتنی نییە، ئەوە سەیرە مانگانەکەش درەنگ دەهێنێ...؟! باوکیشی هەمیشە بەڕێی (تەکیە)ی شێخ حەمدوونەوەیە و بەتەمایە ئەو بیخاتە بەهەشتەوە...؟!

ئەوەش جێ سەیرانی بەهارانی خۆت و هاوڕێکانتە، ماست و شیرێژ و ڕۆنەکەرە و هێلکە و خورماتان لەگەڵ خۆتان دەبرد، لەناو گوڵ و گوڵزاردا یاریی چاوشارکێ و کێلەبەردینە و هەدار هەدارتان دەکرد، جار جاریش شەڕە شیعرتان دەکرد، تۆ گیانت بەشیعرەکانی– ئەحمەدی– بوو، بارت سوار بوو. ئێوارانیش لە حەوشەکەدا باس هەر باسی، بەراو و دێم و پاڵە و بەکرەیی و قرشەشکێن و جۆماڵ و شتە غەیبییەکان بوون، جار جاریش هێرشیان دەبردە سەر شار و ئەیانوت:



– شار جێی سەر ڕووت و لنگ ڕووت و سینەما و مەلهایە، ئەمانە لەگەڵ ئاییندا ئاگر و پووشوون.

(مامە هۆمەر)ت... تیری دەخست و کەوانی دەشاردەوە و شاری تف باران دەکرد و دەیوت:

– هەر چەندە سەیری ئەو خامانە دەکەم کە ڕەمەزانان بەڕووی چاخانە و چێشتخانەکاندا دەدرێ هەردوو چاوم کوێر دەبێ... باشیان ناوناون: (رووسخانە)... ئەگەر دەسەڵاتم دەبوو بەمرۆڤە چڵێسەکانیشەوە دەم سووتانن، ئەو مرۆڤانە گیایان بەکێوەوە خواردووە.

مامە (ئەکرەم)یش دەستێکی بەسمێڵە چەپ و چیرەکەیا هێنا و وتی:

– سوپاس بۆ خوا سەر و ساختیم لەگەڵ شاردا نییە، ئەگەر لەساڵێکا بچم، چاوم بەڕەشەوە دەچێت و لە کۆڵانێکا ون دەبم، لەبەر ئەو گوناهانەیە بوومەلەرزە دنیای کاول کردووە.

مامەت (هۆمەر) وتی:

– گەرەکمە داوا لەخواوەند بکەم بوومەلەرزە سینەماکان بەسەریانا بڕووخێنێ، با لەو دنیا سیر بخۆن و زوڕنا لێدەن، بەڵام نانی شوانیان خواردووەو، ئەو غەزەبەیان هەر پێ دەگات، ئەمڕۆ نا سبەینێ.

(سالە) کابرایەکی سەرەڕۆی بزێوی چەتوون، ئەتوت کڵاوی سەخری جنی لەسەردایە، هەر دەمە لە شوێنێ ساباتی دەبەست، هەڵیدایە و وتی:

– ئەی ئەو وێنە بۆرەقنە جنۆکانە بۆ ناڵێی لەسەر کتێبی مەکتەبلییەکانی شار کێشراون...؟! دەبێ لەو دنیا زیندوویان کەنەوە...؟!

– هۆمەر– ش دەستێکی بەسمێڵ و ڕیشە کۆستەکەیا هێنا و وتی:

– جا بەو پاشەڵ گواوییانە زیندوو دەکرێنەوە، مەگەر لە دوورەوە هەر باریکان بڕێسن؟!! خوا ئەو خوایەیە کە بۆ هەموو کانییەک خێوێکی داناوە و هەر یەکەیان جلوبەرگ و ئایینی خۆی هەیە و سروشتیان جیاوازە و

شەوانە بۆ یەک لە سەنگەران.

(سوارە ژەمبوردە) ئەوەش چیای (دێوانە)یە، وەک ڕاوچییەکی ڕاو دیدە لەوێدا نێچیری فرەت ڕاوکرد، ئەو نێچیرەی بەزیندوویی و لە یادتا مابێتەوە (خەرامان)ە، دەوەن و شێخەڵ و دارەبەن و گابەردەکان شایەتن ئەو ڕۆژەت لە بیرە کە پێی وتیت:

- (سوارە- خۆزگە- مەنیج- ی خوشکت دەدا بەباوکم، منیش لە ژێر درەختی ئەڤیندا دەحەسامەوە).

تۆش وتت: بەڕیشی کێ ڕەوایە کچێکی پانزە ساڵ کالاّی بالاّی حەفتا ساڵێک بێ...؟!

بەڵام (سوارە ڕێوی) ئەوەی وەک فرمێسک دەدرەوشێتەوە چووەتە مۆختەوە و وەک مردن باڵ دەگرێتەوە نەمرە و وەک ئاو کۆتایی نایەت و وەک کانی وشک نابێ، (فریشتە)یە (پەری هەر ستایشت دەکات کەم ڕۆژ هەیە نەڵێت: (مامۆستا سوارە چۆنە، خۆزگە ڕۆژێک دەهات بۆ یەک دەبووین، کوڕێکی جوانە).

(سوارە قوڕبەسەر) هەتا ئەو ڕۆژەی دەتخەنە گۆڕی تارەوە دەروێش و سەگی بەر قاپییەکەی- فریشتە- یت ئەو شەوانەت لە بیردەچێتەوە وەک ڕەشمار بۆی دەکشایت و تەمەنت سەرلەنوێ دەنووسرایەوە، وات ئەزانی لەسەر سەکۆی مانگ پاڵت لێداوەتەوە و هەنار و پرتەقاڵ دەڕنیت و لەناو سەهەندایت.

کە چاوت بە(ماین زەرد) کەوت، خەم و خەفەت سواری کۆڵەی سینگت بوو پێت وت:

- بە داخەوە گوێت تەپ بووە، کلۆتت بەقەدەر تۆپێک دەرپەڕیوە، شیلەت پێ نەماوە و بەرازەت دەرکردووە.

جاران سەر و کەللە و زین و سەرزین و ڕەوت و وێرغە و ڕمبازی هەر لە



خۆت دەهات، کە کلکت کلاّفە دەکرد و گوێت قوت و ملت خووز دەکرد، چ سوارێک دەیتوانی تۆزی قولت بشکێنێ...؟!

جارێک هەڵی گرتیت و باڵی گرتەوە و چوار پەلی بەحاڵ دەکەوتنە سەر زەوی و لەگەڵ ئەستێرەدا کۆڵەکەیان دەدا، تۆش کۆڵی سوار بوویت، وەک شووتییە کۆڵە داتی بەزەویدا و سەرت شکا، ئەو کەسەی زوو گەیشتە سەرت- خەرامان- بوو، تۆزی لێ تەکانی و هەڵیسانیت و لەسەر کانییەکە ئاوی بۆ هێنایت و کردی بەدەمتەوە و بەدیارتەوە دەگریا و دواجار پێی وتیت:

- (سوارە) سوار هەتا نەگلێ نابێ بە سوار...

ماینە زەرد کوێتیش لۆژی بەسەرتەوە دانارد و ئاو بەچاوەکانیا دەهاتە خوارێ و کز و کەلەلا بوو، بستێک لێت دوور نە ئەکەوتەوە و ئەتوت کۆستی کەوتووە...؟!

## ٤٨

(سوارە سنگ هەڵکێش) لەسەر بەردە دۆڵەکەی حەوشەکەتان دانیشتیت، ئەو ڕۆژانەت بیرکەوتەوە کە لەوێدا برێنگەکەت بەدەستەوە گرت و مەڕ و بزنەکانت دەبڕییەوە، ئەوەش ئەرکێک بوو چەلومەل بوو بەسەرتەوە، بەتایبەتی بڕینەوەی مەڕ لەبەر ئەوەی دەبووایە چوار پەلیت ببەستایە، تا خۆی ڕانەپسکێنێ و لای ڕکەت لێ نەگرێ، ئەو ڕۆژەت لە بیر ناچێتەوە مەڕە (تەو) بەنی پێبەستەکەی بچڕی و لەقەیەکی کێشا بەدەمتا و دەمی سوور و سوێر کردیت، یەکێک بوو لەو مەڕانەی ساڵ دوانزەی مانگ پزووی بوو، ئەی ئەو ڕۆژە بۆ ناڵێی کە بەبڕێنگەکەت گولێنکەی بزنە (خەزاڵ)ت بڕی و باڕانی... بەتەواوی پشتی سارد کردیتەوە، لەبەر ئەوەی گولێنکەی سروشتیت زۆر خۆش دەویست، بەڵام

کۆڵەکە لەگەڵ ڕێکەوتا نادرێ...

(سوارە سەر بەگۆیەن) جیهانی برینگچێتی وەک ناخۆشیی هەیە، خۆشی و شادیشی هەیە و بەدەست مرۆڤ نییە، ئەوە بوو ئەو ڕۆژە- لە کاتی برینەوەی بەرخەکاندا (نازە چاوشین) حەوشەکەتانی پیرۆزکرد و حەوشەکەی لە بۆنی سمڵ و مێخەک تەژی کرد، برێنگەکەت فرێ دا و پاڵت بەدیواری ژووری پشت دالانەکەوە دا و ماندووت حەسایەوە و چوویتە ناو چاوە ئاسمانییەکانییەوە و باخ و باخاتیت تەی کرد، ئەوەی لێی تێکدایت هاتنی باوکت بوو، چاوی پەڕییە پشتی سەری، تەرزە لە ناوچەوانی دەباری و پێی وتیت:

– سەگباب ئەم ماڵەی منت کردووە بەسۆزانییخانە. بڕۆرەوە ملت بشکێنە و ئیشی تۆم ناوێ، بەرگنی بەرخەکانیشم لێ حەرام بوو، ئەبینی پارە ناکەن و پیتی بەئاسماندا دەچێت، فریشتەش سەر بەم ماڵەدا ناکات.

## ٤٩

(سوارە سەلکە سەگ) هەر ئەمرۆت لێرە ماوە، تێر سەیری زەوییەکەی (زەلان) بکە و چاوت بەدیمەنی برێژە، چەند ساڵێک وەرتە و بەرەت تیاکرد و بانە و گاوخانت تیا برییەوە، هەوجاڕ و مژان و بەرکۆڵە و هەپە و گاینجە و بەرروولەت لێکدا و لێک داژەنی، زەوییەکی بەپیت و بەرەکەت، ساڵ نەبوو گەنمەکەی کۆڵەکە نەدات و بزن و مەڕ و کاوڕی لەسەر سەرنەبڕێ، بۆ ئەوەی چاو کاری تێ نەکات.

سەیری- گردە گڕوێ- کە لە حیکایەتە کۆنەکاندا ناوی هەیە و پێیان دەوت: (گردی ماران) دەنگی فیشکەی مار و لوورەی گورگ و چەقەڵی ئەو گردە مێشکیان کاس دەکرد.

(سوارە) بۆچی دەبێ ئەم گردە لە گرد و شاخەکانی تر ماری زیاتر



بێت...؟! ئەڵێن کاتی خۆی (مەهران پاشا) فەرمانڕەوای ئەم ناوە بووە و ئەم گردەی بەمار داچاندووە، بۆ ئەوەی دوژمن لێرە بار و بارگە نەخات و گەڕی بارە ترێ بەم دەڤەرە نەکات، لە حیکایەتێکی تردا دەڵێت:

کاتی خۆی کچی (شای ماران) لەم دەڤەرەدا ژیاوە، ئەم مارانە سوپا و قەڵغانی ئەون، کە دوژمن هێرشی بۆ ئەم گردە کردووە، خستوویانەتە چاڵە قووتەکەوە و بەرەو دۆزەخ ڕەوانەیان کردووە.

## ٥٠

(سوارە سەر شین) دیمەنی شار لەبەر چاوت ترش و تاڵ و مۆن بوو، ئەوەندە مۆن بوو، گوێزی دەکردە هەمانەوە، تەمومژ، کەپرۆکەی بەسەریەوە کردبوو، شەڕ لە ناوچەوانی دەباری، دەموچاوەکان نامۆ و شەڕەنگێز، ڕایەڵەی کێشەکان لوێڕ، شەقامەکان ماری کلک بڕاوبوون.

ڕووی دیوارەکان گریان لێ دەبووەوە و چەخماخەیان دەدا، تاوانی دوژمنیان تۆمار دەکرد، گەورە و بچووکیان بانگ دەکرد بۆ ئەوەی سروود و دروشمەکان بخوێننەوە و کانی هۆشیارییان بتەقێ و ڕقیان ئەستوورتر بێ و منداڵەکان پێناسەی چاوچنۆکەکان بناسن.

(حەمە هەوراز)ی هاوڕێت پێی وتیت:

– لە کوێوە...؟

– گوندەکەی خۆمان...

– ڕەنگ لە ڕووت بڕاوە...

– بۆ ئیشکردن ڕۆشتمەوە...

– زوو بگەرە (سوڵتانە) دێ، خوێن دەبارێت، بەندیخانەکان پڕن، ئاسۆ تاریکە، هەر خەڵک دەگرن و ئەڵێن شیوعییە سۆفی و دەروێشەکانیش بەکوڕی- مارکس- دەزانن...

– کەوابوو هەتا با لەم کونەوە بێ قوتابخانەکەمان هیچ...؟!

– قوتابخانە...؟! ئەڵێی لە گوێی ماکەرا خەوتوویت، ئەڵێن سبەینێ گەورەترین خۆپیشاندان دەکرێ، یەکێک لە دروشمەکان ڕووخانی ڕژێمە.

لەمەوپێش ئیجازەیەک لە مزگەوتی (بن تەبەق) وەرگیرا زەوی قڵیشایەوە و قوڵینە و توورەکە و قاپی چێشت لە ئاسمانی ئاهەنگەوە دەهاتنە خوارێ، بۆ جاری چوارەم (حەمەی مەلا)یان گرت و پێیان وتبوو:

– ئەمە سەری مارەکەیە... بڵاوکراوەی (دەنگی فەقێش) ئەم دەری دەکات.

– بۆ گوندی (سوڵتانە) دێ ناچمەوە هەتا هاوبەشی لە خۆپیشاندانی سبەینێدا نەکەم.

– کێ دەڵێت: سبەینێ ڕێکدەکەوێت.

– سبەینێ، دووسبەی، سێ سبەی...

– بۆ لای سەری مارەکە ڕاپێچت دەکەن...

– ئەوانە سەری مارن کە سەربەستی لەوچە دەکەن و ژەنگ بەرچاوی گرتوون و ڕۆژێک دێ ماری سکی خۆیان دەیانخوات، دەبێ تاوانی ئەوانە لەبیر بچنەوە...؟! نەخێر تانەن بەسەر چاوی کۆمەڵەوە، ئێمەش بێ پشت و پەناین، ناوێرین بەسەربەستی داوای زانست و ژیان بکەین، ڕێگای مەکتەبی شەوێمان بەمین چێنراوە و هەر دەبێ لاپەڕە ژەنگاوییەکان هەڵدەینەوە.

## ٥١

(سوارە سەر بێوڵەت) دەنگێک لەناو شارەوە بڵاوبووەتەوە:

لەمەولا بۆنەکانی وەک: شانۆیی و کۆڕی ئەدەبی و دروشمی سەر



دیوارەکان قەدەغەن ئەوەی سەرپێچی بکات بەسزای خۆی دەگات و لە خوێنی خۆیا دەگەوزێ.

تۆش لای خۆتەوە وتت:

– میللەت شەیدای ئەو شتانەیە کە قەدەغەن.

وشەی (قەدەغە) پشتکۆڵی دەرگای درۆ و دەلەسەی دوژمنە و ئەو چیا گەورەیەیە کە پشتی پێوە دەدات، بەڵام قەدەغەکراوەکان دەبنە ئاگر و بارووت و دەیانکاتە قەرەبرووت و دەیانخاتە ڕووبارێکی بۆگەنەوە و بەزەڵم و تانجەڕۆش پاک ناکرێنەوە، هەتا کەی نەیارەکانی فەقێ جبەی گەمژەیی لەبەر دانامالن، دژایەتیی ئەو چینە هەژارە بێ پشت و پەنایە، دژایەتی و سەرەتانی میللەتە.

ئەگەر پاڵپشتی ئەوانن شێر بەگوێ دەگرن و سواڵ ناکەن...؟!

یان هەر هیچ نەبێ فتوای قنگە و ڕکیان بۆ نەدەن، ئەگەر بڵێیت فەتواکانیان زۆرن و وەک مارەکەی شێخ هۆمەر بەملی خەڵکەوە دەئاڵێن، ئەوەتا فەتواکانیان لە لایەک مزگەوت و منارە دەڕووخێنن و لە لایەکی تریشەوە ژن لە پیاو جیادەکەنەوە و دەڵێن کاتی خۆی مارەت نەهاتووە و مێردەکەت ئێستاش شیوعییە و کوڕی مارکسە، مارکس کەی تەڵاقی هەبووە...؟!

کون نییە سەری پیا نەکەن، لە هەر لا ئاشە کتک فەڕاشە.

(سوارە) خۆپیشاندان نە سبەینێ و نە دووسبەی و نە سێ سبەی و نە چوار سبەی نەکراو... چاوەڕوانییەکەت ڕەشەبای زەمانە بردی، تۆش دەمێکە لە خوێندنەکەت دابڕاویت و لە لایەکەوە زەرەرمەند بوویت.

(فریشتە)ی ئاسمان و کوولەکەی ڕۆحت لەوێوە بوەستێ، کە بەچرکە لێت دوور نەدەکەوتەوە و مانگ و ئەستێرەکان و دیمەنی گوندی (سوڵتانە)ش سەرە تاتکێیان لەگەڵ دەکردیت و ماچ و سڵاویان بۆ

دەناردیت، تۆش چیرۆکە مەزەدارەکانت بۆ دەگێڕانەوە و گەرەکت بوو هەنگاو بەرەو ئەو مەزارە پیرۆزە هەڵگریت و ئاواتەکانت دەمەزەرد کەیتەوە و بچیتەوە ناو چاوی (فریشتە)کەت و لە سێبەری هەنارەکانیا بحەسێیتەوە و ئاهەنگ بگێڕیت و تەمەنت سەرلەنوێ بنووسرێتەوە و لە بەهەشتی بەریندا پشوو بگریت و شا بە سەپان نەزانیت.

چاکت بەلادا کرد و بوخچەکەت کرد بەقەفی گالۆکەکەتا و پێت هەڵگرت و شارت بەجێهێشت...

(فریشتە- چاوەڕێیە- چاوە جادوویییەکانی ڕێگاوبان دەکێڵێت، دڵی هەزارە دەکات، یادگارەکان سێ گاسنە و بەسەر دەکاتەوە، قسە لەگەڵ ڕەز و باخ و پەچەمەڕ و تەنوور بانەکان دەکات، بەشەماڵی ئەڤین سەریان شانە دەکات و پەیمانیان لەگەڵ نوێ دەکاتەوە).

(سوارە قیرسیچمە) بۆچی بەتەنها ئەوت لەبیرە و ڕۆحت دەکرۆژێ و لە ناو ئێسقانەکانتدا ڕەگی داکوتاوە...؟ بۆ زۆڵەزا... کەم باخ و باخاتی ترت ڕنیوە...؟!

ئەوەی هەناوی قەف قەف کردیت و لەبیرچوونەوەی نییە، ئەوە بوو ئەو ڕۆژە (ئەحمەد) پێی وتیت:

- لەسەر تۆ، لە- فریشتە- یانداوە.

تۆش جوابت بۆ نارد و وتت:

- ئەگەر وا بکات چاڵ بۆ منیش هەڵدەکەنێ، هەزارەها هاتوچۆ بەژووانێک نابێ، خۆی باش دەزانێ (ڕەعنا نافەک شۆڕ) لە سەنگەردایە و ئەوە فیتی ئەوە...

پێش ئێمەش چەند ئەوینێکی لەم گوندەدا ناشتووە و فێرە بەو شەلینە و ڕەشەبایە و خەو لە چاوی ناکەوێ، کار بەو حاڵە بڕوات چوارپینەمان دەکەن.



٥٢

(سوارە ئۆینباز) شەکەت بوویت، قاچت قاپاوێژیان دەکرد، ئەژنۆکانت دەلەرزین، ئەتوت سایەل لێی داویت، هەنگاوەکان لە دوات نە ئەهاتن، لاتدایە گوندی: (خاکەرۆ- ماڵی مەلای گوندەکە باوەشی بۆ گرتیتەوە، ئافرەتێکی سپی و سۆڵی پۆشتە و پەرداخ و بۆشناخ و چاوکاڵ و بەڕوو لووت، سمت باگردینی، تەمەنی شانزە ساڵ تا حەڤدە دەبوو، بەزەردەخەنەوە بەخێرهاتنی کردیت)...

(سوارە ناوەجاخ) لە یەکەم چاوپێکەوتنا بەنجی کردیت، چاوی لێ نە ئەگواستیتەوە و هەر لێت دەهاتە پێشەوە و ئەتوت بەیەکەوە قاوت و ڕۆنتان خواردووە...!! وێنەی مەلایەکیش بەدیوارەکەی بەرانبەرتەوە هەڵواسرابوو.

- ئەوە وێنەی باوکی مامۆستایە...؟

دەستی خستە سەر دەمی و بەپێکەنینەوە وتی:

- ئەوە وێنەی مەلای مێردمە...

- بە کچی ئەو دەشێی...؟!

- کچی لە من گەورەتری هەیە...!

- تێناگەم...؟! مێشکم درنگەی دێ...

- ئەوە چیرۆکێکی ستەمدیدەیە و کۆتایی نایەت.

(سوارە کەرپیاوی مەلیچەری) سەیری پا و پووزە بەفرینیکەی، ئەی پاوانەکانی بۆ ناڵێی...؟! لێی بووەتە نەقش و نیگار، ئەم بەرخە و ئەو وێنەیە...؟! هەر خودایان یەکە، کێ دەڵێت: ژنبەژن نییە...!؟

تۆ بلێی بەنوشتە و جادوو سابوونی لە ژێر پێی نەدابێ...؟! ئەم کارمامزە چۆن خەڵەتاوە...؟! کێ دەڵێت ئایینی کەمەنکێشی نەکردووە...؟! بڕوا ناکەم ئایین کەمەنکێشی کردبێ، ئەوەتا هەر چاوێکی کردووە بەچوار چاو و خەریکە لێت هەڵدێ... بەڕاستی (سوارە مل گاینجە) ئەم مەتەڵە هەزار لۆغانەیە بەتۆ هەڵنایەت، هەتا زوو پرسیاری لێ بکەیت درەنگە وەک ئەڵێن: (پرسابە و زانابە).

– پێم بڵێ چۆن بوویتە هاوسەری ئەم وێنەیە...؟!

– ئەو وێنەیە لە چاو ئێستایا ئاسمان و ڕێسمانە...

– هیچی پێ ماوە...؟

– خێزەی سەر سینگی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات و ئەڵێی جن باری کردووە، چیی پێ بمێنێ...؟ قرخە بواری نادات و هەناسە برکێیەتی و لەشی دەکەوێتە سەر ئارەق و ئەڵێی ئاوەڕووتت کردووە و جگەرەم بەسەرەوە دەکێشێ...

زیاتر خۆی پێوە نووسانیت و گەرمیی گەیاندە ڕانت، دەمارەکانت بەرزبوونەوە و پێی وتیت:

– شەو (مەلا) دەچێتە خەوی باوکم و باوکیشم منی خەڵات دەکات و مارەم لێی دەبڕێ، بەیانی هەڵدەستێ و نوێژەکەی دەکات و (مەلا) خۆت بگرە و هاتم، خەوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و خەوەکەی دێتە دی و بەمەلا دەڵێت:

– پیرۆزت بێ...

– فریشتە و ڕابەران و پیاوچاکان، هەمیشە پاڵپشتی زانا و خواناسانن، لە خەویشا ئاگایان لە یەکە و بێ یەک ناژین و بێ یەک ناچنە بەهەشتەوە...

– مەلاش بەسەر ناز و نیعمەتا کەوت و ماڵ و منداڵی جێهێشت و



پەلی گرتم و ئەم شوێنە دەیمەرۆکەی هەڵبژارد و چەلومەلە بەسەرمەوە...

تۆش پێت وت:

– تیری بێ نیشان دەوەشێنێ و باری ناچێتە هەوار و سواری گای هار بووە و بەقنگەوە کەوتووەتە قوڕاوەوە ئەوەت وت و دەستت خستە سەر شانی و پێت وتەوە:

– باوکت کردووتی بەخێر، ئێمەش خێرمان پێ ڕەوایە، ئەم بەرخە چەرم و سوورە پشکی ئێمەشی تیایە.

– مریشک خەو بەچاڵە گەنمەوە دەبینێ...

– ڕێویش خەو بەمریشکەوە دەبینێ...

– باوکیشت خەوی بەمەلاوە بینی...

– مەلاش خەو بەمردنەوە دەبینێ...

## ٥٣

گوندی (سوڵتانە) دەرکەوت، هەوای پاکت هەڵمژی، بەر چاوت ڕووناک بووەوە، ماندووت حەسایەوە، هەنگاوەکانت ئاهەنگیان دەگێڕا و وات ئەزانی مەترێک نەڕۆیشتوویت، شایەتمانێکی بەهەقت هێنا، نزیکی ڕەزەکە بوویتەوە: (ئەمجارەش نەمردیت کوڕنووشی ئەڤینم بۆ بردیتەوە، گلەییم لێ مەکە و مەڵێ):

– کوا کوولەکەی ڕۆحت و هێزی ئەژنۆت و بینایی چاوت...؟! کەی بەتەنها بۆ ئێرە هاتوویت...؟! چۆن پێت ڕێی داگرت...؟! ئەی من وەک پایتەختی ئەڤین چیت پێ بڵێم...؟!

– هەر چیم پێ بڵێیت ملکەچتم و ملم لە موو باریکترە، ئەڵقە لەگوێتم، ئەوە ملی من و ئەوە چەقۆی تۆ...؟!

ئەوەندەت بەسە (– فریشتە– ت بەشیری پیرۆزت گۆش کردووە، لە پالێمتا فێری گڕوگاڵ و خۆشەویستی بووە)...

هەتا دەمرین پێویستیمان بەوانەکانتە... قوتابیی بەئەمەکی درەخت و بەرهەمەکانتین، خۆمان لە بیربچێت تۆمان لە بیر ناچێت...

لەسەر تاشە بەردێک دانیشتی، قاچت ڕاکێشا، فرمێسک زایە چاوت:

– (سوارە هەلپەرست) لێرەشدا بۆنی سمڵ و مێخەک و دەنگی کەمەرە و لوولە و هەیاسە و نقێم مەستیان کردیت، نۆرەت بەسێوە لاسوورەکان و هەنارەکانی باخی سینگی– فریشتە– دەکرد، قسە و لەبزە شیرینەکانی بەهەشتی بەرینیان نیشان دەدایت، چاوەکانی سایەقەی بێ ئەستێرە و کانیاوی سازگاربوون.

(سوارە نێرە فیل) نازانم چۆن گری ئەوینت ڕەز و کانیاو و پاوەن و دارستانەکانی نەسووتان...؟! ئێستا لێرە بێ کەسیت و نە چرپە و نە هەناسە و نە ئاوازی کەمەرە و لوولە و هەیاسە و نە شڵپەی ماچ ئەبیستی، ئەوەی دەیبیستی خشەی مار و مێروو و دەنگی درەخت و فیشکەی مارە...

ئەوەش ئەو تەنکە بەردەیە کە لەگەڵ فریشتەدا سەرتان دەخستە سەری و چیرۆکی ئەڤینتان بۆ یەک دەگێڕایەوە...

تاشە بەردەکە لەگەڵت کەوتە ئاخافتن:

– بە تەنها جێگەی تۆو– فریشتە– نەبووم، بەڵکو جێگای چەندەها ئەڤین پەروەری وەک ئێوە و باڵندەکانی وەک: کەو و کۆتر و سوێسکە بووم، لە باوەشی منا جووتەیان گرتووە و ئێستاش بەردەوام سەرم لێدەدەن و پەراوێزیان نەخستووم و نیزای خێرم بۆ دەکەن و لای ئەوان ناوم (مەزاری ئەڤین)ە.

(سوارە بریندار) ئەوەش دار (هەڵووژە) کەیە، ئا لێرەشدا سینگی بۆ کردیتەوە و گۆڕی بۆ هەڵکەندی و چاڵەمشتەی کردیت و وتی:



– (سوارە ئەبێ بۆ یەک ببین...؟ ئاسمان کۆڵەکەی ئەوێ)...

– بۆچی...؟!

– باوکم قەپی قەوییە، هەر کەس هاتبێتە خوازبێنیم پێی وتووە:

– دوو ژن و تفەنگ و دەمانچەیەک و مەسرەفی هەردوو لا.

جگە لەمەش بەئاغا و شێخم ئەدا، دایکم ئاغایە و باوکم شێخە...

– لای من لە هەموو کەس گەورەتریت...

– گەورەیی تەنها بۆ ئەڤینە، بەڵام ئەڤین بەساردەگۆشی ناکرێ، بەلای منەوە باشترین ڕێگا بۆ ژوانمان ئەوەیە سەری خۆمان هەڵگرین بەرەو ئەو شوێنەی ئاو دەڵێت کز...

– ئەوە چارەسەر نییە...

– ئەی چارە...؟

– مردنی باوکتە...

– مەگەر خوا لەناوی بەرێت...

(– سوارە– تۆ کەری ژێر ئەوبارە نیت و خوێندنەکەت لە پێش خۆتەوەیە، جا ئەگەر (حەمە قەدۆ)ی مووسڵیش بیت و سامانی هەموو دنیات بەسەرا ڕژابێ... دوو ژن و تفەنگ و دەمانچە و مەسرەفی هەردوو لا پەسەند ئەکەیت و دەچیتە ژێر ئەوبارە هەشە)...؟!

– ئەوەی ئەوە دەکات کەرە و لە کۆپانی خۆی دەخوات، مل لە چەقۆی ویژدان دەسووێ...

گەیشتە لای ئەو بەردەی کە پێیان دەوت: (بەردە خەرمان) و پێت وت:

– ئەوەی ئەمەک و میوانداری و خانەدانیی تۆی لەبیر بچێتەوە، ڕووڕەشی دنیا و قیامەتە، دروشمی: (ماڵ بێ میوان)ت لەم دەڤەرەدا وەک تۆپە کەل دەنگی داوەتەوە، خۆزگە دەمتوانی شەو و ڕۆژ لە کۆڵم دەکردیت، لەبەر ئەوەی هێلانەی عاشقانیت، چۆن پاداشتت بدەینەوە...؟!

بڕوا ناکەم پاداشتی تۆ بە من بدرێتەوە، مەگەر بتکوژم، بەوەش هەقی خۆمان ناکەینەوە...؟ باشە تۆی مەزاری عاشقان و خاوەن ئەزموون، بە و مەرجانەی باوکی فریشتە: (دوو ژن و تفەنگێک و دەمانچە و مەسرەفی هەردوو لا) ڕازی دەبیت...؟! پێم خۆشە وەڵامم بدەیتەوە...؟!

– ئەوانە گەلحۆن و بۆ چاوچنۆکی گوێ بەزەنگن، فرۆشتنی کچ و ئەڤین، بەمیرات بۆیان ماوەتەوە و کەرن، میراتیی کەریش هی کەمتیارە... هەگبەی من تەژییە لەم مەرجە نەزۆک و عەبرەش و بێ هەتاوانە، ئەمانە ماری سڕن و تیشکی ڕۆژیان لێ قەدەغە نەکرێ وەزەن دەکەن، منی هێلانەی عاشقان چەرمەسەرێ و سەگ مەرگییەکی زۆرم بەدەست ئەمانەوە خواردووە، گورگ چەندەها مەڕ و بەرخی چاری لام کەوڵ کردووە... هەڵۆی زۆردار چاوی چەندەها باڵندەی لام دەرهێناوە، دز و درۆزن ماڵی هەژارانیان لام دابەش کردووە، هیچ کام لە مانە بەقەدەر لالانەوەی (فریشتە)، بەسوێ نەبوون و کاریان تێ نەکردووم و پەل و پۆیان نەشکاندووم، دەسەڵاتیشم نییە، کار وا بڕوات دەبمە خەڵوزی بەردین.

ئەم نیزایەی (فریشتە)م هەرگیزا و هەرگیز لەبیر ناچێت: (خودایە بۆچی بەکچە شوانێکت دروست نەکردم...؟! ئێستا من و بزن و مانگا و کەر و گا لە بازاڕی ڕەشاین، بەمن چی بن و بنچینە...؟!)

## ٥٤

(سوارە ناوچەوان زەق) گوندی (سوڵتانە) ناوچەوانی بەیەکا داوە و مڕومۆچە، غەزەب لە ناوچەوانی دەبارێ و ئاسمان ڕەهێڵە و تەمومژە، ئەستێرەکانیشی خۆڵەکەوەیین، مانگیش ڕەشپۆشە، لە گوندەکەی جاران ناکات و ئەڵێی لە خەودا دیوتە، چیا و دارستانەکان و حوجرە و مزگەوتەکەش نامۆن و وەیشوومەیان لێ دەبارێ و خێسەت لێ دەکەن،



(فریشتە)ش سەر و سۆراخی نییە و ڕێگای کانی دڕک و داڵە، کۆتری بان دارتووەکەش دیار نییە، جاران کە لە سەفەر دەهاتیتەوە، (فریشتە) ئەم دەڤەرەی گوڵاو و مێخەک پەرژێن دەکرد و کۆتر و باڵندەکانی تر گوێ بەزەنگی ملوانکە و کەمەرە و مێخەک بەندەکەی دەبوون.

(سوارە ماکەر بەخت) دەبێ چی ڕووی دابێت...؟! سەیرە...! درەختەکان و بەردەکانیش وەک بۆرە مار لێت هەستاونەتە سەرکلک، وا دیارە چەقۆت بۆ تیژدەکەن، ڕەشە کوژت دەکەن، چیت کردووە...؟! مزگەوتت ڕووخاندووە...؟! پیاوت کوشتووە...؟ ژنت هەڵگرتووە...؟ سەری بێ دەلاکت تاشیوە...؟! وەک دەڵێین سەری دنیات لێ بەپووش گیراوە... چ نا وەجاخییەکت کردووە...؟! ئەمە گوندەکەی جارانە یان شاری مردووانە...؟! مرۆڤ لە خۆشی دەکەوێتە گومانەوە، کێ ئەڵێت تەوقی (دو و ژن و تفەنگێک و دەمانچەیەک و مەسرەفی هەردو و لا) وەک (مارەکەی شێخ هۆمەر) نەچووەتە ملت و کەللەی بەکا نەئاخنیویت و کۆستیان نەخستوویت...؟! بەڕاستی ئێستا سوڕسووڕەیت...

## ٥٥

دەستت دایە کتێبەکەت، بۆ ئەوەی پیابچیتەوە و دەوری بکەیتەوە، بەڵام بووە ئاگر و دەستتی داپڵۆخان و لاپەڕە و وشەکان شاخیان کرد و ملیان نەدا و بەچەقی نەحلەتا چوون...

سەرت هەڵبڕی:

– (سمایل)ی ئامۆزای (فریشتە)یە، لەسەر بانەکە بەرەو ڕووت وەستاوە و سەیرت دەکات.

لای خۆتەوە وتت: (دەترسم- فریشتە- شتێکی بەسەرهاتبێ خودانەکات... نامەوێ سەگەکەشیان هیچی بەسەربێ، هەرچەند شەو نەبوو

نیوەڕۆحم نەکات و چەندەها سەرسمم پێ نەدات، سەگ نییە... سوار لەسەر زین دێنێتە خوارەوە، کە دەوەری ئەتوت لە ئەشکەوتایە و ئەم گوندەی لێ ئاگادار دەکردمەوە...)

(سوارە هەتیوچە) (ئەحەی ناسر- یش دیارنییە، کێ دەڵێت نەچووە بۆ سەفەر...؟! کێ دەڵێت مامۆستا دەری نەکردووە، زوو زوو سوختە دەردەکات... مەگەر- ئەحمەد- بتگەیەنێتە بنەوان، بەخۆڕایی ناوت نەنابوو (ئەحە گورگە...)

هاتنی- ئەحمەد- شریتی داڵغە و بۆچوونەکانتی پچڕی، (ئەحمەد)ی چی... لەش بەبار و لاواز، سەگ کلکی لێدایە ملی دەشکا و ئەتوت تازە لە گۆڕ دەرتهێناوە، دانی بەخوریی خۆیا چووبوو، دەمی گۆی نەئەکرد، کەڕولاڵانە وەستا، وات ئەزانی تازە لە گەرووی مار دەرهاتووە... لێی ورد بوویتەوە، لای خۆتەوە وتت:

- (بەرد لە ناوچەوانی دەبارێ، چاوەکانی بچووک بوونەتەوە و ئەڵێی کونی دەرزین، ملیشی لەسەر یەک ڕەگ بەندە، ڕوومەتی کرێشاوی، لووتی بگری گیانی دەردەچێت و کەوتووەتە ناو کەوا و سەڵتەکەیەوە و ئەڵێی گای بێگارییە و جلی ماڵە گەورەی لێ کراوە...)

- ئەحمەد- ئەبینم ڕووخاویت، سەری دنیات لێ هاتووەتەوە یەک و ئەڵێی چواردەورت گیراوە، زوو پێم بڵێ چی قەوماوە...؟!

- چیت پێ بڵێم...؟! مەرگەسات...؟! وا ئەزانی هاتنەوەکەت هاتنەوەی جارانە...؟!

- دە بیڵێ هەر کوشتنی من نییە...؟! گرنگ ساخ و سەلامەتیی (فریشتە) یە... ئەم قسانەت ئەوەندەی تر هەناوم وەرد و پەڕە و ناودەکەن...

(فریشتە) ساخ و سەلامەت نییە و نایبینیتەوە، ئەوەی بەسەر ئەو



هاتووە بەسەر دوژمنەکەشت نەیەت، کێ دەڵێت ئێستا ماوە...؟! سەرتاپای شین و مۆر کراوەتەوە، دەنگی نووساوە، بەلارەلارە نانەکەی بۆ هێنام، جگە لەمانەش هاتوونەتەوە خوازبێنیی، پێری پێی وتم: (ئەحمەد، «سوارە» هاتەوە لێرە نەمێنێ و پەلی بەهەورەوە بێ دەیکوژن، با هەر من تیابچم)...

بڕواناکەم جارێکی تر ببینمەوە، ئەترسم چاوی قایم بێ و نەڕوات...!

هەناسەیەکی دووکەڵاویت هەڵکێشا و فرمێسک زایە چاوت و بەئەحمەد- ت وت:

- (ئەحمەد) ئەوانە سنگشێری ماکەر پشتن، بەڵام کوڵەکە لەگەڵ ڕۆژگاری ڕەشا نادرێ... ئێستا ئەو سوارەم لە ناو درک و داڵدا گلاوم و دەستم لە پاشەڵی هەمانەکە دەرچووە، ئەگەر بڵێی قسەکانی (فریشتە)، تانوپۆ ئاوریشمن و ڕاست دەکات...

ئەوەی وت و کەوتەوە قسە و وتی:

- ئەحمەد- ئەڵێن: باوکی- فریشتە- داوای دوو ژن و تفەنگێک و دەمانچەیەک و مەسرەفی هەردوو لا دەکات...؟!

- بەڵێ دەمێکە بیستوومە، ئەوانەت پێ هەڵناسوورێ...؟!

- پێشم هەڵسوورێ ئەو کفرە ناکەم، ئەوە گاڵتە کردنە بەویژدان و یاسای مرۆڤایەتی، (ئەحمەد) ملیۆنێریش بم نامدەنێ، چونکە ئەمانە بەقەیسەریشدا بڕۆن سەر دادەوێن و بەخەیاڵ ڕمبازی لە کەشکەڵاندا دەکەن...!!

سەیری ئەو دوو کۆترە کە، بەسەر ئەو دارتووەوە جووتەیان گرتووە و بەئارەزووی خۆیان ئەم چڵ و ئەو چڵ دەکەن و دەم دەخەنە ناو دەمی یەک، بەچکەکانیان بەخێو دەکەن، ئەڤینەکەیان سروشتییە و مەرجی پێوە نەبەستراوە، خۆزگە من و (فریشتە)ش دوو کۆتر ئەبووین و ئەمانە ئابڕووی زیندەوەرانیشیان بردووە و میز بەناوچەوانی خۆیاندا دەکەن، چاویان

بەماڵی حەرام هەڵهێناوە، ئەمانە وا ئەزانن خۆشەویستیی من و فریشتە دامانهێناوە و خەرمانیمان هەڵگرتووە، نازانن مێشوولە و هەنگ و چۆلەکە و زیندەوەرانی تریش لەناو بەربەرۆچکەی ئەو یاسایەدا دەژین و ئاوزەنگیی لێ دەدەن و بن و بنچینە ناخوێننەوە و ئەو هەوایەشیان نەگەرەکە لە تیرەچێتی و بنەماڵەوە بێ و بڕواشیان بەمێژوو نییە و ئەڵێن:

– خێڵەکانی ئێمە سنوور بەزێن و بۆ کوێ بچن ماڵی خۆیانە و باڵندە هەر باڵندەیە و کچەکانیشیان لە بازاڕی ڕەشا هەڕاج ناکەن و تفەنگ بەگرمەی هەورەوە نانێن و چەکمە ڕەق نین.

(سوارە سەرەخۆرە) کاتی ئەوە هاتووە ئەم مەزارە بەجێ بهێڵێت، لێرە چی دەکەیت...؟! (ئەحمەد، سوارە هاتەوە لێرە نەمێنێ پەلی بەهەورەوە بێ دەیکوژن، با هەر من تیابچم)... خۆ مارنیت لە ژێر زەویدا بژیت، ئەوەی بۆی سووتاویت و شەو و ڕۆژ بەجێت ناهێڵێ و خەو و خواردنی لێ هەراسان کردوویت و لەناو چاو و دڵ و پارووەکەشتایە و کردووتی بەقالۆرە، بۆ تۆ نابێ و چارەنووستان چاڵە مشتە کراوە و کێویش بەکێو بگات ئێوە بەیەک ناگەن... ئێستاش وەک دەڵێن: ئەوەی بەجووتیار دەبڕێ دانەوێڵەیە، ئەوەش بەتۆ دەبڕێ خوێندنەکەیە، بەڵام چی ئەو ئاسکە کلۆڵ و کۆترە باڵ شکاوەت لەبیر ئەباتەوە...؟

ئەڤینەکەی لەناو مۆختایە، ئێسقانەکانیش وردوخاشبێ ئەو ئەڤینە بەرەو ئاسمان باڵ دەگرێتەوە و دەڕوات و لەوێ هێلانە دەکات و لەگەڵ ئەستێرەکاندا دەژی و تف لە مشەخۆر دەکات...

(سوارە شەوگەڕ) چاوەڕێی چیت...؟ خۆشیت بێ و ترشیت بێ دەبێ بڕۆیت و دوای کلاوی بابردوو مەکەوە، کە ڕۆشتیشی هەنگاوێک بۆ پێشەوە دەنێی دووان بۆ دواوە و دەڵێیت:

– خودایە بۆچی ئەڤینت دروست کرد...؟! بۆ کوشتن...؟! بڵێی دەرمانی لای تۆیش قات بێ...؟!



## ٥٦

(سوارە بێ لانە) شەوت بەترسولەرز گرتە بەر، هەنگاوەکانت لە دووت نەئەهاتن و ئەتوت پیاوت کوشتووە و خوێن گرتووتی... بەتەمای خۆت نەبوویت، هەموو چرکەیەک ئەتوت: ئێستا مینی ئەڤین کوژەکان لە ژێر پێتا دەتەقێتەوە و چەرخت لە چەمەر دەکێشێ... ئەمشەو بە گورگانخواردوو نەچیت نامریت و تەمەنی دارەکەی قەراخت بۆ دێ، بەڵام بەمەرجێک لە کاروانە ڕێوە لادە و نزیکی مەکەوە و ملی کوێرە ڕێیەک بگرە، هەر چەند ڕەوت و تەکانەکانی جارانت نەماوە و ئەو خوێنە وەهمییە بەرینە لای خۆتەوە دەڵێت: (دەوەرە پیرۆزترین هیوات بکوژرێ و کۆچت ئاوێتەی کۆچی سەگوەڕ بێ...؟!)

(سوارە خێر نەدیو)، خۆشی، خۆشیت بوو وتت ئەم گەڕانەوەیەشم وەک گەڕانەوەکانی تر لەگەڵ (فریشتە)دا بەیەک دەگەینەوە و هەقی ئەو چەند هەفتەیە دەکەینەوە، بەڵام خەیاڵ پڵاوبوو، هیچی لێ سەوز نەبوو، بەختت ڕەشە و (لە پاش ڕەشییش ڕەنگی تر نییە)، بەڵام چی دەکەیت لەگەڵ ئەوانەی گیایان بەکێوەوە خواردووە و ئەوین و مرۆڤ دەکوژن...؟!

– (سوارە) باوکت ڕاستی کرد وتی:

– ترسان لە مێشک کلۆر و دڕندە شوورەیی نییە، پێشبینی بۆ مەترسییەکان کارێکی پێویستە، سوار بەتەنها لە گۆڕەپاندا تۆز ناکات، لە هەڵدێرێک ترازایت و دەستێکت شکا، هەوڵ بدە دەستەکەی تریشت نەشکێ و زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە، ڕاکردن و خۆبەدەستەوە نەدان، نەشتەرن و دوومەڵی ناسۆری پێ دەتەقێنێ... ئێستا– فریشتە– ئەو بەرخە چارەیە لە کۆزیشا ڕک کراوە و ڕۆشنایی نابینێ: هەموو جارێ ئەیوت: (سوارە... با سەری خۆمان هەڵگرین بۆ ئەو وڵاتەی ئاو دەڵێت کس...).

ئەو باوکــە ناوەجــاخــەی ڕەدووکــەوتنی لا شـیـــرین کــرد، ئەو و ڕەدووکەوتن...؟! حوشتر و حەمام...؟!

(سـواره ئاواره) ئێـسـتـا ئەو باڵندەیەیت سـەری کـلاّفـەی ون کـردووە و ئێـواران و ڕێ نابەتەوە سـەر هێـلانـەکـەی... تۆش ئەڵهـای ڕێگای ڕاست و تروسکاییيەکی...

## ٥٧

(سواره هەناسه سارد) بۆچی لادەکەیتەوە...؟! بۆ شیری مانگا زەرد...؟! مانگا زەرد مرد و دۆ برا... خوا خوات بێ لەم کوێرە ڕێیەدا سیپەلکت ڕانەدەن، پێم ناڵێی کێ وەک تۆ کۆستی کەوتووە و شەوی بەکۆڵەوە گرتووە و شەق لە دار و بەرد و کەندەلان هەڵدەدا...؟! دڕک و داڵ گێرە دەکات...؟ کێ وەک تۆ دەمی بەلامک و قاچی پەیزەن کراوە...؟ کێ وەک تۆ ڕێگای چەقەڵ و گورگ و مار و مێرووی گرتووەتە بەر...؟!!

(سواره چارەڕەش) ئەوە دار هەڵەوژەکەیە لەبەر چاوت چۆڵە پێچین دراوە، مێژوویەکی پڕ لە شادی و ڕاز و نیازی هەیە... گرێی بەختت لەوێ کرایەوە... فرمێسکی خۆشیت لە بن ئەوا ڕشت، وەک دەڵێن: گریانیش دڵی خۆشی، ئەوێ فرمێسکی تۆو- فریشتە- وەرزی بەهاریان بەبالاّ بڕی... کەچی ئێستا بەدەم ڕەشەباوە داماوە و گەلای پێوە نەماوە، کێ ئەڵێت لە خەم و خەفەتی ئێوە سەر و قژی خۆی نەڕنیوەتەوە...؟

چەندەها پرسیاری سەیرت لە خۆت دەکرد:

- ئەبێ(فریشتە) مابێ...؟ ئەبێ بزانی لە ناو دار و بەرد و تاریکستان و ترس و بیمدا بوومەتە گوێزی ناو بێژنگ و هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئەودام...؟ ئەترسم نەمابێ...؟

(سواره) وا گەیشتیتە ئەو جێیەی کە چوارەم جارە ماڵئاوایی لێ



دەکەیت ئەوەش گابەردەکەیە، بەلاّم ماڵئاوایی ئەمجارەیان گیانکێشانە و پێی دەڵێن: دابڕانی هەمیشەیی... ئێستا دەچیتە سەری و پەلاماری دەدەیت و چوار ماچی دەکەیت و تێر بەسەریا دەگریت، گریانێک کوڵی نانیشێتەوە، پەیمان و بیرەوەرییەکانت بیردەکەوێتەوە، گفتوگۆت لەگەڵ دەکەن، ئەوەندەی تر زامەکانت دەکولێتەوە و گرێکوێرەکان ئەوەندەی تر ئاڵۆزدەبن و سەری کلاّفەیان وندەبێ، پرسیارێکت لێ دەکات:

- کوا (فریشتە)، ئەبینم لاشەیەکی سارد و سڕیت...؟

- کەی من و (فریشتە) بەشەو هاتووین، ئەی بۆ ناپرسیت...؟

- بەم شەوە بۆچی دنیات بەکۆڵەوە گرتووە...؟!

***

(سواره بێ وڵەت) هەتاکەی بەشت دۆزەخە...؟! کەی لەو قاوغە قولکە جەوتییە دەردەچیت...؟ ژیان چنگەکرێ و کێشمە کێشمە، بەگران سەوز دەبێ، دەروێشی و دێوانەیی بەسە، بەخۆتا بچۆرەوە، کۆڵەکە لەگەڵ وەیشوومە و زریان مەدە، ئەوەی ئەمڕۆ نانەبەرەی پشتتە خوێندنەکەتە، ئەو چرایەیە شەوە زەنگی پێ دەبڕیت، مۆتەکە و تارماییەکانی پێ ڕاودەنێیت، تیرەچێتی و کچ فرۆشتنی پێ چاڵەمشتە دەکەیت...

بە لەرزۆکییەوە وەلاّمی خۆت دایەوە:

- (فریشتە) گەورەترین وانە و پەند و تاقیکردنەوە بوو بۆ ئەوەی جارێکی تر دەستت بەساجا نەچزێ و بەزاخا نەچێت و ئەوەندە کۆڵ بەئەوینەوە هەڵنەگریت و خۆت نەکەیتە سووتەمەرۆ و مامە خەمە، دەروێش و سووتان بەسە، ئێستا لە (سولتانەدێ) دا باس هەر باسی بەڕە بۆرە و ئەڵێن: ئەوە باوە وا لە ناوە.

پیرەژنەکانی گوند هەریەکە بەشێوەیەک پابێڵی لێدەدەن و گاوخان و بانەی دەبڕنەوە:

- لای خۆی (مەلا) بوو بەمێزەرەکەی خۆی بە خنکان چێ...

- ئەیانوت نوێژیشی نە ئەکرد شیوعی بوو.

- شیوعی کافرن و بڕوایان بەئایین نییە، ئەی بۆچی دەخوێنێ...؟

- بۆ چاوچلێیسی... ئەمانە زۆریان چاوباشقاڵ و مێبازن...

- ئابڕووی مەلاکانیشی برد...

- ناهەقی نەبوو جوانترین کچ شەیدای بوو، خەتای ئەو نەبوو...

- ئەو نانەی دامان بە و سەگ بیخواردایە...

- گەنجێکی جوانخاس بوو، هەموو کچێکی لایەق بوو، ئەی پەڕۆیەک لە خۆتان بۆچی دانادڕن کێ ئەوەی نەکردووە بۆ ئەوان مرۆڤ نین...؟! لەم گوندانەدا چەندەها ڕەدوو کەوتوون، ئەوەی پیاوەتیی بوو هەڵی نەگرت، هەڵی گرتایە هەتا (فاو) لەگەڵی دەڕۆیشت... من بەلاوێکی ژێرم دەزانی...

(سوارە سەرمەوقولات) ژێربە لەمەولا بەلای هەر بێستانێکا ڕۆشتی تێری لێ بخۆ و مرخی خۆتی پێ بمرێنە، هەرزوو لە بیری خۆتی بەرەوە و خوێندنەکەت لە ئامێز بگرە، ئەوەی دوای ڕووناکی ئەو کەوێ زوو دەگاتە قۆناغ...

(سوارە سینگ هەڵکێش) ئەوە شارە، بەڵام کشومات لە تۆ بێتاقەتتر و ماڵ وێرانتر، ئەم شەوەش لاسار و کەللەڕەق و نووزە درێژ و بێ مێشک و دڵڕەق و بێ بەزەیی، ئەڵێی پەیمانی داوە کۆتایی نەیەت و هەر سەروەشێن بی، تۆش هەتا بوو تەکانت دەدایە خۆت، بەڵام سەد فیکت بەفیکێکی و کۆتایی نەئەهات.

هەنگاوەکانت بناری چیای (گۆیژە)یان کێلا، شەویش لەسەر دار و باینجانەکەی دەڕۆیشت، هەتا بوو خۆپەرستییەکەی لە زەهاکدا بوو، یەک ئاخوڕ و شێت بوو...



لەسەر بەردێک لێی دانیشتی و هەناسەیەکی ساردت هەڵکێشا و لای خۆتەوە وتت: (لە دەرگای کێ بدەم...؟! ناڵێین بەم دەمەو شەبەقە لە کوێوە هاتووە...؟! ئەبێ چیی لێ قەومابێ...؟ لە شێتیش ناکات...؟! دەرگاشت لێ بکەنەوە ناڵێین: ئەمە بێ مەڵامەت نییە...؟) شەکەتی و خۆخواردنەوە و پرسیاری سەیر و سەمەرە خەویان لێ خستی و پرخەت دەهات و جۆرەها خەوی هەڵەج و بەڵەجت دەبینی، (گابەرد)ەکە هاتە خەوت و لێت پرسی:

- کوا- فریشتە...؟! بڵێی نەمردبێ...؟! برینەکانی سەختن...؟ ئەبێ حاڵی چی بێ...؟! نیزای خێری بۆ بکە، ڕاستم پێ بڵێ تۆ ئاگات لە خشەی مارو و مێرو و هەیە... ئەگەر سەری لێ دایت هەر خانەخوێکەی جاران بە، بەڕاستی کوا...؟! تۆ بڵێی لای تۆ خۆی حەشار نەدابێ...؟

- ناوێرێ بێتە دەرەوە...

- بۆچی...؟!

- لەبەر ئەوەی تۆی خۆشدەوێ...

- بۆ خۆشەویستی ئەوەندە قێزەونە...؟

- خۆشەویستیش دەکوژن...

- با بچین بۆ ماڵیان...

- منیش دەکوژن...

- بمبە بۆلای فریشتەکانی دارستان لەگەڵ ئەواندا دەچم...

- فریشتەشیان بەئاسمانەوە نەهێشتووە، دیارە ئەتەوێ گوڵ بەباوەشێن بگەشێنیتەوە...؟! بڕۆ لا نەکەیتەوە...

## ٥٨

(سواره كۆچەری) كۆچت ئاوێتەی كۆچی سەگ وەڕە، شەقامی- سابوونكەران- هاوڕێی دێرینت، شەقامی- كەشتیی نووح- باوەشی سۆزی بۆ گرتیتەوە، دەمێک بوو لێک دابڕ بووبوون، بۆن و بەرامەی مەستی كردیت شەقامێكی چۆڵ و هۆڵ، تاک و تەرا دووكان و نانەواخانەكان كرابوونەوە، بەرەو چاخانەیەک هەنگاوت نا، بەڵام پەشیمان بوویتەوە و بەخۆتت وت:

- بۆ كوێ بچم...؟ ئێستا چایچییەكە ئەڵێت: ئەم فەقێ كۆڵ بەكۆڵە بەم شیرەی شەبەقە لێرە چی دەكات...؟! دیارە شتێكی لێ قەوماوە...؟

پێت بەجەرگی خۆتا ناو بەرەو هەمان چایخانە ڕۆیشتی... وتت: (هەر دەچم خۆ نامكوژێ كێ دەڵێت پرسیاریشم لێ دەكات؟ وا پرسیاریشی لێ كردم... خۆ دادگام بۆ دانانێ...)

لێت هاتە پێشەوە:

- كاكە مەلا چا پێنەگەییوە...

- پەلەم نییە...

- فەرموو دانیشە...

خەیاڵت باڵی گرتەوە و لە حوجرەكەی (گوندی سوڵتانە) نیشتەوە، (ئەحمەد ناسر)یش بەرامبەرت دانیشتبوو.

قسەكانی- فریشتە- ی دایەوە بەگوێتا: (ئەحمەد، بەسوارە بڵێ لێرە نەمێنێ، چاوەڕێی هاتنەوەی دەكەن، پەلی بەهەورەوە بێ دەیكوژن، با هەر من تیابچم).

تەقەی پیاڵەكان شریتی خەیاڵەكەتی پچڕی و وتت:

- خودا لە كاری خۆی بۆتەوە، مانگا مرد و دۆ بڕا...



ویستیان بتكوژن، بەڵام موویەكیان لە گونت نەكردەوە و سەد فاكیان بەفیكێكت، بەڵام بە چی دەچێت (فریشتە) لە ژێر چەقۆی قەسابدایە و دەرگا و پەنجەرەكانی دنیای لەسەر داخراوە، بۆ تروسكاییەک دەگەڕێ ڕێبەدێیی پێ بكات... (سوارە ئەبێ بۆ یەک بین...؟! ئاسمان كۆڵەكەی گەرەكە، باوكم قەپی قەوییە، هەر كەس هاتبێتە خوازبێنیم داوای دوو ژن و تفەنگێک و دەمانچەیەک و مەسرەفی هەردوو لای كردووە، بەئاغا و شێخم دەدا...).

بە لای (كەشتیی نووح)ی (نەجمەدین مەلا)دا تێپەڕیت و بای سەبا لاپەڕەی بیرەوەرییەكانتی هەڵدایەوە و لای خۆتەوە وتت: (ئەمجارەش كەشتیی نووحم بینییەوە و چاوم بەلاپەڕەكانی ڕشت و لە سێبەریا حەسامەوە و گوێ بەزەنگی پەند و شیعر و ئامۆژگارییەكانی مامۆستا بووم، بۆ ئەوەی جارێكی تر مێشكم زاخاو بداتەوە، ئەم كەشتییە سەرچاوەی بیر و هۆشمە، ئاواتەخوازم ئەم كەشتییە تەمومژ و زووخاوی دەروونم ڕامباڵێ)...

هەنگاوەكانت هێمن و هێمنتر دەبوونەوە... دیسانەوە خەیاڵت دایەوە لە شەقەقەی باڵ و بن (دار هەڵ وژەی) دەكێلا و تفت لەو زەلامە دەكرد كە دەستەشكێن و ئاوارە و برینداری كردیت...

گەرماوی (موفتی) ئێستێكی پێ كردیت و لاپەڕەكانی ژیانتی هەڵدایەوە و لەگەڵت كەوتە قسە:

- لە بیرتە لەگەڵ دایكتا هاتیتە ئێرە، ژنێک بەدایكتی وت:

- ئەم نێرەكەرەت بۆچی هێناوە، ئەوەتا سەیری ژنان دەكات و هەر چاوێكی كردووە بە چوار چاو، ئێوە لادێیین وا دەزانن كانیی ژنانە و كوڵ و كانییە...؟!

- مندالە... خۆ چاوی نابەستمەوە...

– ئەوە مندالّە یان گای ناو گوێرەکە...؟!

– شاری بووین مالّمان لە پشت ئەم گەرماوەوە بوو، بەیادی جارانیش بۆ ئێرە هاتین...

## ٥٩

(سوارە چەل و مەل) لە مزگەوتێک لە (سابوونکەران) بەموستەعید دامەزرایت، لە خەیالّ و ختوورەی جێگا کەوتیت، حوجرەکە کەوتبووە لای ڕاستی مزگەوتەکەوە، کارێزێک و باخ و باخاتێکی چڕیش لە بەردەمی حوجرەکەدا بوو، ئاوی کارێزەکە لە چڕیی شیر سپیتر و سارد و کەللە تەزێن و سازگار لە هاویندا و لە زستاندا گەرم...

دوو پەنجەرەی مالّی مەسیحییەک لەسەر حەوشەی مزگەوت بەرانبەر بەحوجرەکە بوو... پەنجەرەکان گەورە بوون و بەئاسانی زەلامیان پیادەچوو، بەلاّم ئەوەندە بەرزبوون مەگەر کۆترەکان پێیان بگەیشتنایە...

وانەبێژ و پێشنوێژ... زەلامێکی ڕەشتالّەی دالّگۆشتی قالۆرەیی بوو بەمەقاش بتگرتایە گۆشتی پێوە نەبوو، چەند ڕەش و لاواز بوو، ئەوەندە لەبز شیرین و گالّتەجارِ، زەردەخەنە لە بان لێوی نەئەبڕا، لە زانستەکاندا دەستی بالاّی هەبوو، بەتایبەتی ڕێزمانی عەرەبی، باری شانی قوتابیی سووک دەکرد، مێشکی فراوان دەکرد، بەلاّم کەموکووڕیی ئەوە بوو کە باسی ڕاپەڕین و (بلاّوکراوەی دەنگی فەقێ)ت لا دەکرد قوشقی دەبوو، چاوی دەچووە پشتی سەری و پێی دەوتیت:

– لە میزەگاکان و دوومۆرەکان نزیک نەبیتەوە، ئەوانە شیوعین، دوژمنی مالّی خودا و ئایینن، گەرەکیانە بەناوی ڕاتبە و دەقنە و مانگانەوە پیشەکە ڕیسوا بکەن، ئەوە سەیرە داوای قوتابخانە و بەشی ناوخۆیی دەکەن بۆ ئەوەی سەریان چەورکەن و بەرەلّلای سینەما و یانەکان بن و بەسەرخۆشی



دەرگای مزگەوتیان بۆ بکرێتەوە، ئەوەندە گەمژەن بەڕاتبە دەلّێن: (سوالّ) ئەوە نازانن خێرەومەن بەئارەزووی خۆی نان و پارە و چێشت دەدات، کێ زۆریان لێ دەکات...؟ ئەوانە قەیاریان هاتووە، چاویان نەفرێ باجەکەی دەدەن و دنیایان لێ دەکەن بەچەرمی چۆلەکە و (مارکس)یش فریایان ناکەوێ، کەرن و چوونەتە ژێر لۆسێک، بەوان و مارکسییش هەلّناگیرێ... وا دەزانن لە سێبەری بن ئەشکەوتان... بۆ ڕیش چوون و سمێلّیشیان خستە بانی.

(سوارە حەیتە) مامۆستا ئەوەندەی قسە بۆ کردیت کەف کەوتبووە لالغاوەی، چاوەڕێی ئەوە نەبوو وەلاّمی بدەیتەوە و تێچەنی لێ کردبوو مالّینەوەی نەبوو، چەقەنەی ئاسیاوەکەی لە حەپە کەوتبوو... تۆش لای خۆتەوە وتت: (سوارە لە بەختانتە ئەمانەت بەشیرەوە خواردووە، ئەمانە لە ڕەشی دەکوژن و وەلاّمی ئەمانە هەر شەقە و داس لە سەپان دەشارنەوە و بەزەلّم و تانجەڕۆ و ئالّیشەش پاک نابنەوە... ئەمانە بەردی بناغەی سوالّیان داهێنا بەردێکیش نەزان داینێ هەروا مۆلەق دەبێ و کوڕە کەچەلّ خاوەنیەتی... سەیرە ئەم زانا گەورەیە وا بیردەکاتەوە، ئەلّێی دەروێشە و تازە لای خەلیفە ڕشکنەکەی هاتووەتەوە و تۆبەی وەرگرتووە...!! هەتا ئەمانە سەر قەرەولّمان بن کەشکمان فەریکە...).

## ٦٠

لەگەلّ (مەلا سادق)ی هاوڕێتا لە حەوشەی مزگەوت پیاسەتان دەکرد، قۆلّێکی قەلّەوی سپی لە پەنجەرەکەوە دەرکەوت، سەری شانە دەکرد، دیاربوو بەرانبەری ئاوێنەیەک هەلّواسراوە، بەلاّم لە ئێوەوە دیارنەبوو...

– ئەوە مالّی کێیە...؟

– مالّە مەسیحییەکە دوو کچی هەیە ئەمەیان ناوی (مارگرێت)ە،

سەیری مەکە قینی لە فەقێیە، چاوی بەرانبەرمان مۆنە و جنێو فرۆشە و تف دەکات...

– قوتابییە؟

– لە پۆلی چواری گشتییە...

– ئەی ئەوی تریان...؟

– هێمنترە، ناوی (گەلاوێژ)ە لە پۆلی سێی ناوەندییە...

– ئەو کچە چۆن لە خۆیەوە ڕقی لە فەقێیە و جنێو دەدات...؟

– هەمیشە تەرزە لە ناوچەوانی دەبارێ...

– ئەو ڕقە ئایین چاندوویەتی...

دوای چارەکێک قۆڵێکی سپیی لەویتر باریکتر دەرکەوت، سەری شانە دەکرد، سەیرێکی ئێوە و حەوشەکەی کرد، ئەوەندەی پێ نەچوو سەری هێنایەوە دەرەوە و سەیرێکی تۆی کرد...

– ئەمەشیان (گەلاوێژ)ە...

– ناوەکەی کوردییە...؟

– خۆیان بەکورد دەزانن...

ئەوەی وت و کەوتەوە قسە...

– ئەمەیان زیرەکە و وانەکان بۆ خوشکە گەورەکەی ڕاڤە دەکات...

– هەر لەو ماوەیەدا سەرێکی تری هێنایە دەرەوە و سەیرێکی تری کردیتەوە...

– تۆش وتت:

– ئەمەیان جوانترە...؟

– بەڵێ... ناوچەوان مۆنیش نییە...

ڕووت کردە (مەلا سادق)ی هاوڕێت:



– بە ڕیشی کێ ڕەوایە ڕقمان لەو کارژۆلە بەلەهەمسە بێ؟! ئەم ڕقەش هی ئەمڕۆ نییە و شەڕ بەکۆنە قین دەکرێ...دەستە چیلەکەشی دیارە...

## ٦١

(سوارە ماخۆلان) ئەمجارەش جێگات بەخوێندن و کۆشش ڕازاوەتەوە و شەو دەخەیتە سەر ڕۆژ و کەمتەرخەمی ناکەیت، بەڵام ئەو شتانەی کۆسپ بوون لە ڕێتا، ئەوانە بوون هەرزانی و گرانی و بەهەشت و دۆزەخ بەدەست خۆیان بوو، هەمیشە لە گۆڕ و مشک و مار و شەوگەرد دەدوان و یەک لایەنە بیریان دەکردەوە:

– چۆن لە چنگی حەفیان قوتار دەبین...؟!

ئەی لە گۆڕی تاریک... کێ فریامان دەکەوێ...؟!

– ئەبێ هیچمان لێ بپرسن...؟!

هەندێکیشیان لە تەرازوو بازی و وردەواڵە و سەوزە فرۆشی:

– تەرازووەکەی حاجی (عەلی) دوو پارسەنگی گەرەکە...!

– جەنابت بەسەوزیی ئاشەگواوی لە دەست دەرچوویت...

– هەیە بەگەوادی و ماستاو بووە بەلۆرت، جاران لە قنگی سەگ سواڵی دەکرد...!

(سوارە گێژ) مامۆستاکە لە وانەوتنەوە دەبووەوە بۆردومانی بڵاوکراوەی (دەنگی فەقێی) دەکرد و دەیوت:

– ئەوەندە شەونخوونیی بەدیار ئەو (شیوعی نامە)یەوە دەکەن، دوو ئایەت و سێ و چوار حەدیس بخوێننەوە و دەروونیان ڕووناک بکەنەوە باشتر نییە...؟! خۆشیان نازانن بەچییەوە خەریکن، دیارە گوو گێژی کردوون و لە قوڕ تۆز هەڵدەسێنن، جا ئەو شەش پەڕە و نیوە ڕۆژنامەیە...؟ چ ڕۆڵێکی هەیە...؟!

به دوعای کەر جۆ نابارێ، ئەوە دەنگە یان نووزەیە...؟! لەو دنیا خۆتان دەبیننەوە و کاڵەک بەئەژنۆ دەشکێنن... ئەگەر بڵێی ئەوانە چەند کەسێکن و نابینان و ڕیخـیـان لێ بدە و بیـانکە ناو گـاگـەلەوە، چاوتان نەفـڕێ (دەنگی تەڕە مـاشـیش) دادەخرێ، مـەگـەر هەر بڵـێـن: بڵاوکـراوەیەکـمـان هەبوو، گەنم گرد و جۆ بڵاوتان لێ کرد، دوایش بەدۆش دەژەنن، تۆش خۆت پێ نەگیرا و وتت:

– مـامـۆسـتـا تفـەنگ بەتاریکییـەوە دەنێی لە ڕەشی دەکـوژیت... ئێـوە دەستتان لە (بڵاوکراوەکە) وەشان...

– بۆ ئێـمـە جنۆکـەیـن...؟! کێ ئێـوەی پێگەیاند، کـەر قـەدری نـوقڵ نازانێ...؟!

– ئەو بڵاوکراوەیە تیشکێکە لە شەوەزەنگدا، تیشکی ڕۆژە لە ناو پەڵە هەورە چڵکنەکـاندا، دەمـێکە تەڵەتان بۆ ناوەتەوە، دوای ئەو لـووتتـان لە کـوڕە کـاژاوە، بەڵام بەرخ هەمـیـشـە لە کـۆزدا نابێ... ئەوەی مـێـشـکی هەندێکتـانی لە گـرێژەنە برد و بانگی چەواشـەیی بەگـوێتـانا دا ئەم شـانۆ نامـەیە بوو لە ئیـجـازەی مـەلا (هەمـزە)دا نمایش کـرا و ئەم کـارەکـتـەرانە ڕۆڵیان تیا دەبینی و شاریان شەڵەقان:

(م.م.ک) قـوڵـینـەیەکی بەتاڵی لە بن دەس گـرتبـوو لەناو خـەڵکەکـەدا دەیوت: ڕاتبـەی فـەقێ بچنە بەهەشتێ، (ن.ف.ح) قـاپێ چێـشـتـی هێنا و داینا، پێش نوێژ سڵاوی دایەوە و گەیشتە سەرقاپە چێشتـەکان و گۆشتـی نـاو قـاپەکـانی خـوارد و بەرەو مـاڵی خـۆیان قـووچانی، (ح.ع.ف) توورەکەیەکی لە ملایە و هاواری دەکرد: (دەقنەی فـەقێ بچنە بەهەشتێ)، (ح.هـ.) لە دەرگـایەکـدا وەسـتـاوە و چاوەڕێی نانە، سـواڵکـەرێکـیش لە هەمـان دەرگـا دەدا و دەڵێت: (خـێـرتان بنووسێ...) هەر چوار ئەکـتـەرەکـە ڕاپێچی بەندیخانە دەکرێن...



ئەم شانۆ نامـەیە وانەیەکی نوێ بوو، چاوی خەڵکی کردەوە... هەندێکیان وتیان:

– شەیتان چووەتە بن کڵێشەیانەوە و دیزەی چەورن...

– منداڵ و تواڵن... بەچیپیانەوە وا دەکەن لە سووژن بێکەسترن...؟!

– خوێنیان بۆ گەڕی دەشێ...

مامۆستا (ز.ڵ.م) لێیان ڕاپەڕی و وتی:

– کێ بێ شێتی قوڵینە و توورەکە بێ...؟ ئەمانە کۆیلەی دەستی ئەوانەن و لە ژێر سێبەری مارە بەجاش و تەڵاق و نوشتە و جادوو و سەرقەڵەمانەدا ئاهەنگ دەگێڕن...!!

## ٦٢

(سـوارە جـادووگـەر) بەڕاسـتـی نەک هەر ڕاوچییـیـەکی فـێـڵـبـاز و چاونەترسیت، بەڵکو ساحیرێکی بێ وێنەیت، جۆ بەدیوارا هەڵدەگێڕیت... دەرزی هەڵدەگـریت و نێـچـیـر لە دەسـتت قـوتاری نابێ و لە ڕێویش بەپێچـتـریت، لە چەندەها ڕووبار و دەریات داوە، قـولەپێت تەڕ نەبووە و مەحاڵیش کەمەنکێش دەکەیت و وازناهێنی تۆبەی گورگیش مەرگە... بەڵێ (سوارە سەرکزی سەگدڵی چاومار) خۆت بۆ ئەوە دانابوو، ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان زەردەخـەنەیەک ئاراسـتـەی (گـەلاوێژ) بکەیت، چاوت لێ مـۆن دەکـاتەوە، لێـوت لێ هەڵدەقـورتێنێ، چنگۆڵەت لێـدەنێ و سـەگـبـاب و سـۆزانی دایکت دەکـات، کـەچی ئەوەتا دوای زەردەخـەنە و چاوبازی بەدەمـتـەوە پێـدەکـەنێ، ئەڵێی منداڵی کـۆڵانێک بوون و بەیەکـەوە چاوشارکێتان کردووە، لە پێشەوە واتئەزانی گاڵتەت پێ دەکات و سەری لە کەوا و سەڵتەت سوڕماوە...؟! بەڵام کە سڵاوت لێ کرد بەدەست و سەر و زەردەخەنە وەڵامی دایتەوە...

تۆی حەرامزادەش دەمێک بوو شێت و شەیدا و تۆپیوی هەنار و سێوی سینگ و گەردنی زەردی بوویت (فریشتە) بەباشی فێری باخ و باخاتی کردیت، لەوەوپێش واتئەزانی بەفر هەر لەسەر ڕوومەت چۆتەوە، کەمتر لە ناز و نیعمەتی باخی سینگ گەیشتبوویت و لاولاو بوویت و لەسەر نەخشە کۆنەکە دەڕۆیشتی، ئەوەبوو کە دەچوویتەوە بۆلای خۆتان و تامی هەنارەکانت دەکرد پێیان دەوتیت:

– داوەشێیت، ئەڵێی منداڵی شیرەخۆرەیە، ئەمە لە شارەوە فێربوویت دەک بەدەردت بێ...

سینگە مەڕمەڕییەکەی (گەلاوێژ) لە گۆڕی توندکردیت، بەڵام سەگە زۆڵ و لەو پیشەیەدا پاڵە و سەرقافڵەبوویت و لەو ڕێگادا قوڕ و چڵپاوی زۆرت پیا هەڵپژاوە، سەگەل قول و چاکی کەواکەتیان زۆر گرتووە لێت ناترسم، (گەلاوێژ) حەوت باڵی هەبێ هەر حەوتیان دەشکێنی و بۆ ناو شەپۆلی سیحرەکانت ڕایدەکێشی.

هەر کاتێکت زانیی خۆت پێی گەیان، مانگەشە و سەر لە ئێوارە دیارە، (سوارە مەزەب سز) دروشمی لەمەولات سووتان و گریان و شەونخوونی نییە، (فریشتە)یەکی تر تازە لە دایک نابێتەوە لە خەویشان بێتەوە ئەو دروشمە مێشک و چاوت زاخاو دەداتەوە بڕوات بەخۆت زیاتر دەبێ.

(مەلا سادق) هاتە لاتەوە و بەپێکەنینەوە وتی:

– (سوارە) جاران (گەلاوێژ) ئەوەندە سەری لە پەنجەرەکەوە نەئەهێنایە دەرەوە، ئەوەتەی تۆ هاتوویت لە پەنجەرەکەدا ڕواوە...؟!

– گێژە، ئەوە پیاوی خۆی گەرەکە ئەی وەک ئێوە شەڕە بەردەقانییان لەگەڵ بکەم...؟ هەمیشە بۆیان لە سەنگەردابوون لە باتی زەردەخەنە تفەنگتان پێوە دەنان...؟!

– جا بە چی دەچێت، مەگەر هەر لە پەنجەرەکەوە سەیریان کەیت، خۆ



ناوێریت قسەیان لەگەڵ بکەیت، ئەوە گیای تۆ نییە.

– ئەویش مرۆڤێکە وەک من، لە خۆتەوە سەیر دەکەیت کتێبیش بۆ دوایی دەگیرێتەوە...؟

– وتم گیای تۆ نییە کۆڵەکە لەگەڵ ئاسمان دەدرێ...؟!

## ٦٣

چێشتەنگاوێک وانەی (ڕەوانبێژی)ت خوێند و سەرنجەکانت نووسییەوە و چەند پرسیارێکت لە بارەیەوە ئامادەکرد و هەستایت بۆ ئەوەی لە حەوشەکەدا لەبەری بکەیت...(گەلاوێژ) لە پەنجەرەکەوە سەری هێنایە دەرەوە و مانگ خەرمانەی دا، سڵاو و زەردەخەنەی ئاراستە کردیت، بەڕوویەکی خۆشەوە گۆڤاری (هیلال)ی (میسر)یی بۆ خستیتە خوارەوە و مانگ لەگەڵ ئاوابوو بەخۆتت وت: (سوارە حەیتەی مەخودە) هاتنە خوارەوەی گۆڤاری (هیلال) لە پەنجەرەوە ترس و دڵەڕاوکێیی لا چاڵەمشتە کردیت، سەلکەسەگ لێخوڕە دەشتە ئەوە نامەیەکە لە ئاسمانەوە هاتووەتە خوارەوە، زۆڵەزا ئەو مەلەوانەیت خنکانت بۆ نییە و گەشتی سەما و زەمینت کردووە، گۆڤارەکەت خستە سەر سەرت بەناوی خوێندنەوەوە دوو جارت لستەوە ئەتوت مانگایت و گوێرەکە دەلێسیتەوە، چاوت پێ ڕشت و بۆنت کرد و لەگەڵی کەوتیتە ئاخاوتن.

– لە(میسر)ەوە بۆ گەیشتیتە ئەم حوجرە شڕە، ئەمە یەکەمجارە بەدیدارت شادبم، بەشکم گرێی بەختم بکەیتەوە، لێقەوماو و جگەر سووتاوم، نازانم هیچ وتارت دەربارەی کچ فرۆشتن و خۆشەویستی تیایە...؟ ئەی دەربارەی سواڵ و سواڵکەر...؟ ئەی لەسێدارەدانی ئەڤین...؟!

(سادق)ی هاوڕێت گۆڤارەکەی لێ وەرگرتیت و پەڕە پەڕەی کرد (ئەمەت لە کوێ بوو...؟!)...

– برادەرەکەم لە ئاسمانەوە بۆی ناردم...

– گاڵتەمان پێ دەکەیت...؟! ئەوە چۆن دێتە مزگەوت و حوجرەی فەقێیان...؟! هەمووی وێنەی ڕووتە، مامۆستا دەرت دەکات... تۆ بەگوناهی نازانیت...؟!

– ڕاتبە و دەقنە و لە دەرگادان گوناهە یان ئەم گۆڤارە، کە لە هاوڕێیەکی خۆشەویستمەوە هاتووە...؟

– تۆش شیوعییانە بیر دەکەیتەوە، ئەوانە مزگەوتیان گلاوکردووە...

– ئێوە بزنەکەی (ئەخفەشن) و گونی خۆتان و گێزەر لێک جیاناکەنەوە...!!

– ئێمە بزنەکەی (ئەخفەش) بین، ئێوە کەرەکەی (عوزەیر)ن.

– جاخۆ لە ناو کەراندا ئەو کەرە پیرۆزە و دەچێتە بەهەشتەوە و تامی تامی بەکەرەکانی تر دەکات، باشە بۆچی بەهەشت و پیرۆزیی لەسەر ئەو تاپۆکراوە...؟!

### ٦٤

لەگەڵ دوا زەنگی (دواناوەندیی کچان) ڕێگات گرتەبەر و لە نیوەی ڕێ پێی گەیشتیت و سەیرت کرد، لە پێش تۆدا بەسەر سڵاوی لێ کردیت و لە بەهەشتی بەرینی توندکردیت، بەسەر و چاو و زەردەخەنە وەڵامت دایەوە و بەخۆتت وت: (سوارە سەپۆڵەی حەپۆل) ئەوە تۆیت (گەلاوێژ) گۆڤارت بۆ دەخاتە خوارەوە و سڵاوت لێ دەکات...؟! ئەگەر ژێر بیت بەستەڵەکی گومانت شکانووە، سەرت لە ئاسمانە، ئەستێرەت پرشنگدارە، ئەسپت سمکۆڵ دەکات، کاتی ئەوە هاتووە لە باخ و باخاتیا خەڵوەت بکێشی و بحەسێیتەوە و پرچە جادوویییەکانی بەملتەوە بئاڵێنی... (مەلا سادق)یش ئەیوت:



– مەگەر هەر لە پەنجەرەکەوە سەیر کەیت... ئەوە گیای تۆ نییە...!!

(سوارە گەماڵ بەخت) هەرچەند (گەلاوێژ) تاجی شاهەنشاهانەی بۆ خستیتە خوارەوە و لەسەر تەخت داینایت، بەڵام (فریشتە)ت هەر میوانە و لای سەرەوە دانیشتووە و پێڵاوی لەسەر چاوتە، بەیادی ئەوەوە هەنگاو دەنێی هەناسە دەدەیت، قاچت زەویی ناگرێ، زەمانت ناگەڕێ، لەناو ئێسقان و شەپۆلی ژیانتا هێلانەی کردووە.

### ٦٥

(سوارە بەڵمە برنج) ئێستا هەیت و هووتی نێوان تۆ و (گەلاوێژ) بۆ هەر کەس بگێڕیتەوە بڕوا دەکات...؟! سەد سوێند بەمزگەوت و کەنیسە و ئینجیل و تەورات بخۆیت بڕوا دەکەن و دەچێت بەگوێیانا...؟! نا هەرگیز نا... بەڕاستی (مام گەواد) وشەی مەحاڵت ماڵی کردووە و شیری بۆ داداویت و پەپوولەیەکە بەسەر درەختی ئەڤینەوە نیشتووەتەوە...!!

***

(سوارە کوڵە وەیباب) لە نێوان (ئاشی ئەلەتریک) و چاپخانەی (ژین)دا لووتت بوو بەلووتی (گەلاوێژ)ەوە و پێتوت:

– تەڵەکە گرتیتی...

ڕەنگ لە ڕووی بڕا و دەلەرزی و چۆقەی ددانی دەهات.

– بۆچی ڕەنگت هەڵبزرکاوە...؟! ئەترسیت...؟! هەر لە پەنجەرەکەدا ئازایت...؟! خۆ دنیا نابێتە پەنجەرە...؟! بەڕاستی ئەو پەنجەرەیە قیبلەگایە، پەرستگایە هەق وایە وێنەی بگرین و بیخەینە سەر دڵمان و چاومان...!

– چۆن نەترسم...؟ ئەمە گەڕەکی ئێمەیە و پێم ناڵێن لەگەڵ ئەو کەوا و سەڵتە لەبەرەدا چی دەکەیت...؟! کێ دەڵێت لەمەولا پێم ناڵێن: مەلا گەلاوێژ...؟! هیچ نەبووایە قاتێ جلی کوردیت لەبەرکردایە...

- خۆشەویستی پەیوەندیی بەئایین و جلوبەرگەوە نییە...
- تۆی ساحیر چۆن کەمەنکێشت کردم...؟!
- لەبەر ئەوەی ساحیرێکی نیشانشکێنم... بۆ مەحاڵە...؟!
- لە مەحاڵ بەولاوە تریشە...
- دەمێکە وشەی مەحاڵم لەوچە کردووە، قەپانی ئەڤین ئەوانە ناخوێنێتەوە، ئەگەر مامۆستاکەم بەم ژووانە دەزانێ یەکسەر قاوم دەدات و بەکافر و شیوعی تاوانبارم دەکات... بەشەویش ناهێڵێ لە مەکتەب بخوێنم...
- بۆ...؟!
- ئەڵێت ئایینتان لاواز دەبێت...
- بۆ ئێستا ئایینت زۆر تەواو و تۆکمەیە...؟!
- لەم پیشەیەدا نامێنمەوە...
- پێخۆشحاڵم...
- بۆچی ئەوەندەت رق لە کەوا و سەڵتەیە...؟
- مۆتەکەن...
- جامانەش...؟!
- ئەوانەمان لەبەردا نەبێ حەجەکەمان قبووڵ نابێ...
- لە هەفتەی داهاتوودا مژدەیەکت دەدەمێ...
- ئاوها بڵێ، جا ئەو هەفتەیە ساڵێکە هەتا دێ پەرە مریشک دەردەکەم، پێم ناڵێی چییە...؟
- بەشکێکم رێک نەکەوێ...
- خودا نەکات گوێی دوژمن کەربێ...
- بەم جلانەوە نەیەیت...
- ناوت نەناوە: مۆتەکە...؟ هاوڕێیەتیی ناکەم...



## ٦٦

(سوارە قیرسیچمە) (حسەین)ی هاوڕێت هەر چەند بەڕواڵەت زەلامێکی چاو پڕوپووشاوی و خوار و خێچ بوو، دەموچاوی دوو پوولی قەڵبی نەئەهێنا و ئەتوت وێنەی سەرمەوقولاتە، بەڵام مرۆڤێکی هێمن و ژیر و خوێندەوار و بێ فیز بوو... چاکەی زۆر بەسەرتەوە بوو... ئەوەبوو ئەو رۆژە پێی وتیت:

- سوارە با بڕۆین...؟
- بۆ کوێ...؟!
- وەرە، جا دەزانیت...؟!

چوونە دووکانێکی گەورەوە لەسەر دەرگاکەی نووسرابوو: (رۆژنامەکانی ئەمرۆ بەعانەیەک بخوێنەرەوە)...

دووکانێکی هێمن، خەڵک بەڕیز دانیشتبوون و رۆژنامەیان دەخوێندەوە، خاوەنی دووکانەکەش مرۆڤێکی بەساڵاچووی لاوازی چاوکز، چاویلکەیەکی گەورەی لە چاودا بوو، مشکییەکی رەشی بەستبوو، کەوا و چاکەتێکی رەساسیی لەبەرا بوو، رۆژنامەخوێنەکان خۆشیان دەویست، لە هەموو لایەکەوە پرسیاری رۆژنامە و کتێبی کۆنیان لێ دەکرد، دووکانەکەی کەشکۆڵێک بوو بۆخۆی...

(حسین) دەستی دایە رۆژنامەی (زەمان) و دایە دەستت:

- خوێندنەوەی ئەم رۆژنامەیە ئاسانە و هەتا ماوەیەک بیخوێنەرەوە...لاپەڕەکانیت هەڵدایەوە، مانشێتەکانت خوێندەوە، بەڵام زۆر بەکەمی لێیان تێدەگەیشتیت و لە زۆریاندا ئەتوت گوێزت بۆ دەژمێرن، مێشکت درنگەی دەهات ئەتوت باری خوێی (مەملەحە)ت نراوەتە سەر پشت و دەفەی سینگت، تۆش بەردەوام بوویت و عەسران لەوێ بوویت،

هەتا بو و زیاتر ئاشنایەتیت لەگەڵ ڕۆژنامەدا پەیدا دەکرد و لە جیهانی ڕامیاریی چوویتە پێشەوە و بەخۆتت وت:

– (سوارە) ئەوەی لە شار دووربێ کوێرە و خەرمانی دڕکوداڵ هەڵدەگرێ و هەتا بینەقاقای لە پێخوێی قوڕدایە...

بە دوورکەوتنەوەت لە شار و شارستانییەت زیانێکی زۆر ئامبازت بوو، شارستانییەت چاوی ژیانە، گۆرانیی سەربەستییە، کۆچی تەمومژ و کچ فرۆشتن و ڕووخانی پەیکەرە ترسناکەکانە، ئەو میللەتەی شارستانییەت سەری بەماڵیا نەکردبێ ماڵ سووتاو و خەرمان گرتێبەربوون و کاروانیان بەرەو دوایە...

***

(حسێن):

– ( سوارە) ڕانک و چۆخەکەت لەبەر بکە و تەشپییەکەی سەریشت فڕێدە.

– ئەمجارە بۆ کوێ...؟! شتێکت لە ژێر سەردایە.

– شتێکە هەتا ئێستا چێژت لێ نەبینیوە، فیلمێکی عەرەبییە ئەمە بۆ جاری دووەمە دەچم... لە خەویشا ئەوەت نەدیوە، سەیری ئاسکەکێوی و سەما بکە، گوێ لە مۆسیقا و گۆرانی بگرە... شەقاوەیەکی تیایە بەسێ دەمانچە شەڕ دەکات و حەوت ژنی هەیە...!

– دەڵێی چی بەیانی بیری فیلمەکە بۆ مامۆستا بگێڕمەوە...؟

– بە تایبەتی حەوت ژنەکە، بەدڵی خۆمانە...؟!

(سوارە مل لۆرە لەپ) لێخوڕە دەشتە، یەکەمجارە ئەم لەشە ڕووت و سپی و سۆڵانە بەکۆمەڵ دەبینی... موچڕکیان بەلەشتا هێنا و دەمارەکانت مێروولەیان دەکرد، بەڕاستی (حسێن) نەبووایە بەئامان و زەمان ئێرەت نەئەبینی، لەشولاری یەکێک لە گۆرانیبێژەکان لە گەلاوێژ– دەچوو بڕیارت



دا بیری فیلمەکەی بۆ بگێڕیتەوە.

– (حسێن) ئێستا مامۆستا لە سووچێکەوە چاوی لێمان بووایە...

– لاتدایەوە بۆ سەر بای بەڕەبۆر...؟ کەی کاتی ئەوەیە...؟!

– سەیری ئەو ئاسمانە مەڕمەڕییە کە... مامۆستا دەڵێت:

– تەحوو لەو دنیا ئاخرییە، هەر باشە باڵ لە پشیلە ناڕوێ...!

– کاتی ئەوە بێ یان کاتی نەبێ، لێمان دوور ناکەوێتەوە و لەناو پرخەی خەوەکانیشمانا بالۆرەی مارە بەجاش و تەڵاق و سەرقەڵەمانە و دەقنەمان بۆ دەڵێن و مار بەخێو دەکەن و پێشکەوتن و شارستانیەت لەوچە دەکەن... ئێمە وەک گای مارۆ واین و دەناسرێینەوە، کێ دەڵێت سبەینێ بەمامۆستا ناڵێن...؟!

– جارێک چووم بۆ گەرماوی سوورەت لەشم کەف داپۆشیبوو، کابرایەکی پیری قرخن لە لامەوە خۆی دەشۆری پێی وتم:

– فەقێ لە حەوزەکەی ئەولاتر خۆت بشۆ و بەس کەف بکەرە ژێرم...

(سوارە دوو فاق) ئەو جارەت بەبیر دێ مامۆستا وتی:

– سینەما نەخۆشیی سەردەمە...؟! شەیتان ئاوەنیای دەکات و بەڕێوەی دەبات، ئەوەش نیشانەی کۆتایی و نوعرۆ بوونی دنیایە.

– ئەوە سەیرە نەفام و قوشقنە قووەتەکان دەڵێن:

– (سینەما) واتە شارستانییەت و ژیانی نوێ، ئەوە ژیانی نوێیە یان حەماقەتە...؟! گۆڕان لە (قورئان)دایە هەڵوەشانەوەی ئایەتێک بەئایەتێک ئەوە گۆڕانە...تۆش وتت:

– سواڵی دەرماڵان، نوشتە و زمان بڕین و کۆیلەیەتی و بەندکردنی ژن حەرام نین...؟! وا کۆشکی شارستانییەت لەسەر مانگ بیناکرا، کەچی تازە لێرە ئاوی کولە چوار شەمەی مانگی سەفەر و مەولودنامە و تەڵاقنامە دەخوێننەوە...؟!

ڕۆژێک دێ ئامێرە سواڵییەکان دەبنە ئەکتەر و ڕاستییەکان دەدرکێنن، یاسا کەمێلاوییەکان ڕیشەکێش دەکرێن...

### ٦٧

لە حەوشەکەدا شیعرەکانی (ئەلفیەی کوڕی مالیک)ت بەدەنگێکی زوڵاڵ دەور دەکردەوە و جاریش لە پەنجەرەکەت دەڕوانی، ئەو پەنجەرەیەی کە سەرچاوەی ئەڤین و مێژوویەکی ڕەنگینی بەرپاکرد، قیبلەی نیاز و خواستەکانت و تروسکایی ژیانت بوو، پێلاوی غەریبیت لای ئەو داکەند و هاوڕێی گیانی بەگیانیت بوو... (گەلاوێژ) وەک جاران سەری هێنایە دەرەوە و باڵە بەفرینەکەی دەرهێنا و سلاوێکی گەرموگوڕی ئاراستە کردیت، ئەتوت بەدەم فریشتەوە پێدەکەنێ، وەرەقەیەکی بچووکی فڕێدایە خوارەوە و زەردەخەنەیەکی تری تێگرتیت بەدەم دەورەوە، بەرەو پەنجەرەکە ملت نا، هۆشت لای کتێبەکەی دەستت نەما و ئابڵووقەی وەرەقەکەت دا و چاوت لێ نەئەترووکان، لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا ڕەشەبایەک هەڵنەکا و بیبات، چونکە مارانگازی دەستی وەیشوومە بوویت، بەڵام بڕوات نەکرد ڕەشەبا زەفەر بەو پەنجەرەیە بەرێت، کە پشتکۆڵی دەرگای عاشقانە و دایکی ڕووناکییە و هەمیشە مانگ ڕۆژ و ئەستێرە میوانین و هێلانەی شیعری شاعیرانە، تەنانەت خۆشەویستی زیندانییانە، سەرچاوەی باس و خواس و نیگا و مژدەیە، ئەوەندە نهێنی پارێزە سەری پێ بسپێرە. ئەو وەرەقەیە لە ئاسمانەوە گوڵبارانی کردیت، مێشکی ئاوەنیا کردیت، بەڵام ئەوە سەیر بوو کە لە وەرەقەکە نزیک بوویتەوە وەک گونی هەلاج دەلەرزیت...؟!!

بە خۆتت وت: (سوارە ڕێوی) بۆ کەم قوڕ و چلپاوی زەمانەت پیاهەڵپژاوە، نێرەکەر بۆچی دەلەرزیت...؟!



کەرپیاو مرۆڤ لە بارانی پەڵە و خەرمانی سوور و بای شەماڵ و دەنگی کەو و کۆتر و کەمەرە و هەیاسە دەترسێت و دەلەرزێ...؟!! ئەمەیانت لەوچانەیە، کەی ئەوەندە ترسنۆک بوویت...؟!

نێرە حەیتە لەوە زیاتر چیت گەرەکە...؟! چەرخی ڕۆژگاری ڕەشت لە چەمەر کێشاوە، سیروانت لێواولێوە، ئەو ڕۆژەیە مەحاڵت گرمۆڵە کرد، (فریشتە) وانە و پەندێکی زۆری دایتێ دیارە لە خۆشیدا دەلەرزیت...؟! لە پێشەوە بەتەما بوویت لە باتی ئەو وەرەقەیە، تاکێک نەعلی قوڕاویت تێگرێ و تڕشکێنت کات... بەو بایە بژی لەو کونەوە دێ...

(سوارە) دەست لە بانی دەست زۆرە و خەیاڵت تیژباڵە و گرەوت لە شەیتان بردووەتەوە، وەرەقەکەت هەڵگرت و دوو جار لات کردەوە و بەپاڵم و بەستم گەڕایتەوە و چاوت تێبڕی:

(چواری ئێوارە لای «چاپخانەی ژینێ» بوەستە، کە هاتم دوور و نزیک دوامکەوە...)

ئەوە مژدەکەی ئەو ڕۆژەیە: (لە هەفتەی داهاتوودا مژدەیەکت دەدەمێ)...

(سوارە هەلپەرست) بەڕاستی پەیمانی ئەمان ڕاستە و وەک ئێمە نییە، ئەوکاتەی سوێند بەنیشتمان و گۆڕی باوک دایک و شەهیدان دەخۆین ئینجا درۆدەکەین، درۆ لای ئێمە پیرۆزە، هەنگوینی شەمەتلێنکەیە، سووریش ئەزانین پەتی درۆ کورتە و لەسەر بۆش مەشکەهۆن کراوە...

***

دوور و نزیک دوای کەوتیت... خەیاڵی تیژباڵت لای ڕەز و گابەرد و دار هەڵووژەکە نیشتەوە، لەگەڵ (فریشتە)دا لە کۆشکی ئەڤیندا دەژیان و ڕازونیازتان ئاڵوگۆڕ دەکرد... (سوارە گوێ سووک) ئەوەتەی لە (فریشتە) بڕاویت کەوتوویتەتە سەر ساجی عەلی و ڕزق و ڕۆزیت بڕاوە، ئەو دابڕانە بۆ مرۆڤێکی چاو چلێسی گەدەپۆستی وەک تۆ زۆرە... لە هەر شوێنێ لێسە

و چەپاوێکت دیبێ بۆی کشاویت، کێ هەیە وەک تۆ لەم ڕێگادا خەباتی کردبێ و چقڵ بەپایا چووبێ، سەگەل شاقەلیان پچڕیبێ...؟!

ئەوە باشە کۆڵت نەدا و هەندێ جار کۆڵنەدان مرۆڤ دەگەیەنێتە لووتکە و خێوەتی بەختەوەریی بۆ هەڵدەدا...

(سوارە خەرگۆلک)... (مەلا سادق) لە سووچێکەوە چاوی لێتبێت، چیت پێ دەڵێت...؟! (مەگەر هەر لە پەنجەرەکەوە سەیری کەیت، ئەوە گیای تۆ نییە) و شێت و هار دەبێت و ئەڵێت:

– پەرژین بۆ حەلاڵ زادەیە، بەیانی زوو لای مامۆستا شکات دەکات و خوێنت دەکاتە کاسەوە... هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرێت لە وەهم و گوماندا گینگڵ دەدات و پیش دەخواتەوە و دار بەکونی زەردەواڵەدا دەکات...

(سوارە بێ ئامان) دڵداریی ئەمجارەت نامۆ و سەیرە...! لە قوتووی ئەڤیندا کەمتر جێی دەبێتەوە، کۆڵەکەت لەگەڵ کێوی (دەماوەند)دا داوە، کۆڵەکەت داوەتە بەر ئاسمان، مزگەوت و کەنیسەت لێک نزیک کردووەتەوە...

کەم کەس بڕوا بەم چیرۆکە ئاڵۆزە دەکات و سەری مرۆڤ دەئاوسێنێ، لە هەر کەس بپرسیت دەڵێت:

– ئەو کۆترە نەخشینەت چۆن لە بان ئەو (زەردە) داگرت...؟! بەڕاستی ڕێکەوتێکی سەیر و سەمەرەشە...!

***

دەرگایەکی دوو دەریت کردەوە، بەرودوا چوونە ژوورەوە و بەدوای خۆتاندا داتانخست، لە ژووری خانوویەکی کۆندا لەسەر تاکێک قەنەفە دانیشتن، خانووەکە ئەوەندە کۆن بوو پەنجەرە و دەرگاکانی کەچەڵەیان کردبوو... سەیرێکی ڕانک و چۆغەکەتی کرد و وتی:

– ئێستا زۆر قۆزیت لە مرۆڤەکەی جارانیش ناچیت، دەستت کردە ملە



زەردەکەی و پێت وت:

– بۆچی ئەوەندە ڕقت لە کەوا و سەڵتە و جامانەیە...؟! هیچ زیانێکیان پێ گەیاندوویت...؟!

– خۆشم نازانم زیانیشیان پێ نەگەیانووم...

– ئەوەش ئەو ڕق و کینەیەی سەوز کردووە، مزگەوت و کەنیسەیە، ئەمەش لە من و تۆوە دەست پێناکات. ڕەنگە و ڕێژراوە ئەوەی باوە لەناوە.

لێت نزیکتر بووەوە پاڵی پێوە دایت، سینگە تووکاوییەکەت بەسینگە مەرمەڕییەکەیەوە نووسان و هەنارە مەستە کەرەکانی چەقینە سینگت، گەرەکت بوو ببنە خەنجەری دەبانی جەوهەردار و سینگت کون کەن و ببیتە کەرشەهیدی ئەو سێوانە، دڵی لەسەر سەد لێی دەدا، ئەتوت کۆترە باریکەیە و لە چنگی هەڵۆ قوتاری بووە، ڕوومەتەکانی سوور هەڵگەڕابوون، سێوە لاسوورە بوون، خەم و خەفەت و دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی بەبا کران، سەرکۆزەر دوورخرایەوە و خەرمانی سوور مالووسکەی بەست و ترس ڕەوییەوە، سەرەداو کەوتە دەست (گەلاوێژ) و ئەو ڕچەشکێن بوو، ڕێگای نیشان دەدایت و باخەکانی دەگەڕانیت... یەکەم جار بوو لە ژیانی چاوچڵێسیتا نێچیر باخ و باخاتت نیشان دا، لەگەڵ ئەوانی تردا دەستپێشخەر بوویت...

(سوارە جنۆکە) ئێستا ئەو جووتیارەی بەئارەزووی خۆت بانە و گاوخان بەئاڵۆشەوە ببڕەوە و لەم ڕێگایەدا ئارەقت زۆر ڕشت بەیەکجاری دوگمەکانی ترازان و گۆڕەپانی بەفرینی مەرمەڕی، خەرمانەی مانگ، پەلکەزێڕینە، ڕێگای کاکێشان، ئاهەنگیان دەگێڕا هەنارە خەواڵووەکان سەمایان دەکرد و تا دەبوو تورتتر دەبوون، بەنجی گشتییان کردیت، ئەو گۆڕەپانە سپی و سفتە لای عاشقان و ئیمانداران خاچی مەسیح و قوڵفی کابەن، دیمەنە مەستەکانی دنیا جگە لە (فریشتە) لە ئاستی شەرمەزارن،

ئەم دیمەنە پڕ لە نازە باخچە پیرۆزەکانی، چاوە ئاسمانییەکانی، کوڵمە پەمەییەکانی (فریشتە)ت بیر دەخەنەوە، ئەی ئەو باڵایەی بۆ ناڵێی کە پێشبڕکێی لەگەڵ دارە ڕەشەکانی (چەمی باسەرە)دا دەکرد و قەتار و ئەڵڵاوەیسیان بۆ ئەو ڕۆژە دەچڕی، لەو ڕۆژەدا دوو مرۆڤ بوویت: بەختیارترین و نائومێدترین...

(سوارە دوومۆری ناکەس بەچە) ئەوەندە سەر بەقوڕا چوویت بەئاوی (زەڵم و ئاڵیشە و تانجەڕۆ) پاک نابیتەوە، بەدوای چواندا مەچۆ، خۆت کەر مەکە نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە، ئێستا بەرخت بازی دەکات، نارەسەن سەیری بەردەمی خۆت کە و خوای گەورە بناسە و بزانە چیی پێ بەخشیویت و ئیتر مەڕبەن مەبچڕە و شەق لە کەندەڵان هەڵمەدە و جووتە مەوەشێنە، ئەم باخ و باخاتانەش خودا لە کتێبە ئاسمانییە پیرۆزەکانیا ناوی بردوون...

– (گەلاوێژ) ئەمە ئەو خەوەیە هاتە دی.

– بەڵێ مەحاڵیشت چەواشە کرد...!

– بەرهەمی پەنجەرە پیرۆزە خێرەومەندەکەیە لەناو چاوما پەیکەرێکم بۆ کردووە، ئەو پەیکەرە گەورەترین پەرستگامە، لە پێشەوە ئەموت: ئەو پەیکەرە تڕۆم دەکات، حەوشەکەم لێ یاساخ و ناوی کوڕە کەچەڵەم لێ دەنێ... کەچی بەپیرمەوە هات و باڵی گرتم و لە ئامێزی گرتم، دەستی بەسەرما هێنا، بەخەندە و ناز و چاو و دەم گوڵبارانی کردم.

سست بوون، پەلوپۆتان شکا، خۆتان بەدوو پاڵەی گەرمیانی قەیناخ لە دەست، لە مەزرایەکدا بەکرەیی دەکەن و گەوز فڕێدەدەن مەڵۆ وەک پۆلە ڕیشۆڵە و کوللە زەردە، باڵ دەگرێتەوە و بارگە دەخەن و سارد و گەرم لە هەگبەتانا ڕەنی دەخست، لە قوڕ تۆز هەڵدەستا...؟!

(سوارە بەرازی زۆڵەزا) چەندەها جاری تریش لێت دەپرسم:



– چۆن منت دەستەمۆ کرد...؟! ساحیرێکی خەیاڵیت...!! چەند بەتەمای مردن بووم، ئەوەندەش بەتەمای ئەم ڕۆژە بووم، مەگەر مەلا نەبێت... سیحرێک نوشتەیەکت هەر لێ کردووم، بەڕاستی نازانم ناوت بنێم چی...؟!

– لێرە ساحیر و عەبقەری و نوشتە و گەواد و فەیلەسووف، دڵن دڵ، کە درەخت ڕوا سەوز دەبێ و بەر دەگرێ و مەلای ماوەرانیش ڕێیان لێ ناگرێ...

ئێستاش مەلام و بەیانی کەوا و سەڵتەکەم لەبەر دەکەم و لە حوزووری مامۆستادا بەچۆکەوە دانەنیشم دەرم دەکات...

– بە شەرتی چەقۆیە...!!

دەستێکت بۆ هەنارەکانی برد و ماچت کردن و وتت:

– بە شەرتی خەنجەرە و ئەم دوو سێوە سیپەلکیان ڕاداوم...

ئەو قسەت کرد و وتتەوە:

– دڵ چەندەها سیحر و ئاواتی بەرەنیا و ئاوەنیا کردووە، بڕوا ناکەم لە کاتی تێک ئاڵان و بەنجبوون و تێچەن لێکردنا ڕقت لە کەوا و سەڵتە و جامانە بێ، ئێستاش سارد بوویتەتەوە، بۆیە وا دەڵێیت و ڕقت ئەستوورە، ئەو ڕق و ناکۆکییەش کۆنە، خۆت ئەزانی دەستەچیلەکەی چییە و چیی بەرپا کردووە...؟!

– ژن لای ئێوە کووتاڵی هەرزان بەهایە و لە سکی دایکیشیانا بازرگانییان پێوە دەکرێ و مردووی بەشی زیندوو خۆرن.

– لە مەسەلەکەت لادا و یەکجار قووڵت کردەوە و لە وەڵامەکەم ڕاتکرد.

– گۆم تا قووڵ بێ مەلەی خۆشە...

– وڵاتێک بەردی بناغەی: تیرەچێتی و توندڕەوی و ڕەگەزچێتی و کۆنەپەرستی بێ، لەو قوڕە هەر ئەوەندە تۆز هەڵدەستێ با واز لەو مەسەلە ئاڵۆزانە بێنین، ئێستا من چۆن دەبینی...؟

– لاوێکی جوانخاسی و ڕووخۆش و دڵسافیش دیاریت، زوو سەرنجی خەڵک بەلای خۆتا ڕادەکێشیت...

ئەوەی وت و بەزەردەخەنەوە، بێ گرێ و گۆڵ و مەبەست وتییەوە:

– شەیتان و زۆڵ و چلێسیشی... ئاوی بێ ئامانیت...

– کام لەمانە پاڵیان پێوەنایت لێم نزیک ببیتەوە...؟

– هەموویان...

– شەیتان و زۆڵەکەش...؟

– ئەوانیش...

ئەوەی وت و هەناسەیەکی گڕاویی هەڵکێشا...

– ئەی ئەو هەناسە دووکەڵاوییە...؟!

– پەیوەندی بەهەردووکمانەوە هەیە...

– تێناگەم...؟!

– شان بەشان و دەست بەدەست بەیەکەوەین، بەڵام لە یەکەوە دوورین، (سوارە) وتی: بەمن بێ پەرژینەکان دەسووتێنین... دیوارەکان دەڕووخێنین... بەڵام ئەو دووانەی بۆم باس کردیت بوونەتە گیاکەڵە و مووی لووت...

## ٦٨

چێشتەنگاوێک (ئەحمەد ناسر) خۆی بەحوجرەکەدا کرد، مات و مەلوول، شان داچەکاو، سەر و پۆتەڵاک تۆزاوی، ئەتوت چوار هۆدەی گڵەبان کردووە، قالۆرەیەک بوو بۆ خۆی، سەگ کلکی لێدایە دەکەوت، دەنگیشی نووسابوو ئەتوت تازە لە زیندان دەرچووە... بەبینینی (ئەحمەد) ڕەز و گابەرد و دار هەڵووژەکە و (فریشتە) و (گوندی سوڵتانە) و سەربانی مزگەوت و حوجرەکە، سەرەتاتکێیان لەگەڵ دەکردیت و لەبەر



چاوت دەخولانەوە و ڕەشپۆش بوون...

(سوارە... فریشتە ئەڵێت: (ئەمشەو هەر خۆم و دایکمین...)

– (ئەحمەد) جاران کۆتری نامەبەر بوویت و لە غەیبەوە نامەت بۆ دەهێنام، باڵی ڕاست و چەپم بوویت، کەچی کە هێڵەکانی ناوچەوانت دەخوێنمەوە لە ڕووباری فرمێسک و خەم دەدەم، باس و خواسی مردن دەبیستم...

بەڵێ باسووق و مێوژ و ترێ و پەنیرت لای (فریشتە)وە بۆ دەهێنام، بەڵام ئێستا دەروونم خان بڕ دەکەیت، لێلاییم دادەهێنی... زامە بەسوێکانم دەکولێنیتەوە و ڕێگای هات و نەهاتم بیردەخەیتەوە...

– (ئەحمەد) تەختی ناوچەوانت لە باتی باران، بەرد و کڕێوە دەبارێنێ، مەنەر بەخەم دەگرێ، ئەوەتا لە هێڵەکانی ناوچەوانتا نووسراوە و دەڵێت: (فریشتە) یان بەچاوی فرمێسکاوی و دڵی دووکەڵاوی و لاشەی بیمارەوە سواری (ماینە زەرد کوێت) کردووە و بەزۆر قاچیان لە ئاوزەنگی داناوە، ئەڵێی بۆ بەر قەنارەی دەبەن لەو کاتەدا گێژەلوولکەیەک هەڵی کردو و مێزەری سوارەکانی وەک قنگەڵاشک بەئاسمان برد و باڵیان گرتبووەوە و لوولیان خواردبوو، (فریشتە)ش خۆزگەی خوارد: ئەو گەردەلوولە بیبات و شووەکەی لێ بکات بەچەمەر و هەواری نوێی لێ بەمیرات خات... (شێخ ئاغا)ی براشی دەمانچە و تفەنگەکەی لە خۆی بەستبوو، مشکییەکی سەوزی پێچابووەوە و دووربینەکەی بەبەر پشتێنەکەیا کردبوو... سەیری ڕمبازی و بووک و زاوا دەکات و خۆی بەپشتا خستووە و قاقا دەخەنێ و بسکەی سمێڵی دێ... (فریشتە) بەماینە کوێتیی وت:

– دەبینم وشکەڕۆیت و ڕەوت و وێرغەکەی جارانت نەماوە...

کوێتە گیان مردووی بەشی زیندوو خۆرم، ئەو ڕۆژانەت لە بیرە کە کا و جۆ و وێنجە و سێپەڕەت بەم دەستانە دەخوارد...؟!

له كانییه سازگارەكانی (سولّتانە) ئاوم دەدایت و ڕنەكم دەكردیت، پێش ڕنەك، زینەكەم لێ دەگرتیتەوە و جلێكی خاوێنم لێ دەكردیت، بۆ ئەوەی ڕەقیتە نەكەیت...

كە دەتحیلان وام دەزانی دەنگی شمشاڵەكەی (قالە) مەڕەیە... لە ڕمبازیدا سوارنەبوو تۆزی قوڵت بشكێنێ بست، بست باڵام پێ دەكردی، هاوڕێی گیانی بەگیانی بووین و سوێندمان بەسەری یەكتر دەخوارد، ماوەیەك نەتبینیمایە بێ دەماخ و كز و مەلوول دەبوویت و گوێت تەپ دەبوو، كلۆتت وەك كاڵەك دەردەپەڕی، هۆن، هۆن ئاو بەچاوتا دەهاتە خوارێ، وەك پیاوی پیر دەكۆكیت و یاڵت پەتكی و پەڵپینەیی دەژاكا...

ئێستاش وەك دەزانیت بەرەو مردن و دۆزەخ دەمبەن، جا تۆ بەوە ڕازی دەبیت...؟! تكات لێ دەكەم... ئەگەر دەتەوێ ڕێزی ڕابردوو بگریت و دۆستەكەی جاران بیت، بەقسەم بكە...

سوێنت دەدەم بەو ئەستێرەی ناوچەوانت، بەبریسكەی ناڵەكانت، بەو سەر و كەللە ڕەنگا و ڕەنگەت، پرچە خاوەكانت، بەو ڕۆژەی بەراییت بەسوارەكانی ئەم دەڤەرە نەئەدا، توو سەری ئەو جوانووەت ئەڵێی ئاسكی (بان مەقان)ە، هەتا دەتوانی كلكت كلاّفەكە و بدە لە چوار ناڵە و ملت خووز كە و بمدە بەقەدی شاخ و بەردەلاّن و دڕك و داڵدا و شەق و پەقم كە و ئەم شووە چەمەرییەم بكوژە، با (خولە) گرتك دەمی لووت گاینجەی ملشۆڕ دەرپێكەم دانەكەنێ و باخچەكەی (سوارە) ی بۆ واز نەكەم، ئەوە گیای ئەو نییە و كەر و ماجوومییان نەوتووە... جا مەرد بە ئەو پیاوەتییەم لەگەڵ بكە، ئێستا گاینجە لووتی شەندەمی گرتك دەم، لەسەر بانە و قامیشێكی بەدەستەوەیە گلاّوم بكات، ئەمجارەش پێت دەڵێم ئەوەم لەگەڵ بكە با بەشەریفی و ئەمەكداری سەر بنێمەوە، ئیتر خۆت و شیریت...

***



له نیوەی ڕێ بووكەكان ئاوێنە و ملوانكەیان گۆڕییەوە...

(فریشتە) سوارەكانی ئەولای بەنج كرد، چاویان ئەبڵەق بوو، هەر یەكەیان لای خۆیانەوە وتی:

– بەری لە ڕۆژ بڕیوەتەوە...!!

– ئەڵێی لە داوێنی ئادەمیزاد بەرنەبووەتەوە...!!

– دوو ژن و تفەنگێك و دەمانچەیەك و مەسرەفی هەردوو لا، گەمە نییە، ئەمە و (خولە) شەندەم...؟!

– ئەڵێن پەرستگای مەلایەك بووە و ڕایكردووە...

– بە ڕیشی كێ ڕەوایە ئەمە باجبەهای ئەو چاو بۆقلەموونەی قاچ و دەست چەوجەڵەی لووت كەرتەشییە بێت...؟! ئەڵێی لەسەر بەرد لەوەڕاوە... بەسەر ماینەكەوە ئەڵێی دالاّشە و سەر و چاوی ئەڵێی جێی تسی گورگە، كچە باجبەهاكەی تریش شیرە خۆرەیە، مێردەكەشی لە سكی دایكیایە، لای شێخ و مەلا نوشتەیان بۆ كردووە كە كوڕبێ...

هەر كوڕیش دەبێ لەبەر ئەوە شێخ پەنجەی پیرۆزی پیاناوە...

## ٦٩

(سوارە، سەر بەگۆبەن) گواستنەوەی (فریشتە) خەمێكی زیاتری خستە سەر بارگەی خەمەكان، تارماییەكان ڕەگیان داكوتابوو، كە بیرت لە یەكەم ڕۆژی زاوایەتیی (خولە حۆل) دەكردەوە لای خۆتەوە وتت:

– (گورگێكی دێزی دەم هەڵدڕاوی چاوبرسی، قاتێ جلی دەڵبی لەبەردایە و ئەڵێی مشكی ناو جەواڵە، بەرخێكی چەرموو سووریش لە سووچێكی ژوورەكەدا كورووشكەی كردووە، دەستی چەپی خستووەتە سەر ناوچەوانی، بەدەستی ڕاستی فرمێسك دەسڕێ، هەرچەندە سەیری گورگە دێزەی دەكرد دەبووە تنۆكێ ئاو و دەیوت:

– (ئەم گەمژەیە بەبووکم دەزانێ و بەخەیاڵی خۆی دەمێکە دووخوێنم بۆ کردووەتەوە، نازانێ: دارم، بەردم، کەرم و فرۆشراوم ئەبێ چ خێرێکم لێ ببینێ...؟! سووریش ئەزانێ باخێکم باخەوانی خۆم هەیە و هەر ئەو دەتوانێ بمڕنێ و ئاوم بدات و لەگەڵ گوڵەکاندا بدوێ و بۆنیان بکات و چیرۆکی ئەڤینیان بۆ بگێڕێتەوە، باخێک بەزۆر بڕنرێ چ مەردایەتییەکی تێدایە...؟! بەڵام لەگەڵ خەرگۆلک و مشکی ناو جەواڵدا دەڵێی چی...؟!)

– (خولە خەرگۆلک) بە(فریشتە) دەڵێت:

– بووکێ وەرە سەر دۆشەکەکە، بۆچی لەسەر ئەو جێگا ڕەقە دانیشتوویت...؟!

(کەر و ماجوومییان نەوتووە، بن دار هەڵووژەکە و سەر تەنوورە دووکەڵاوییە ڕەق و تەقەکان، بەهەزار دۆشەکی ئەم وێرانەیەیان ناگۆڕمەوە)

سەیری چاوی کە ئەڵێی بەئەسکەنە هەڵکەنراوە، ئاخر بڵێ ڕۆژێ لە ڕۆژان منت دیوە...؟! قسەت لەگەڵ کردووم...؟! ئەوەی منی بەنسیبی ئەم ساردە گۆشە و گەنەی بن گونی گایە کرد: (دووژن و تفەنگ و دەمانچە و مەسرەفی هەردوو لا) بوو، ئەوەش کچە دەم چاکڵەکەیان بوو ملی لەسەر یەک ڕەگ بەن بوو، کە سەیری دەمیت دەکرد بزنمژەت بیردەکەوتەوە، مردن چاوی لێ دادەگرت، ئەبێ ئەو برایەم چ لەزەتێکی لێ ببینێ...؟! هەر خەریکی ماکەرە شینی خۆمان بووایە باشتر نەبوو...؟! ئەو جلە بووکێنییەی ئەو بکرێتە بەر ماکەرێک لەو جوانترە... لە کەشکیش بوو لە مەشکیش، براکەشم بێ دەسەڵاتە، خوا ئەوە بگرێ وای لێ کردین چ باوکێ بەسیکارتی کول منداڵەکانی خۆی سەربڕیوە...؟! لەو پیاوانەیە بەقوون پارە هەڵدەگرێ... هەر لە ئێستاوە باج بەهای دووەمی فرۆشتووە، جا خوا بکات کوڕبێ و کچ نەبێ، کێ دەڵێت نێرەمووک نابێ...؟! لای ئەو خۆشترین ئاواز دەنگی پارەیە...



دەستی (فریشتە)ی بەرەو ئەو جێگایە برد کە پەڕۆکەی پیادا دوورابوو...

– ئەوە پەڕۆی عارو و شوورەییییە... نیشانەی بێ شەرەفیی کچ فرۆشە، تانەی چاوی ئەو مشکەیە بووەتە گۆخڵ و پێی دەڵێن (بڵقاسم بەگ)، دەست بەسەریا دێنێ ماچێکی دەکات کەفە ژیلکە ڕوومەتی دادەپۆشێ.

(هەر ئەم ماچە کەفاوییە و هەر ماچەکانی بن دار هەڵووژەکە...؟! ئەو دار هەڵووژەیەی ڕۆژ دوای ڕۆژ، ساڵ دوای ساڵ تەمەنی سەرلەنوێ بۆ دەنووسرێتەوە... هەر بۆنی (سوارە) و هەر بۆنی (خولە کەمێلاوی)...؟! بۆنی وڕەتەگە و خامی گنخاوی لێ دێ، ئەوە بیچمی زاوایە یان بیچمی ماکەری تەڕەزەنە...؟!)

## ٧٠

بەیانییەکی مانگی- نەورۆز- خۆت بەرەو خۆزگەکەت پێچایەوە، ئەوەش شاری (د) بوو، دەمێک بوو خەوت بەزانست و پەروەردەیەوە دەبینی، ئەیانوت: ئەو شاگردەی لەوێ سەرقاڵی خوێندن بێ خەرمانەکەی بەبای شەماڵ شەن دەکات و سووری خەرمانەکەی مالووسکە دەبەستێ و خانوویان ڕووی لە هەتاوە...ئەوە دووەم جارت بوو ماڵئاوایی لە شاری(س) بکەیت و بەدوای زانستا عەودالبی... شاری (د)یش هێمن و دڵگیر، بەردەمی دەشتێکی پان و بەرین و زیندوو و بەپیت و بەرەکەت و سەوز، دەوروپشتی بەگرد و دێهاتی نەخشین تەیمان کرابوو، لە سنووری گوندەکاندا مەڕومالاتی گوندەکان ئاوێتە دەبوون، جار جارەش ئاوەکی دەکەوتن...

لە پەڕی ئەمپەڕەوە لە مزگەوتی (خ) جێت خواستەوە، لە سەرەتاوە هەستت بەنامۆیی دەکرد، خۆت و کتێبەکانت نەبێ کەست نە ئەناسی، ئەوانەی دڵت پێیان دەکرایەوە، مانگ و ئەستێرەکان و ڕۆژ و حەوتەوانە و ئەستێرەکانی تر بوون، بەتایبەتی حەوتەوانە هاوڕێی دێرینی جووتی

وشکاوەرد و شەواژۆ و کاروانت بوو... ئەوە ڕاوە کچ لەوێوە بووەستێ، ئەستێرەکانی حەوتەوانە بەباشی کاتیان بۆ دیاری دەکردیت و سوێندت بەسەریان دەخوارد و پەیمانت لەگەڵ نوێ دەکردنەوە و چیرۆکیان بیر دەخستیتەوە، بەتایبەتی چیرۆکی سەر تەنووریان و ڕەز و گابەردە خەرمانە، مەگەر مردن گۆرانییەکانی (فریشتە)ت لە بیربەرێتەوە دەیوت:

– بەو حەوتەوانەی هەر حەوتیان تاکن

دڵەکەی من و تۆ هەر بۆ یەک چاکن

مامۆستاش پیاوێکی سوورفلی شلێ سینگ داچەکاوی تووکن، تووکی سەر سینگی چڕوپڕ و ئەتوت ژاژی چەمی (باسەرە)یە... کە دەڕۆشت جبەکەی بەلایەکی شانیا ئەدا، ئینکار، قسە هەر قسەی خۆی بوو، کە توورە دەبوو ئەوەندەی تر سوور هەڵدەگەڕا و بەردی بەبا دەکرد، بەڵام کە دەهاتە سەر ڕاڤەی وانەکان، کەم وێنە بوو هەر حەزت دەکرد گوێی لێبگری، بەڵام یەکێک بوو لە قەندە سەر بەرەو ژوورەکان و دوژمنی بیری نوێ بوو، توندڕەو، لووتی کورە کاژاوی دەکێڵا و ئەیوت:

– کردنەوەی قوتابخانە بۆ ئەم ناکەسبەچانە کفرە، لە کفریش کفرترە، قەیاریان هاتووە سمتەراشیان گەرەکە... کە ڕاتبە و دەقنە و مانگانەی ماڵان نەمان ئایینیش نامێنێ، بۆچی بەدەردی خۆیانەوە دانانیشن...؟!

شەرەشۆق لەگەڵ کێوی سەفیندا دەکەن، پووش لە کا دەژمێرن و کەشکی ئاوەسوون، ئەوەندەش ملهوڕی و چاوقایمی و کەللەپووتی...؟! هەتا کەی چێو لە تاریکی کوتان...؟! بۆ کوێ دەچن مەقاویان دەژەنرێ...

مامۆستا گەڕی بارە ترێی دەکرد، هەر لە خۆیەوە فتوای ڕووخانی مزگەوت و منارەی دەردەکرد، تەڵاقی دەخست و پینە و پەڕۆشی دەکرد، بڕوای بەشیری شوانیش نەبوو.

ئەم (بەکر مەرگەوەڕ)ییە ئەو شوێنە و مەقامەی لێ کردیتە داری



(پەڵک) و کۆسپ بوو لە ڕێی خوێندنەکەتا لەبەر ئەوە خوێندن لە کوێ بوو تۆش لەوێ بوویت و بەردەڵ بەردی زەمانە کاری تێ کردیت و پشتی سارد نەکردیتەوە...

شاری (د)ت بەجێهێشت و ڕووت کردە گوندی (پ)، مامۆستای گوندی (پ) پیاوێکی کەڵەگەتی سپیواشی ڕیش قەڵەمکراو... بنەماڵەکەشیان بەزانست گۆش کرابوون، بەڵام گوندەکە هەتا بلێی هەژار و ڕووتەڵە، یاسای بۆگەنی (ڕەش هەر ڕەشە) درووێنەی تیا دەکرد، تفەنگیان بەزەردەواڵەشەوە دەنا هەمیشە پێشیان ڕەشەبا و پشتیان کەندەڵان بوو، ماری بێ ئیجازە بوون، لەسەر ماچی کچێک دوو خێڵ یەکتربیان دەبڕییەوە، هەر بەسولح و خوێن کوژانەوەوە خەریک بوون، نەشدەکوژایەوە و هەتا بوو بنجی دادەکوتا و لق و پۆپی لێ دەبووەوە.

لەم بارەیەوە پێیان وتیت:

– ئاگات لە خۆت بێ، ئێرە جێی پیاوی چڵێس نییە...

تۆش لای خۆتەوە وتت: (بۆ چڵێسی گوناهە...؟! کەس هەیە بەو ڕێگادا نەڕۆشتبێ...؟!)

## ٧١

مامۆستاکەت بانگی کردیت و پێی وتیت:

– (سوارە) ئەم گوندە چەند گەورەیە، دە ئەوەندە بژێویی کوورە و ڕزقی سوارە، گوناهە ئەو مامۆستا چاکە لەم گوندەدا بژی من لەبەر خاتری ئەو و تۆش لەبەر من، هەق بوو تۆش لێرە سوختە نەبوویتایە و وەک من (موستەعید) بوویتایە، هیچمان لەبەر خۆشی ئێرەمان هەڵنەبژاردووە و دوای زانست کەوتووین، خوێندن و زانست بێ نان نابن... هەرچەند زانست بەسواڵ پەیدا نابێ و پەتی سواڵی مل دادەبڕی، بەڵام لەم وڵاتەدا ئاوەکە وا

ڕژاوە و دەسەڵات نییە...

تۆش قسەکەت پێ بڕی و وتت:

– دیارە کارێکی نوێت هەیە...؟!

– بەڵێ ئەم ڕاو و ڕێوبیەم بۆ ئەوە بۆ هێنایتەوە بچیت بۆ گوندی (هە) بۆ ڕاتبەی نان... خۆت ئەزانی نانی ئێرە بەشمان ناکات، هاوڕێکانت لە سەگ دەترسن...

– دوورە...؟

لە نیو سەعات کەمترە، چوون و هاتنەوە کاتژمێرێک دەبێ... هەقت بۆ دەکەمەوە...

– بە خۆشیی تۆوە هاتووم و دوای خوێندن کەوتووم و هەتا لەگەڵ تۆدابم کەشکم فەریکە و بەرخم بازی دەکات... خۆڵیش لە خۆڵگای گەورە دەپێورێ...

## ٧٢

عەسران قوڵینەکەت کە پێتدەوت (مۆتەکە) دەخستە بن دەستت، ئەو مۆتەکەیەی وەک سێبەرەکەت لێت جیا نەئەبووەوە، بەباران و تۆف و کەوە ڕۆژ و بەستەڵەک و بەسەر گرد و کەلە مل و تەپۆڵکەدا لە بن دەستت نەئەکەوتە خوارێ و پێت وت:

– جاران هاوڕێیەکی شوومی جلخواری چەند کۆڵانێکم بوویت، ئینجا تووکی سەرم با دەیبرد و ئارەقی مل شۆڕیم بەدەستتەوە دەڕشت و ئەمویست لە کۆڵم بیتەوە و ئەم کێشایت بەزەویدا و تێکم دەشکانیت، ئەوەش ڕقێکی کەرانە بوو، چونکە دەبێ تاوانی تۆی (دار قەرەقاچ) چی بێ...؟! تۆ لە دارێکی پیرۆزی خزمەتگوزاریت لە نەگبەتیی ئێمەدا بوویتەتە ڕەمزی (سواڵ)، بەڵام خۆت دەزانیت کێ کردووتی بەڕەمز!! سوور



دەزانم تۆش پێت ناخۆشە و قوشقی دەبیت... ناحەزان ئێمە و تۆیان کردووە بەمار و سیر...!!

***

لە ماڵەکەی ئەمپەڕ گوندەکەدا:

– ڕاتبەی فەقێ ڕەحمەتتان لێبێ...

ژنێکی قژ ماش و برنج، دەست ئارداوی، سینگ داچەکاو ددان شەق و شڕ و نارێک، ئەتوت فیشەکلغی چەتەی زەمانی زووە و وتی:

– چیت گەرەکە...؟!

– فەقێی گوندی (پ)م نانەکە بەشمان ناکات.

– بەسەر چاو.

دوو نانی گەرمی هێنا و (قەرەقاچ) قووتی دا.

لە ماڵی شەشەمدا گەماڵێکی هەوشاری گوێبڕاوی چاوسووری سمێڵ درێژ، چمکی کەواکەی گرتیت، تۆش نەتکردە نامەردی دارە سەرخڕە بزمار کوتەکەی دەستت ئاراستەکرد و لەسەر سەر سووڕایەوە و گێژ بوو، بەقوورووسکە قورووسک کلکی خستە ناوگەڵی و ملی حیز کرد و قووچانی، خەڵکی گوندەکە ڕژانە ئەو ناوە، دەنگی منداڵ و سەگ و نێرەکەر تێکەڵ بەیەک بوو خەڵکەکە وتیان:

– هەوشارەکەی چۆن ئەم زەلامەی نەخوارد...؟! هەتا ئێستا کەسی لە دەست دەرنەچووە و هەڵی شێلاوە...؟!

ژنی ماڵەکە هاتە دەرەوە و کێشای بەڕوومەتی خۆیا و بردیتییە ماڵەکەیان و ئاوی بۆ هێنایت و دەرزی و دەزووی هێنا و کەواکەی بۆ دووریتەوە و زوو زوو دەیوت:

– دەک گەماڵە گوێ بڕاو بەگوللەی وێڵەوە بیت، جا چۆن لە ڕوومان بێ

له دووریشەوە سەیری مامۆستای گەورە بکەین...؟! چی لەم گەماڵە بکەین ئەیکوژین گورگ دەمانخوات ناشی کوژین ئەوە حاڵیەتی و شەرمەزارمان دەکات، ئەم دوابڕاوە گورگ خنکێنە و دز ڕەوێنە، مەلایەکمان نییە دەمی گورگ لە ئاژەڵەکانمان ببەستێ...

ئەوەی وت و کەوتەوە قسە...

(کاکە مەلا) کە گەڕایتەوە کەوا و سەڵتەت بیسمیل کە، وشک نابێتەوە ئەگینا ئێستا بۆم بیسمیل دەکردیت.

(سوارە سەرسەخت) شێوەی ئەو ژنە لە دایکتی دەکرد، سۆز و هەڵسوکەوتیشی لەو کەمتر نەبوو...

ئەمەش (قولێنە) لەو سەرەوە خاڵی و لەم سەرەوە پڕە، (سوارە چارە ڕەش) کێ دەڵێت لەو دنیاش چەتری سەرت نابێ و مشک و مارت لێ کۆبکاتەوە... ئەگەر وەک ئادەمی لە قوتابخانەیەکی ڕەسمی بتخوێنایە... بۆچی ڕۆژت بەم ڕۆژە دەگەشت...؟ لێرە چیت دەکرد...؟!

تۆ و سەگە گوێبڕاو... سەگە گوێبڕاو و تۆ...؟!

یەکەم جارە ئەم گوندە دەنگی ڕاتبەی فەقێ دەبیستێ...

ئەو دەنگەش دەنگی تۆی گەواد و شووم و لە خێڵ بەجێماوە... لە زۆربەی نەهامەتی و کارەسات و پەتپەتییەکاندا یەکەمیت و کەس تۆزی قولت ناشکێنێ و بێ بەختیت بەشیرەوە خواردووە، بەڵام دیزەی چەوریت و ئاو ناگریتە خۆت و ڕۆنی ڕژاو دەکەیتە خێر...!!

(سوارە ناڕەسەن) مەگەر سەیدی (چاژ...)ی وەک تۆی بەسەر هاتبێ... هەموو ساڵێک لە وەرزی بەهاردا کوولەکەیەکی هەڵدەگرت و دێ بەدێ ڕاتبەی ڕۆنە کەرەی دەکرد و دەیفرۆشت و خۆی پێ پۆشتە دەکردەوە، لەبەر ئەوەی ماڵیان لە دەڤەری (موکریان) بوو، لە ترسی پاسدار نەئەرۆشتەوە و ئەیوت:



– ئەگەر بەچەند ساڵێک برۆمەوە لێم دەپرسن:

– لە کوێ بوویت...؟ بۆ ئێرە مزگەوتی لێ نییە...؟!

چۆن بێ پەساپۆرت سنوور دەبەزێنی...؟!

ئەم پرسیارانە بەچە ترسێنیان کردبوو، گوند و سنوورەکانیان مین ڕێژ کردبوو...

جارێک سەگ لاڕانی بچڕیبوو، لەسەر پشتی کەر هێنایانەوە، چڵکن، پلْکن، ڕیش هاتوو، زەرد و لاواز و شڕۆڵە... ئەیوت:

– دە وەرە گوند و دایک و باوک و کەسوکاری خۆتت لێ قەدەغە بێ، باوکت بمرێ نەوێری لە پرسەکەیا دانیشی... ئەگەر بێت و بەملەجەڕێ ڕۆشتیتەوە ئەوەندەت پرسیاری بێ سەروبەر لێ دەکەن، سەرت دەئاوسێ و لە ژیان وەڕس دەبی و سەفەر و هاتوچۆت لەبیر دەچێتەوە...

سنوور سنووریان لە ئێمە گرتووەتەوە، سنوورەکەش دەوەنێکە، گا بەردێکە، چەمێکە، کوێرە ڕێییەکە و ئەمدیو و ئەودیوی سنوورەکە یەک ڕەگەزن و کەس و کارتن و پاوەن و ڕانیان لە یەک دەگەڕێتەوە، هاوڕەنگ و هاوزمانیشن... ئەمە چەندی بەچەندە...؟! لە کوورەی کێدا جێی دەبێتەوە...؟!

تۆش وتت:

– سەد خۆزگە بەبزن و مەڕ و ڕەشەوڵاخەکان، بەس نییە سنووری دەستکردی هەڵتۆقیو دەبەزێنن و بەسەربەستی بەمدیو و ئەودیوی، گابەرد و دەوەن و چەم و ئەوانی تردا دەڕۆن و پرس ناکەن...؟!

٧٣

(سواره) ئەم حوجرەیە لە ژیانیا ئەوەندە سەری بەرزق نەبووە و بەرچاوی ڕوون نەبووە، نیزای خێرت بۆ دەکەن، لە ڕەگی گولی قوتارت کردن، لای مامۆستاکان پلە و پایەت بەرزە و پێت بەئاوەدانییە، هەتا بوو قاڵ دەبوویت و ڕێ و بان بەلاتەوە سروشتی بوون، سامی منداڵ و سەگ و کەرت شکاند... ئەوەندە لێیان نزیک بوویتەوە گشت ناوەکەتیان دەزانی، جار جاریش بەسەرپشتی کەر بۆیان دەهێنایتەوە، ئێوارانێک کابرای خاوەن وڵاخ پێی وتیت:

– ئەتوانی سواری کەر بیت...؟

ئەو وایوت و خۆت فڕێدایە سەرپشتی و نانەکەشت نەشکان و وتت:

– خۆمان سێ ماکەرمان هەیە...

(سواره چاوزیتی بێ شەرم) لە ماڵەکەی ئەوپەڕەوە کچێکی قەد باریکی لووت بادەمیی سوور و سپی، چاومەڕی، لێو قەیتانی، خۆی بەناز دەفرۆشت، وازی لێ نەئەهێنایت و کە نانەکەی دەدایە دەستت دەستتی بەنانەکەوە دەگوشی، ماخۆلانی بوو خەریک بوو سواری سەرت دەبوو، ئەوە بو و ئەو ڕۆژە لەگەڵ نانەکەدا زەرفێکی دایە دەستت و وتی:

– ئەوە لەتکە هەنجیرە لەڕێ بیخۆ...

– سوپاس...

– سبەینێ شتێکی باشت بۆ ئامادە دەکەم...

– چییە...؟!

– حەزت لە چییە...؟!

– ماچێک لەو ڕوومەتە سوور و لێوە قەیتانییەت...

– ئێستا...؟! نەنکم لە حەوشەیە...



– ئەوە لە چی دەزانێ ئەڵێی بزنە و بەلەباقەیەتی وەرە ئەم تاریکییە... با خەرمانی خەفەت شەنکەم... کلۆکۆی دەروونت مران و بەوە نەچیتە بەهەشتەوە چاوت پێ ناکەوێت.

لە ڕێ لەتکە هەنجیرەکەت دەرهێنا... (ئەوە لەتکە هەنجیرە لەڕێ بیخۆ...) دەمێک بوو شێن و ڕاوی ئەو ڕۆژەی دەکرد...

(سواره تەڕەماش) کارێکی باشت کرد دڵی ئەو کچە ناسکەت ڕازی کرد، دەمێک بوو خۆت گرتبوو، ئەوە تۆ نەبوویت...؟! هەرگیز ئەوەندە شەریف نەبوویت و بێ دەستبازی و چاوبازی گوزەرانت نەکردووە...

ئەمجارەش لە ڕێی گوندی (هە...) بەقوولێنەکەی بن دەستتەوە ئەوەندەت سەرسم دا و دڕک و داڵت گێرە کرد هەتا خودای گەورە پاداشتی دایتەوە و ئەو ئاسکە کێوییەی کردە نێچیرت، تۆش نمەک بەحەرام مەبە و جووتەی لێ مەدە...

٧٤

ئێوارەیەک چوویتە حەوشەکەیانەوە، بەپیرتەوە هات و دەستی گرتیت و بردیتییە ژوورەوە...

– کەسی لێ نییە...

هەر وای وت: نووسانت بەکۆڵەکەی داڵانەکەوە.

– شارەزا دیاریت...؟

– بە چییا دەزانیت...؟

– ڕاوچییەکی کارامە دیاریت...؟

– داس لە سەپان ناشارێتەوە...

– ئەی بۆچی لەمەوپێش خۆت لە من کردبوو بە وەلیی بێ قوون...؟!

– کێ ئەڵێت وەلی نیم و بەرماڵم بەسەر ئاوەوە ناسووڕێتەوە...؟!

– بە چەپ و چلـێـسـیـیـەکـەتا دیارە، دایکیـشم پێت دەڵێت (مـەلا نوورانییەکە) خۆزگە لەگەڵ خۆی دەیبردم بۆ بەهەشت...

دەستێکت خستە باخی سەوزییەوە...

– ئەوەیە بەهەشتی بەرین... بەدایکت بڵێ بێ ئەو ناچمە بەهەشتەوە...

## ٧٥

(سوارە گەنە خۆری ناوچەوان قۆقز)، جار جار گلەییت لە خۆت دەکرد و لای خۆتەوە دەتوت:

– (نەگبەت بۆ کێی دەکەیت...؟! کێ دەڵێت ڕۆژێ گەلەگورگ لەم ڕێگا چۆڵەدا ورگت ڕانادەن، گـەواد، کێ مـەمنوونت دەبێ و گـونت بۆ لە خـوم دەدا...؟!) ئەمە مانگ و دوو مانگ و سێ مانگ نییە هەتا لێرەبیت دەبێ عەرەبانەکەت ڕاکێشی، سێ ساڵ لەمەوپێش موستەعید بوویت، ئێستا سوختەیەکی قوون هەڵبچڕاویت چەندەهای وەک (ئەحمەد) خزمەتی دەکردیت و مژدەبارانی دەکردیت و کۆتری نامەبەرت بوو، ئێواران هەگبەی بۆ دەکردیتەوە و بۆن و بەرامەی (فریشتە) مەستی دەکردیت...

ئێستاش کە دەمت گەیشتە باخ و باخاتی گوندی (هـ...) باری لەشت سووک بوو، هەر پێش عەسر خۆت دەڕازانەوە و حەوت جار جامانە چیوتلییەکەت دەبەستەوە و لا لا مووت دەکرد و بسکەی سمێڵت دەهات، خوا خوای هەلێکت بوو بۆ ئەوەی هیوا و هەوەست دەمەزەرد کەیتەوە و کزەی شەماڵی نوێ دەروونت فێنک کاتەوە... ئەو کزە فێنکە لای تۆ هەموو شتێکە و شتەکانی تر بێ ئەو داری پەڵکن...



## ٧٦

سەرەتای پاییز... هێشتا دنیا گەرم بوو، خەڵک و خوا وەڕسییان لێ دەردەبڕی و دەیانوت: هاوینەکەش لە ڕادەبەدەر گەرم بوو، ئێستاش جێدەستی دیارە و پەرێزی پیسە و ئێسکی قورس بوو، لووتی پیرەمەگروونی دەکێلا، خوا بکات پاییزەکەش لەسەر هەمان دار و باینجان نەبێ و لای ڕکەمان لێ نەگرێ.

(سوارە شملی شەڕ) تۆش لەگەڵ ڕۆشتنی هاوین و هاتنی (پاییز)دا کێشەکانت لە زەهاکدا بوون، خۆ خواردنەوە و دڵەڕاوکێت تارماییان بەستبوو، بیرەوەرییەکانت کوت و بچڕ خەو و خەیاڵ ئامێز، لەبەر چاوت دەچوون و دەهاتن و ماخۆلانیان بوو، دەمێک دەگەشانەوە و دەمێکیش ڕەش دەبوونەوە، لەبەر چاوت تووڕەکە و قولێنە و قاپی سوالی باڵیان دەگرتەوە، دەگریان جنێویان دەدا و دەیانوت:

– خەتامان نییە، وەک زەڕنەقوتە دەم دەگرینەوە، ئیتر بۆ ئەماندەن بەزەوییدا و دەمانشکێنن، دەمێکیش دەمانکەنە ئەکتەر و لەسەر شانۆ دەورمان پێ دەبینن و مێشک وشکەکانمان پێ تڕشکێن و ڕیسوا دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لای ئەوان فریشتەین و لە ئاسمانەوە بەربووینەتەوە و کلیلی دەرگای بەهەشتین، کە ئێمە نەماین دەرگای بەهەشت خڕ دادەخرێت.

(فریشتە) لەناو شەپۆلی ئەو خەیاڵە تەم و مژاوییەدا بەرەو ڕووت هات و قژی خۆی دەڕنییەوە و پێی وتیت:

– ئەوجا سەری خۆمان هەڵگرتایە و دنیامان بەکۆڵەوە بگرتایە بۆچی ڕۆژمان دەگەشتە ئەم ڕۆژە، با بەیەکەوە بکوژراینایە، بەتەنها منت بەکوشت نەدایە و بەنەخوێنم بۆ (خولە) زلە حەسیری قەوچە دەم نەکردایەتەوە، نەت ئەزانی هەموو کردنەوەیەکی تۆپینێکە...؟! شار بەدەربوونێکە...؟!

هەر ئەتوت: (ئەوە چارەسەر نییە) ئەی چارەسەر ئەوەبوو من بەگورگان خوارد بچم...؟!

هەر لەناو تارمی ئەو خەیاڵە تاریکەدا، شەماڵ (بڵاوکراوەی دەنگی فەقێی)– هێنا... لەبەرچاوت پەڕە پەڕەی کرد و لاپەڕەکان کەوتنە ئاخافتن و پێیان وتیت:

– (سوارە بێ دڕێژ...) لە ڕۆژێکی سەختا چاومان هەڵهێنا کوڕی تەنگانە بووین، نوێنەری ڕەش و ڕووت و کۆیلە بووین... چرای شەوەزەنگ و خوێنی دەماری داس بەدەست و بێڵ بەشان بووین... نهێنگرەکان وایان دەزانی ئەو درەختە بڕاوەین خەڵف هەڵنادەینەوە و لە ڕەگەوە وشکیان کردووین و جارێکی تر لە ئامێز ناگیرێینەوە و هەر لە ژێر قەپاڵی گورگا دەبین و ئەسپێی کراسکۆن هەر کوێخا نابێ و تەمەنی دارەکەی (قەرەداخ)یشیان نابێ...

(سوارە داڵغەچی) ئەو خەیاڵە سەیرە لەپڕ هەڵتۆقیوە، بەرۆکی بەرنەدایت و خۆت دا بەدەم قەڵبەزە و کۆمانجەیەوە، دیدەنیی باوکت کرد، دەرگای باس و خواسەکانتان ڕەقانەوە و پێی وتیت:

– کوڕم (سوارە)، پاڵەی مەزرایت و پەرێزت پاکە و تەکت بەخوێندنەکەت هەڵچنیوە و وەرزەکان لێت ڕازین ئارەقی ناوچەوانت شایەتە، خەرمانت سوورە... ماوەتەوە سەرئەوە پێت بڵێم:

– باش وایە بەنانی دەست و بازووی خۆت بژیت و پەنا بۆ ژیانی خوازەڵۆکی و گوماناوی و خەیاڵ پڵاو نەبەیت، چونکە ئەنجامەکەی شەق لە کەندەڵان هەڵدانە و ئەوە بەرهەمی زانست بێ... ئەو کۆشکەش بۆ بنیاتنانی بەردی بنچینەی خوێندنگایەک بوو...هەرەسی هێنا و تلیسایەوە و بووە کورتانەکەی جەجاڵ و بەرەی ژەنگگرتوو، گیاکەڵەی ناوەخت، بوونە مووی لووت... ئەگەر بڵێی منیش لەگەڵ ئەو قوتابخانەدا نیم ئاگر لە



خەرمانی ئایین بەردات، لاڕێتان پێ بکات و مار بتانخوات و لە کونی خۆتان هەڵگەڕێنەوە و گەڕ بن، لەو خەیاڵە قووڵەدا کە بڕانەوەی نەبوو باوکت هاتە لاتەوە و پێی وتیت:

– (سوارە) ئەزانیت لە کەیەوە لای باوکت شیرین بوویت، ئومێدم پێت بووە...؟! هەر لە منداڵییەوە بەپیر کارەکانتەوە چوویت، ئەو ئیشانەی دەتکرد ئیشی گەورە بوون، کار و بەرخەکانت وەک شوانێکی کارامە دەلەوەڕان، هەر زوو ناوی شاخ و داخ و دەشت و دارستانەکان فێربوویت، ڕەنگی کار و بەرخەکانیشت وەک ئێمە دەزانی و ئەتوت:

– ئەو بزنە یان ئەو کارە: بەلە پۆشە، بەلە خەزاڵە، بەلە ڕەشە، بەلە هەمسە، ئەوە بەرخە یان مەڕە پەرە، تەوە، چەرموو سوورە، کوڕییە، کەوە سوێرە، چارە... کە لەگەڵ منداڵە گەورەکاندا، پاچەکۆڵە و سەرخەس و دارک بژێری و بەرگاییت دەکرد، نازانم چۆن لەو تەمەنەدا جووتی وشکا وەردت دەکرد...؟! ئەوە باسی خەرتە و تەڕەکاڵ ناکرێ...

خوێندنەکەشت لەو مەزرایانەوە سەوزدەبوو، لە سەرووی هەموویانەوە بوو، پشتگوێ خستنی نەبوو...

## ٧٧

(سوارە خەیاڵ پڵاو) هەر چۆنێک بوو لەو خەیاڵە دڕندە کاتییە قوتارت بوو...

چێشتەنگاوێک لە حوزووری مامۆستادا بەچۆکا هاتبوویت و بەقووڵی لەناو باسەکەدا شەنوکەوت دەکرد و لەگەڵ وانەکەتا عاشقە و ماشقە بوون... نامەیەکی برووسکەیی لە بان لەپی مامۆستا نیشتەوە و وانەکەی پێ بڕین و چاوی مامۆستا نامەکەی کێڵا...

(سوارە) ئەسپی خەیاڵی تۆش فڕی و بیرت لە گرێژەنە چوو، هاتیتەوە

سەر سفر، بەڵام ئەوەی هێنایتییەوە قۆڵە و دەستی گرتیت و بەرچاوی ڕووناک کردیتەوە زەردەخەنەکەی بان لێوی مامۆستا (پارەزان)ی بوو، ئەو زەردەخەنەیە دنیای لا سەوز کردیت، جار جاریش بەزەردەخەنە ئاو پەرژێنی دەکردیت و هەستی فێنک دەکردیتەوە و لای خۆتەوە وتت:

– (وا دیارە دێڕەکانی ناو نامەکە لە سووچێکەوە منیش دەگرێتەوە)...؟!

– (سوارە مژدە)...

– مژدەی خێر بێ...

– باش بوو نامەکەم سەوز و بەردار بوو...

ئەوەی وت و کەوتەوە قسە...

– دوو ڕۆژی تر لە (سلێمانی) دەبین.

– تێنەگەیشتم.

– هەردووکمان بە(موستەعید) لە (خانەقای مەولانا) دامەزراوین، نەموت هەقت بۆ دەکەمەوە چاکە لە چاکە ئاوسە، لە ڕاتبەی ئەم گوند و ئەوگوند ڕزگارت بوو.

– لە پێناوی زانستا دەچمە ناو کوورەی ئاگرەوە، ناوبانگی تۆ کەمەنکێشی کردم و ئەو گوندانەی پێناساندم.

– لە (سلێمانی) بەزانستی هاوچەرخ مێشکمان بەرەنیا دەکەین و کۆنەپەرستی چاڵەمشتە دەکەین و خەرمانی ئاواتمان هەڵدەگرین.

– ڕەنج پەیژەی سەرکەوتنە...

(سوارە نووزە درێژ) لە شارە دێرینەکەت لە خزمەتی (مەولانا)دا بەچۆکا هاتیت و (سیروان)ت لە کۆمانجەدا بو و قەتار و ئەڵڵاوەیسیی دەچڕی و ئاوات و خواستی سەوزکردنی پرۆژەکانت بوو...

مامۆستای وانە بێژیش مرۆڤێکی کورتە باڵای تێکسمڕاوی ڕیش



شانەکراو، زانایەکی پایەدار و بەبڕشت و بەهەیبەت، ئەوەندە بێدەنگ بوو ئەتوت بەردی بن گۆمە، لە زانستەکاندا شەپۆلی دەدا و هەرزوو لە وانەکانی تێدەگەیشتیت و لەبەر دەمیا دەبوویت بەدڵۆپێ ئاو... لە شار و دەرەوەدا ناوبانگی لە باڵە فڕەدا بوو.

کاتێکت زانی (حسێن)ی هاوڕێت پەیدابوو، لاولاوی تێک ئاڵان...

– (حسێن) ئەڵێی موویان بۆ هەڵکڕووزانوویت چۆنت زانی...؟!

– من نەزانم کێ دەزانێت...؟!

بەرەو (بەردەرکی سەرا) جمان، لە ڕێ چەند دروشمێکت بەدیوارەکانەوە خوێندەوە، هەندێکیان هێڵی ڕاست و چەپیان بەسەرا هاتبوو کوژابوونەوە و نەئەخوێندرانەوە، هەندێکیشیان لەگەڵ هێڵەکانیشا دەخوێنرانەوە، وەک:

* هەڵبژێرن (ئیبراهیم ئەحمەد) و (مەعروف بەرزنجی)

* ژیان و فەرمانڕەوایی بۆ هێزی کرێکار...

* مردن بۆ کۆنە پەرستان...

* بمرێ داگیرکەر...

* بژی دیموکراتییەت و سەربەستی...

(سوارە) دیوار خوێندگامان بوو، ڕاگەیاندن ڕۆژنامەی بەلاش و چاوی ژیانمان بوو... دەستێکی باڵای هەبوو، دەستی بەچاوی دوژمندا دەکرد...

گەیشتنە بەردەم سینەمای (ڕەشید) و ناونیشانی فیلمی (ئەو کچەی فرۆشرا)ت خوێندەوە، دوو جاری تریش چاوت ناونیشانەکەی کێلایەوە، خەیاڵت بەرەو گوندی(سوڵتانە) ئاوزەنگیی لێدا و ئەم یادگار و گفتوگۆیانەی گرێچن کرد:

* داوای دوو ژن و تفەنگ و دەمانچە و مەسرەفی هەردوو لا دەکات.

* بۆ من مرۆڤم یان بزن...؟!

* باشترین چارە ئەوەیە سەری خۆمان هەڵگرین...
* (سوارە)، (فریشتە) دەڵێت: (ئەمشەو هەر خۆم و دایکمین)...
* (بە سوارە بڵێ لێرە نەمێنێ پەلی بەهەورەوەبێ دەیکوژن)...
* ماینێ کوێت، (تکات لێ دەکەم بمدە بەقەدی شاخ و بەردەڵاندا با ئەم شووەم لێ بەچەمەر بێ و دوو خوێن بۆ (خولە قەوچە) نەکەمەوە و هەر کوتێکی مردنێکە.

چەند مەترێک ڕۆشتن، هەرا و زەنا و دەنگی بمرێ و بڕووخێ لە شەقامی (مەولەوی)یەوە بەرز بووەوە، هەر لاو بوو پاڵی پێوە دەدان...

حسێن پێی وتیت:

– (سوارە) خۆپیشاندانە... سەیرکە قامچی و بەرد و تێلا و چەکوش و داریان پێیە، وا پۆلیس پەیتا پەیتا، دێ ڕاویان دەکات، گشت کڵاو و خوودەیان لە سەردایە، ڕۆژانە ئەمە بەردەوامە و بەزم گەرمە و شار شڵەقاوە و بەندیخانەکان پڕن... لە هەفتەی پێشوودا سەری من و حەسەن عەبدولکەریم شکا.

– جێی خۆیەتی، هەق وایە پێشەوابین...

چوونە ناویانەوە دەستتان هەڵبڕی وهاوارتانکرد...

* سەرکەوێ دیموکراتییەت و سەربەستی.
* داگیرکەر بۆ دەرەوە.
* بژی پرۆلیتار نەمری بۆ چینی هەژار و بەشخوراوە.

## ٧٨

سەردانێکی کتوپڕ و چاوەڕێ نەکراو بەرەو گوندەکەت لوولی دایت و مەبەستێکی تایبەتیی لە پشتەوە بوو، ئاوێنەیەکی باڵا ڕوانبوو و



پاشەرۆژتی پێچەوانە دەکردەوە و خواستتی ئاوەنیا دەکرد و شتە ئاڵۆز و بەیەکاچووەکانتی بۆ یەکاڵا دەکردیتەوە، لە ژیانتا سەفەری وات نەکردبوو، دڵیشت هەزارەی دەکرد و ئەتوت:

– (خودا بکات سەفەری هات بێ...)

***

کە سەیری ئەو خەڵکە بێ چارە و هەناسە سارده ماندووەی گوندەکەت دەکرد ڕەش دەبوویتەوە و وتت.

– (سوارە) سەیرکە چڵک بەسەر دەست و دەموچاویانەوە گەمڕەی بەستووە... قولیان قاپاوێژ دەکات، ناوچەوانیان هەر لۆچە، ڕەنگیان شایەتی حاڵیانە، سێ یەک و دەیەک و بەر بەنیوەیی و سوخرە، تووشی ناوکەڕێژیی کردوون و وەک گۆچان چەماونەتەوە، سەریان دەڕوات قوونیان ناڕوات...!!

برسیەتی و ترسنوکی و گەمژەیی ملی چەمەڕەقێ داون، گلۆڵەیان لە لێژیدایە... نەهامەتی ڕەشماڵی بەسەرا هەڵداون، هەمیشە کردەی ئەوانە و بردەی چاوچنۆکەکان و گای بێگارین و چەواشەن، کولتوور و مێژووی خۆیان لە بیر چووەتەوە، بەکولتووری چاوچنۆک گۆش کراون و توولەماریان پێ بەخێو کردوون... لەسەر ڕووتی و ڕەجاڵی ڕاهاتوون، جلەکانی بەریان ئەڵێی مەڕە و خوریی بەرداوە... ژنەکانیشیان لە ژێر کۆڵی قورسا بەراویتە دەبن، جلەوی ماین و ئەسپەکانیان بەدەست خۆیان نەبووە، لۆژەی سەریان هاتووە... هەر ڕۆژەی خێڵێک دەواریان لەسەر زەوییەکانیان هەڵداوە، دەدانەکانیشیان هی خۆیان نییە...

(سوارە شێت) هەرچەندە سەفەری ئەمجارەت تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام دەمێکە ئەڵهای بینینی چیای ماین کوژراویت و خەوی پێوە دەبینی و دڵداریی لەگەڵ دەکەیت و لە خەوتا هەنجیر و بەلاڵووک و گۆێژەکانیت

دەخوارد... گۆچانی ساف و جوانت لە دار بەلاڵووکەکانی دروست دەکرد و چەورت دەکرد، جوانترین گۆچانی لێ دەردەچوو، ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕەنگی هەڵدەهێنا، قەزوانیشت لە دارە بەنەکان دەکردەوە و لەسەر (کانی زەینەڵ) دەتخوارد و ئەتوت:

– ئاوی دوای قەزوان شیرینە...

بیرەوەرییەکانت بەڕیز سەرەیان گرتبوو، حیکایەتە کۆنەکانیان بۆ دەگێڕایتەوە، ئەو چیرۆکە سیحرییانە کردیتیانەوە بەمنداڵ و وتت:

– ئەوە تۆیت...؟!

واتدەزانی لە دووریشەوە ئەمانە نابینیتەوە، کۆسپی زەمانە ڕێگر بوون، ئای لەو زەمانە، ئای لە پەلی ناوەخت... پاوەنەکانی ئەم دەڤەرە بەسەوزی خوران، دارستانەکانی سووتەمەرۆ بوون، هەر پەلی کچێکت بەدەست جەندرمەیەکەوە بوو هەر ڕۆژەی ناوێکیان لەم چیا و گوند و کانیاوانە دەنا، بەڵام بلّقی سەر ئاو و تسە گورگ بوون، ناویان لە کوولەکەی تەڕیشا نەماوە، ئەوەی مایەوە ناوە مێژووییەکەی بوو.

ئەوەش (چیای مایین کوژراو)ە... ئای (مایین کوژراو) دوژمن ئەو مارە سەرە بوو ڕۆشنایی بەدی کرد بوو بای باڵی خۆیدا، بۆ ئەوەی پیت و بەرەکەتت بخوات، بەڵام سوارەکانی ئەم چیایە سەگ بەحەوشەیان پێ کردن، لەو شەڕەدا (هەیەر عەزیز) خۆی و ماییینەکەی کوژران، بەڕاستی چیایەکی کۆڵنەدەریت و هەرگیز پیر نابیت... دوژمن کە هێرشی دەکردە سەر گوندەکەمان لە تۆوە دەستی پێدەکرد... بەلاوی زوو زوو سەردانم دەکردیت وامدەزانی وەک تۆ تەمەنم درێژ دەبێ و نامرم، بەڵام سەر و ڕیشم، برۆم، سمێڵم، قاچ و قولم، پشتم، بەدرۆم دەخەنەوە، بەڵام گرنگ سەربەرزیی تۆیە و بەو بایە دەژیم لای تۆوە دێ... وا دەزانم دوێنێیە شەواژۆم تیا دەکردیت، دار و گەڵام تیا دەبڕیت... ئەو ساڵەت لە بیرە (خەرامان) و سێ



کچی تر گوریسیان خستە ناو تەڵەنگم بەو حاڵەی دەربازم بوو... ئەو ڕۆژانە ڕۆشتن، بەڵام لە بیر ناچنەوە و ناشگەڕێنەوە... چیایەکیت ڕەنگ و مێژووت سوورە، خوێنی (هەیەر عەزیز) و ماییینەکەی شایەتن...

تۆ لای ژنانی ئەم گوندە مێژوو و ناوێکی ترت هەیە، پێت دەڵێن: (چیا بەشیرە)... ئەو ڕۆژەی مێگەل بۆ ئێرە بهاتایە گوانییان تەژی بوو لە شیر (بەرە مەشکەکان) سروودی پیت و بەرەکەتیان دەچڕی... هیزە و کەرەدانەکان ئاوس دەبوون...

جگە لەوەش دەڵێن: (گیای نەمری... پاڵەوانی یەکێک لە ئەفسانەکانی تۆ بووە، پاشاکان تەمەنی خۆیان پێ درێژ کردووە)... هەندێ لە داستانەکان دەڵێن: (هیچ چیایەک لەم دەڤەرەدا وەک (مایین کوژراو) بەکارەسات و ڕووداوی دڵتەزێن ئاوس نەبووە).

٧٩

بۆ جاری دووەم بەویقارەوە لەگەڵ باوکت دانیشتی، تەزبیحە نەرجیلەکەی بەدەستەوە بوو، بەدەنگێکی نزم سڵاوات و نیزای دەکرد... دارجگەرە بەلاڵووکەکەی بەبێ جگەرە لەبەر دەمیا دانا بوو، سەرینە پەڕەکەی ژێر شانی هێنا بەملاوە و وتی:

– چ کتێبێک دەخوێنیت...؟

– (موختەسەر)م کۆتایی پێهێناوە...

– تەکت بەزانستەکان هەڵچنیوە و سێ کتێبت ماوە... ئیتر ئیجازە وەردەگریت...

– نیازم نییە نان و تەڵاق و مارەبەجاش و سەرقەڵەمانە و ئیسقات بخۆم...

سوور بووەوە دارجگەرەکەی هەڵگرت و جگەرەیەکی پێوەکرد و وتی:

– مەرج نییە ئەوەی ئیجازەی وەرگرت ئەو نانە بخوات... ئیجازە خۆی لە خۆیدا شتێکی پیرۆزە و گەمەی پێ ناکرێ، بەڵام من کوڕی خۆم باش دەناسم هەڵسوکەوتت شیوعییانەیە و یەکێکی لە سەری مارەکان... خۆت و برادەرەکانت کەری ژێر ئەو بارە نین، ئێمە بەشانازییەوە لاپەڕە کۆنەکان هەڵدەدەینەوە و نایان سووتێنین، بەڵکو چرامانن و دنیامان بۆ ڕووناک دەکەنەوە، جگە لەوانە سەرچاوەی ترمان نییە... لەوەش زیاتر خۆت کەر مەکە... ئەوەی ئەو زانستانەی خوێند، مەرج نییە بەسواڵ بژی و زەکات و سەرفیترە و سەرقەڵەمانە وەرگرێت و دەمی گورگ بەوەڵیفەت ببەستێ، وا بزانم دەستتان بڕوات تەڕ و وشک بەیەکەوە گڕدەدەن و مزگەوتەکانیش دەسووتێنن...

– مزگەوت لای ئێمە ئەو سەرچاوە سازگارە چاو قرژاڵییەیە، خەیاڵ و دڵ و دەروونمان ئاوەنیا دەکات، ئەو سەرچاوەیە نەبووایە نەزانی و گەمژەیی و مێش و مەگەز و دڕک و داڵ دەیخواردین، کە مزگەوتمان سووتان دەبێ (نالی و مەحوی و مەولەوی)یش بسووتێنین... مزگەوتیش ڕقی لەو شتانەیە ڕقمان لێیەتی، قسەکانیشمان بێ سەروبەر نین، بەڵام مێشکتان لە ئاستیان کول و کۆڵەوارە و بڕواتان بەگۆڕان نییە... ئەم ژیانە لەگەڵ ئێمەدا ناگونجێ و لە مەنجەڵی ئێمەدا ناکوڵێ، هەندێ هێمن بووەوە و پێی وتیت:

– لەگەڵ خوازەڵۆکی و پەتک و پاڵ و کوڕنووش بردن و سواڵدا نیم، ئەو نانە لای منیش بۆ گەدایە، ئەو ماوە کەمەش خواردوومە لام حەرام بوو، بەڵام ئێوە بەجارێ شووڵتان لێ هەڵکێشاوە.

ئەبێ ئەوەش بڵێین: مردن لە ڕێدایە

– بەردیش دەمرێ...

– قسەکانت بەتوێکڵن، حەشرت لەگەڵ حەشری نێرەکەردایە و خەرمان کوتان کاری بزن نییە...



– وەک (نێرە کەرەکەی عوزەیر)یش مامەڵەمان لەگەڵ بکەن باشە، بەشکم بچمە بەهەشتەوە.

– بە چاوی خۆت نایبینی...

– ئەبێ تاوانی من و کەرەکانی تر چی بێ...؟!

– ئێستا ئەڵێی چی...؟! وا بزانم لەسەر خەیاڵپڵاو دەژیت...؟!

– ئەمجارە بۆ سەردان نەهاتوومەتەوە...

– بڵێ بزانم ناوچەوانت دەخوێنمەوە...

– ئەڵێن لە پایتەخت ئامادەیی ئایینی هەیە و بەتاقیکردنەوەیە... ئەگەر...

_ئەگەر چی...؟!

– لە خۆم ڕادەبینم و دەچمە تاقیکردنەوەوە، ئەگەر...

– دیسانەوە وتییەوە ئەگەر... بڵێ بزانم ئەو ئەگەرە لای من سەوز دەبێ...؟

– ئەگەر ڕازی بی پارەم بۆ هەڵسووڕێنی...

– منیش دەمەوێ لەو کەربازاڕە قوتارت بێ و دوای دروشمی بریقەدار نەکەویت و نانی بێ منەت بخۆیت و دوعا بۆ باران نەکەیت و ساوەر لەسەر ڕەشکە هەڵنەخەیت...

(سوارە خەرگۆلک) ئەو قسەیەی باوکت (منیش دەمەوێ لەو کەربازاڕە قوتارت بێ و دوای دروشمی بریقەدار نەکەوی و ساوەر لەسەر ڕەشکە هەڵنەخەیت) لای جلخوارەکان کفرە و کۆڵەکەی داوەتە بەر ئاسمان و لەچاو ئەواندا بەحەوت ئاو شۆراوەتەوە، بەرامبەر ئەو ژیانە کۆنینە تاقیکردنەوەی زۆرە و مارانگازە و لەو ڕێگەدا باجێکی زۆری داوە...

(سوارە) ئەمە گۆڕانێکی سەیرە، شەوەزەنگ بووەتە ڕۆژی نیوەڕۆ...

بەتەمای ئەم قسەیە (نانی سەربەستی بخۆیت) نەبوویت، بەڵام ئەو ڕێوبیە بەپێچە بوویت، خەوت بەمەریشکەوە دەبینی و لە نانی ماڵان و کۆنینە میزەگاکان دەرباز بوویت، لەم قەڵەمبازەدا نەحەسێیتەوە بەگورگان خوارد دەچیت... بەڵێ ئەم قەڵەمبازە زستانی بۆ سەوز کردیت بەستەڵەکی بۆ شکاندیت...

(سوارە کوێت سوار) با واز لەوە بێنین، ئێستا خەڵکی ئەم گوندە چۆن دەبینی...؟

– لە جێ نەزەرگەی باو و باپیریانا نامۆن و پێی چران، لە سێبەرەکەی خۆشیان دەسڵەمنەوە، لای ئەوان هەمیشە خوم شێواوە، بەزوڕنای بکوژانیان هەڵدەپەڕن و لەسەر سەرچۆپی هەرایانە...

ئەوەتا لە باتی ئەوەی کەڵەک بەدەوری گۆڕەکەی (هەیەر عەزیز و مایینەکەی)دا هەڵچنن و درەختی لێ بڕوێنن و بەئاڵای زەرد و سوور و سەوز بیڕازێننەوە و لە (نەورۆز و بۆنەکاندا ئاهەنگی لەسەر بگێرن و یادی خۆی و مایینەکەی بکەنەوە... هاتوون گۆڕی کابرایەکی نەناسیان کردووەتە خزن و ناویان ناوە (شێخ هەمزە)، چوار دەوریان وشکە کەڵەک کردووە بەئاڵای ڕەنگا و ڕەنگ ڕازاندوویانەتەوە و سوێند بەسەری دەخۆن و ساڵانە چەندەها مەڕ و بزنی لەسەر سەردەبڕن... ژنان دەچنە سەری بۆ ئەوەی سکیان پڕبێ... سەیر لەوەدایە ئەڵێن: کاتی خۆی بۆ گرتنی ئەم گوندە هاتووە...؟! لەگەڵ سوپاکەیدا چەندەها کچ و ژنیان ئەتک کردووە، ئەمانە کە لە حەج دێنەوە لە پێشەوە زیارەتی (شێخ حەمزە) دەکەن و بە(ئاوی زمزم) ئاو پەرژێنی دەکەن...

ساڵێک هێسترەکەی حاجی حەمەبۆر ژانی کرد، هات کەشییەکەی کردە ملی و قوتوویەک ئاوی زمزمی بۆ کردە ئاوەوە و دەرخواردی دا...



## ٨٠

(سوارە سینگ هەڵکێش) شەونخوونیت لە برەودا بوو، وەرزەکان سەوزیان دەکردەوە، تارماییەکان بوونە ئاردی ناو دڕک و مژدەکەی باوکت جێگای گرتنەوە، (دەمەوێ نانی بێ منەت بخۆیت و دوعا بۆ باران نەکەیت و ساوەر لەسەر ڕەشکە هەڵنەخەیت)...

ئەو مژدەیە بست، بست باڵات پێ دەکات، خەوە هەڵەج و بەڵەجەکانتی هێنایە دی... تۆش بەشی خۆت زۆڵ بوویت و کەمتر نووچت داوە، ئەگەر نووچیشت دابێ، زوو نەخشەیەکت بۆ داناوە و چاوت نەترساوە و لە گۆڕەپانی خمخۆرکاویدا ڕمبازیت کردووە... نەگلاویت و ورەت بەرنەداوە... ئەوەی ئێستا شەو و ڕۆژ چاوت بۆی بەرێوەیە و سەر و دڵت بەرنادات، ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیەیە لەگەڵ هاوڕێی دێرینت (حەمە هەوراز) لە پایتەخت چوونە ناو شەپۆلەکانییەوە... هاوڕێیەتیی تۆ و ئەو، تانوپۆ ئاوریشمین و گورزەهۆن بوو، لە زۆر لاوە چارەنووستان یەک بوو، دەرگای زۆر پرۆژەتان خستبووە سەر گازی پشت، بەژیرییەوە کۆسپ و تەگەرەکانتان تەخت و سێ گاسنە دەکرد و بۆ یەکتر کۆتری نامەبەر و مژدە بەخش بوون...

## ٨١

(سوارە چاومار) تۆ و (حەمە هەوراز) لە دوا پۆلی ئامادەیی وەرگیران، تاقیکردنەوەکەتان ڕێڕەوی خۆی گرت و تیرەکەتان نیشانشکێن بوو، چیتان چاند ئەوەتان دوورییەوە، خەرمان سوورکردن شەنکەری کارامەی دەوێ و بەرخیش هەمیشە لە کۆزا نابێ...

دەنگێ بەگوێی تۆ و (حەمە هەوراز) دا درا:

– ژەنگاوییە پەرێز پیسەکان زیاتر دەچن بەناخی زەویداو، هاتنە

دەرەوەیان بۆ نییە و جارێکی تر نابنەوە بە گای بێگاری و ئێمەش لە دەرگای ماڵاندا ئارەقی شەرمەزاری نارێژین و لە خەوی شەوی تارا نابین...

(حەمە هەوراز) پێی وتیت:

– (سوارە چەقاوە سوو)...(زۆڵە کرمە بڕە) چ سیحرێکت لە باوکت کرد، چۆن دڵی نەرم بوو...؟!

– قوڕاوی زۆری پیا هەڵپڕژاوە و ڕقی لەم جۆرە نانی ژیانەیە و بەزەلیلیی دەزانێ...

ئەی (حەمە هەوراز)... بۆچی پەڕۆیەک لە خۆت دانادڕیت... پێم ناڵێیت بنی ئەو گیرفانە بیرەی باوکت چۆن هەڵتەکاند...؟!

– گیرفانی لە بیریش قووڵترە بەو حاڵە...؟!

– هەر چۆنێ بێ شانازییان پێوە دەکەین...

## ٨٢

(سوارە) کە بۆ یەکەمجار چاکەت و پانتۆڵت لەبەر کرد و لەبەر ئاوێنەکە سەیری خۆتت کرد، خەریک بوو شێت دەبوویت و ملەجەرێت لەگەڵ ئاسماندا دەکرد و خەریک بوو خۆت و ئاوێنەکە بخۆیت... خۆزگە هەموو ئاوێنەیەک بەقەدەر ئاوێنەکەی (گەلاوێژ) ڕاستگۆ بووایە...!! بەڕاستی ئاوێنەیەکی بەهیممەت و بەخشندە و مێژوویی بوو، ئاوێنەیەک بوو لە بیرناچێتەوە و لە گۆڕیشا باڵا ڕووانە و هەموو جیهان پێچەوانە دەکاتەوە و باوەشی بۆ دەگرێتەوە... فێری زۆر شتی کردیت...

## ٨٣

(سوارە ماکەر لەوەڕێن) بەم قاتەوە قۆزبیت و بووی بەئەفەندی و لێت دێ، لە قاتی فەردەش ناکات و دەڵێی دەستکردە و فیت بەبەرتە، (سوارە)



ئەو ڕۆژەی لە داوێنی دایکت بەربوویتەوە و لە پەڕۆ و پاڵیانەوە ئالانی و لەسەر بێژنگ دایان نایت، خەریک بوو دیڵە گوان شۆڕ بتخوات، ڕۆژی لە دایکبوونت نەبوو، بەڵکو ئەمڕۆ لە دایک بوویت، خۆزگە سەریشت یەکجار ئەوەندە سفر نە ئەبوو، ئەڵێی فەرمانبەری زەمانی دەقیانووسیت...!

(سوارە هەڵەشە) سفریی سەر، خۆزگەی ناوێت و سبەینێ بەدڵی خۆتە، ئەگەر تۆزێ قژمان درێژ بووایە مامۆستا ئەیوت:

– گودیلەت هێشتووەتەوە... ئەوەی دەست بەگودیلەکەیا بێنێ وەک دەست بەتووکەبەری داکیا بێنێ وایە...؟!

– (سوارە سپڵە) بۆچی بڕیارت دا کەوا و سەڵتەکەت بخەیتە دیجلەوە، گوناهیان چییە ئەی بەد نمەک...؟! بۆ کەمت قیتە قیت و چەپ و چڵێسی پێوە کردن...؟! نارەسەن خۆ ماست نییە بەلێوتەوە دیاربێ...؟!

– لە داخی ئەو قەلەباچکانەی ئەیانوت:

– کە کەوا و سەڵتە و ڕاتبە نەما، ئاییینیش نامێنێ...

– (سوارە حەرامزادە) سەرەڕای سەرە سفرە کەللە شەکەکەی خۆت، گاڵتەت بەچاکەت و پانتۆڵەکەی (حەمە هەوراز) دەکرد و ئەتوت:

– ئەوەندە گەورە و دەڵبە، تێی کەوتووە و ئەڵێی گوێزی ناو هەمانەیە، بەڵام پلان و سیاسەتی (هەوراز) لە تۆ بەهێزترە و وەک تۆ دەمی شڕ نییە، ئەوە بو و باوکی لێی پرسی:

– کوڕم ئەو شوێنەی بۆی دەچیت کوێیە...؟

– هەر مزگەوتە، بەڵام پاشەڕۆژ بەدەمی خۆی هاوار دەکات...

– خۆزگە دەبوویتە مەلا و لە کاتی مردنما یاسینت دەخوێنم و حەوت پشتم دەچووە بەهەشتەوە.

– ئەبم بەخەتیبیش...

– خەتیبی مزگەوتی گەورە...؟
– هەر شوێنێ بێ...
– جا کوا... چی لەو ڕۆژە خۆشترە...؟!
بە (حەمە هەوراز)ت وت:
– ئەو ڕۆژەی بەچاکەت و پانتۆڵ و سەری ڕووتەوە دەڕۆینەوە، سەگ بەحاڵمان بێ، گوریس بەیەک لۆنە نە ئەگەیشتەوە، نۆرەی دو و لۆنەیە... دەشبێ بڕۆینەوە پشووی هاوین لە ماڵی خۆمان بین، ئەبێ چیمان پێ بڵێن...؟!
چیمان پێ دەڵێن، هەتا سەر ئێسقان لەرز و تامان بۆ دەبڕن و دەیگەیەننە ئەوپەڕی مریشکە ڕەشە...
ئەوەت وت و کەوتیتەوە قسە:
– (هۆمەر)ی مامم پێی دەوتم:
– سەد ساڵ بخوێنی دەست بەکێری مردوودا ناهێنی، باوکت کوڕی نایە بەر خوێندن بۆ ئەوەی بچێتە بەهەشتەوە، وا بزانم حەجەکەشی بەهۆی تۆوە فت و لافاو بردی و دۆزەخی بۆ خۆی کڕی...
– لای مامت مەلای چاک ئەوەیە مردوو بشوات...؟!

٨٤

(سوارە چەکمە ڕەق) بوویتە سوار و باز بەسەرتەوە نیشتەوە و فەرمانت ڕوو لە شەماڵە و ئەوا (بەشی ناوخۆیی)ش لە ئامێزی گرتیت و یەکەم جارە ئەو ناوە بەگوێت ئاشنایە، سەرت لە کەشکەلانە، ئاهەنگت لەگەڵ ئەستێرەکانە، لە خۆشییا نەت ئەزانی چی بکەیت و چۆن گوزارشت لەو جیهانە ڕووخۆشە بکەیت...؟!
ژوورێکی چوارگۆشەی دو و قەرەوێڵەیی باوەشی بۆ تۆ و (حەمە



هەوراز)ی هاوڕێت گرتەوە، کە سەیری ڕووناکیی ژوورەکەت دەکرد، سەرسام دەبوویت...! یەکەم کەس بوویت لە گەرماوەکە خۆت شۆری: (هەر ئەمە و هەر حەوزی وسڵخانەکان...؟!) ئێمەی هەژار و بێ دەرتان نەبێ، کێ خۆی لەو جەوتاوانە دەشت...؟! ئەوانە گەڕاو بوون، لەو لاتر چن، وەک بەفرەکەی بەسرپێزار ڕۆشت و گەڕانەوەیان نییە...
ئەو ڕۆژەت لەبیر ناچێت و ڕۆژێکی خۆش بوو، (حەمە هەوراز) لە وسڵخانەکەی مزگەوت وسڵی خۆی دەرکرد و چۆقەی ددانەکەنی دەهات و وەک گونی هەللاج دەلەرزی و پێی وتیت:
– بزانیایە ئەو وەیشوومە و تۆفەیە، ئەو (مشتەگانە)م نە ئەکرد و ئێستاش نییەتی ناماقوڵیم لێ هێناوە کارێکی قۆڕ و بێ دەسەڵاتییە...
کە سەیری چێشتخانەکەی بەشی ناوخۆیی دەکەیت گەرماوت هەر لە بیر نامێنێ، زۆربەی خواردنەکانی بەیانیان و ئێوارانت، هەتا قاپێ چێشتت دەهێنا نیوەی بەدەست و کەواکەتا دەڕژا، هەندێکیان تانجیش نەی دەخواردن...

٨٥

(سوارە حەیتەی ماخۆلان) ئەوەی تەگەرە و چەڵەمە بوو لە ڕێی تۆ و هاوڕێکەتا، زمان و ئاخاوتن و نامۆیی بوو... هەرتان لە بڕی زمانەکە نەدەکردەوە، وەک گوێزتان بۆ بژمێرن وابوو... مێشکتان درنگەی دەهات، کەڕ و لاڵی دەتاندا بەیەکا، بەڵام بڕواتان بەخۆتان سەوز بوو، ئەتوت:
– قابیلە زمانی عەرەبی لە خوێندنی سەر هێڵی جووت و بن سابات و ژێر دەوار و سەر خەرمان و سەردەمە زار و ماکا و قەتار و زانستەکان یاخیتر بێ، کەس لە پڕێ نەبووە بەکوڕێ و ئەمرۆ نا سبەینێ ئەو شارە هەر گردەکەین و پشووی گەرەکە...

(سواره تەڕەماش) کە لەسەر قەرەوێڵەکە خۆت ڕادەکێشیت، بیر و خەیاڵت لە حوجرەی گوندەکان دەنیشێتەوە و ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە وەرد و پەڕە و ناو و لە بێژنگ دەدەی و لای خۆتەوە دەڵێیت:

– (هەر ئێرە و هەر ئەو حوجرە دووکەڵاوییانە...؟! هێشووی دووکەڵ وەک بۆڵە ترێ بەسەقفەکەدا دەهاتە خوارێ... کێچ و ئەسپێ لە باخەڵا سەوزەڵە گیانمیان دەچڕی و تەتەڵە میرانی تێیدا بوون...)

هەر فتیلەکانی سەر تاقی حوجرەکان و هەر ئەم چراخانە...؟! چاوتان عەمارە پۆ بوو، لاپەڕە ڕوو زەردەکانیان بۆ نەئەخوێنرایەوە، ژوورەکانیش ئەوەندە بچووک بوون قاچ و سەرتان ترنجابوونە یەک و ئەتوت لە بەندیخانەن و زەویتان چنگ ناکەوێ، ئێوارانیش خۆشیتان بێ و ترشیتان بێ، چێشتی ساوەر و ترخێنە و دۆینە و ماشە ڕەشە بوو... ئەگەر ئەڵڵا قۆیسەن برنج و گۆشتێک ببووایە، ئەوە نسیبی هەندێ لە مامۆستاکان بوو...

## ٨٦

(سواره کۆستە) کێشەیەکی ئاڵۆز و نامۆ لە خوێندنگاکەتانا هەبوو، ئەوەش تیرەچێتی و ڕەگەزپەرستی بوو بەجارێ ڕەشماڵیان بەسەریا هەڵدابوو، شۆڤینییەت شیرازەی ئاکار و یاسای کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤی لەوچە و داغان کردبوو، کەس قەواڵەی کەسی نەئەخوێندەوە...

بار و زرووفی تۆ و هاوڕێکانت لە گێژاوا بوو، وەک کۆیلە سەیر دەکران، لووتیان ئەوەندە بەرز بوو ئاسمانیان دەکێلا... بەقەیسەریدا بڕۆشتنایە سەریان دانەئەوان، ئەوەی لە حزبەکەیانا نەبووایە بەلالووتەوە سەیریان دەکرد.

تۆش خۆت کردبوو بە(حەمەی ئاڵی) لە ناڵیشت دەدا و لە بزماریش،



هەتا وەیشوومە و ناحەزی بەنێوانیانا تەشەنەی بکردایە لە بەرژەوەندیی ئێوە بوو، ئێوەیان لە بیر دەچووەوە و ئەتانویست سەری خۆیان بخۆن و گەڕی بارە ترێ بەئێوە نەکەن، هەتا ئەو بایە لەو کونەوە بهاتایە، دوورە بەڵابوون، بەخۆتت وت:

– (سواره) تۆ و ئەم کێشانە...؟! خۆت و هاوڕێکانت لە پەنجەی دەست تێپەڕنابن خوای دەکرد سەری گایان لە قوونی کەر دەبڕی... گرنگ ئەوەیە پەزەکان بێ زیان بن، خۆشت باشت دەزانی بە چ قوڕ بەسەرییەک هاتوویتە ئەم شوێنە.

## ٨٧

(سواره کەر مەزەب) ژیانت تەژییە لە چیرۆکی گاڵتەجاڕی و چاو قایمی و بێعاری، خۆت قارەمانی ئەو چیرۆکانەی و بوونەتە پزدانی بەختت و لێت جیا نابنەوە و دەیەها ساڵە لە مێشکە جەوتینەکاندا دەهۆڵ و زوڕنا لێ دەدەن و ئێستاش بنێشتە خۆشەی سەر زمانیانە و بوونەتە بەیتی (بلە) و ڕۆژ دوای ڕۆژ لای عەقڵی عەمارەپۆ، چەواشە و دەمەزەرد دەبنەوە و متوربە دەکرێن و دەماودەم دەیانگێڕنەوە و گاڵتە بەکەرێتی و گەمۆڕیی خۆیان دەکەن...

یەکێک لەو چیرۆکە درۆزنە بێ سەر و بەر و تان و پۆ ڕزیوانەی لە بارەی تۆوە گرێچنیان کردووە و دەماودەم لێت نابێتەوە و بەمەلاشوویانەوە ملەجەڕێیەتی و گیری خواردووە، چیرۆکی: (سەرپێچیکردنی گەرماوی بەشی ناوخۆیییە)...

ئەوەبوو (حەمە هەوراز) بەهەڵەداوان هاتە ژوورەوە:

– (سواره) چاوت بەئاگادارییەکان کەوت...؟

– چی بووە...؟!

– شتێکی وا نییه...

– پەیوەندیی بەمنەوە هەیە...؟!

– بەڵێ چەند کەسێکن...

– هیچی وا شک نابەم، ئەڵێ چی...؟!

– یاسای بەشی ناوخۆییت پێشێل کردووە و نۆرەبڕیت لە گەرماودا کردووە.

– ئەو ڕۆژە وامدەزانی سەرەی خۆمە، جا سزاکەی چییە...؟!

– بە کتابێک باوکت ئاگادار دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەو سەرپێچییە نەکەیت.

– نەهامەتییەکە لەوەدایە ئەو کتابە بۆ باوکم دەچێت کە وەک هەسانە و دەمی داس و چەقۆ و تەوراس و خەنجەرەکان تیژتر دەکات و جەنگی جیهانی بەرپا دەکات...

کیتابەکە لە پایتەختەوە بەسەر شار و شارۆچکە و گوندەکاندا بەم ناونیشانە گەیشتە شارەکەت: (شاری (س) مەیدانی ماست فرۆشەکان (دوکاندار: جوامێر عەلی) لە ڕێی ئەویشەوە بگاتە دەستی (مەلا شاسوار لە گوندی: کاردۆ)...

کتابەکە لە گیرفانی لێخوڕی پیکابی گوندەکەدا ئارامی نەگرت و پاش چەند خولەکێک دەری هێنا و زەرفەکەی کردەوە و بەقووڵی چاوی تێ بڕی، ئەوەی تێی گەیشت: (حەمام، خلاف، قانون، مدیر، مدرسە) بوو...

مێشکی کول بوو، (دەبێ حەمام چ پەیوەندیی بەقانوون و مەدرەسە و مدیرەوە هەبێ...؟! ببێ و نەبێ ئەم هەتیوە چڵێسە، چووەتە حەمامی ژنانەوە، ئەم کتابە بەخۆڕایی ئاراستەی باوکی ناکرێ...)

ئەم هەتیوە سەرەڕۆ و گورگە مێشە و سەر بەگۆبەنە...



لە ڕێ لەنا و پیکابەکەدا بڵاوی کردەوە و وتی:

– (سوارە)ی مامۆستا چووەتە حەمامی ژنانەوە...

کەوتنە دەریای سەرسوڕمانەوە و دەمیان بووە تەڵەی تەقیو.

– پیاو چۆن دەچێتە حەمامی ژنانەوە...؟! خۆ شێت نەبووە...؟!

– ئەوە شێتیش نایکات.

– کولانەی مریشک و بێستانی ئەم گوندە بەدەستییەوە زەلیل بوون.

– چاڵە گەنم نەما لادڕی نەکات و نەیدا بەترێ و خورما و هەڵووژە و مێوژ.

## ٨٨

مامۆستا ئەم کیتابە بخوێنەرەوە بزانە کوڕەکەت چیی کردووە...؟!

– چیی کردووە...؟!

– چووەتە حەمامی ژنان...

– خەڵەفاوە...؟!

– چەند جارێک کیتابەکەی خوێندەوە و وتی: (وشەی «حەمام» دەبینرێ، بەڵام «ژنان»ی تیا نییە، کوڕی من ئەوەندە گەمژە نییە، هەر عەرەبی نەزانم دە ئەوەندەی تۆی لێ دەزانم، لەم نامەیە نەگەیشتوویت و هەر لە خۆتەوە بەناو خەڵکا بڵاوت کردووەتەوە...)

مەسەلەی (حەمامی ژنان) لە گوندەکەدا بڵاوبووەوە.

– چووەتە حەمامی ژنانەوە...

– سۆزانیی تێ بردووە...؟!

– هەر لێرەش سەرسەری بوو...

– شیوعیی داوێن پیس...

- باوکی بەتەما بوو ببێ بە قازی...
- لە (تەروو) کۆڵەکە هەڵناکەوێ...
- مامەی (هۆمەر) ڕاستی کرد وتی: دەست بەکێری مردوودا ناهێنێ...

## ٨٩

باوکت قوشقنە قەوەت، کیتابەکەی گەیانە شار و دایە دەستی بەڕێوەبەرێکی ناسیاوی.

چاوێکی بەکیتابەکەدا گێڕا و وتی:

- مامۆستا ئەمەیان چۆن تێ گەیانوویت...؟
- کوڕەکەم چووەتە حەمامی ژنانەوە...؟
- جەنابت مەلایت و لە ڕەسمیات دووریت و ناهەقیشت نییە، سەریان لێ دەرنەکەیت.
- تێم گەیەنە.
- گەرماوی بەشی ناوخۆیی بە سەرەیە، هەر هەفتەی کۆمەڵە ناوێک هەڵدەواسرێن بۆ ئەوەی خۆیان بشۆن، ئەوەی سەرپێچی بکات ئەم کیتابە ئاڕاستەی باوکی و کەسوکاری دەکرێت...
- بڕوا بکە ئەمشەو خەو لە چاوم هەراسان بووە، هەر یەکە بەشێوەیەک لێکیان دەدایەوە و شاخ و باڵیان لێ پەیدا دەکرد.
- ئەوانە هەر بۆ ناووناتۆرە ئازان، لە ناوچەکەدا زەلامێکی وا هەڵکەوتووە، خەریکن ئابڕووی دەبەن، بەڵام ئەو دەهۆڵانە ئابڕووی نابەن، با هەر لە بندەسی خۆیان بدەن و منداڵیش بڕوا بەو قسە لە بارچووانە ناکات...

(هۆمەر)ی مامت و چەند زەلامێک چوون بۆ لای باوکت و وتیان:

- نامەیەکت لە پایتەختەوە دەربارەی (سوارە) بۆ هاتووە...؟!



- سەرپێچیی لە یاسای قوتابخانە کردووە...
- وتیان لە حەمامدا گیراوە و دەرکراوە...؟!
- کەوتنە چرپە چرپ و هۆمەر وتی:
- پشتی هەتیوەکەی بەرنادات و بەتەمایە ببێ بەفەرمەسۆن و (مەلای ماوەران) بۆ (عەبەی سایەق) نەخوێندەوارە...؟!

باوکت گوێی لە چرپەیان بوو وتی:

- دە وەرە ئەم ڕیپاڵانە تێبگەیەنە... باشە من مەلا و خوێندەوارترم یان (عەبەی سایەق)...؟! ئەوەی ئەیزانێ من پێم وتووە، منیش باش لەو کیتابە تێنەگەیشتم، لە شار لە دۆستێکی خۆم پرسی و وتی:
- خۆ شۆرین لە بەشی ناوخۆیی بەنۆرەیە و هەر هەفتەی لیستێک هەڵدەواسرێ، (سوارە) لە سەرەی خۆیا نەچووەتە حەمامەوە و ئەو ئەمرەی پشتگوێ خستووە، قسەیەکی جوانیشی کرد و وتی:
- ئێمە بۆ ناووناتۆرە ئازاین و لە ناوچەکەدا زەلامێکی وا هەڵکەوتووە خەریکن ئابڕووی دەبەن، بەڵام ئەو دەهۆڵانە ئابڕووی ئەو نابەن و با هەر لە بندەسی خۆیان بدەن...

چەند جارێک گوێم لە (هۆمەر)ی برام بووە بە(سوارە)ی وتووە لە (تەروو کۆڵەکە هەڵناکەوێ)...!

- بەڵێ سوارەی کوڕت ئەمانخاتە بەهەشتەوە...؟!

## ٩٠

(حەمە هەوراز) بەقاقاوە پێی وتیت:

- بەم قاتەوە بڕۆرەوە وا گەرماوەکەشی هاتە بان، ئەبێ ئێستا مامت و پڕ و پیرێژنەکان چۆنی مەشکەهۆن کەن...؟! عەجەب گورێ گوریەکە و

هەریەکە لە ئاشێک لێ دەکات...

– باوکم زوو پێی وتم: ئەم قوتابخانە نوێیەت زیاتر لە شەیتانت نزیک دەخاتەوە، ئەوە (هۆمەر)ی مامم چەندەها سەرە قەیچی دەخاتە سەر گەرماوەکە...

– (سوارە) گۆم هەتا قوولّ بێ مەلەی خۆشە، بەیەکجاری سمێلّیشت بتاشە، خۆ ئەوان پلار و لاقرتیی خۆیان هەر دەوەشێنن و دەلّێن:

– فەرمەسۆنەکەی مەلا بەجبە و مێزەر و بەرماڵەوە هاتەوە، جێگای ئیمامی (شافیعی)ی گرتەوە، بەلّێ (سوارە) سەری تیرەکەمانی بەرزکردەوە، ئەلّێن ڕستی لە مل کردووە...

– (حەمە سەر بەرەو ژوور) تۆش پلاری خۆت وەشان و قسەی تۆ لەسەر سەرمە، بەلاّم ئەوان سیر بخۆن و زوڕنا لێدەن، کێ گوو بەکلاّویان دەپێوێ...؟! کەی کۆلّم بەوانەوە هەلّگرتووە...؟! (هۆمەر) شانازی بەدزییەوە دەکات و دەلّێت:

– ئەو تیرەیەی دزی زۆر نەبێ، باری خوارە و ناگاتە هەوار و ماری سکی خۆی دەیخوات.

٩١

(سوارە مام لەمیش) تاقیکردنەوەی کۆتایی سالّ نزیک بووەوە، لەگەلّ (حەمە هەوراز)ی براتا چاکی چالاکیتان بەلادا کرد و شەوتان خستە سەر ڕۆژ، هاوڕێی گیانی بەگیانیی کتێبەکانیشتان بوون، شەوەزەنگتان ڕاونا بۆ ئەوەی دوارۆژتان سەوزبێ، هەر چەند بیرتان لە ڕۆژانی ڕەش دەکردەوە، دە ئەوەندەی تر کتێبەکانتان لە ئامێز دەگرت، لەبەر ئەوەی ئەو کتێبانە ئاوێنەیەکی ڕاستگۆ بوون و پاشەڕۆژتانی پێچەوانە دەکردەوە و گۆرانیی بۆ خەرمانی سوورتان دەچڕی...



٩٢

(حەمە سەر بەرەوژوور) مژدە... مژدە...!؟

– مژدەی چی...؟! بۆ نمرەی وەرزی دوویان هێنایەوە...؟

– گێژە نمرەی چی... (حاجی عەلی)ی باوکت هات...

– جا (سوارە گەواد) ئەوە مژدەیە یان قوڕبەسەرییە... کوا...؟! ئەمە ئەو ڕۆژەیە لێی دەترسام، درۆکان چۆن پینەکەم...؟!

پێش ئەوەی وەلاّمی بدەیتەوە خۆی بەژوورا کرد، ئارەقی شین و مۆری دەرکردبوو، کەواکەی لە خوار پشتوێنەکەیەوە داچەکابوو، لفکێکی بەندەخوێنەکەی شۆڕ بووبووەوە، ئەتوت خۆی بۆ ماکەرگایین ئامادە کردووە...

باوەشی بەهەردووکتانا کرد و دانیشت و خێسەی لێ کردن، چاوی دڕکە کەلّەوێی دەدوورییەوە، زەردەخەنەیەکی دەستکرد کەوتە بان لێوی، چاوێکیانی نووقان و ئەوی تری هەلّبڕی، ئەتوت: تەرازووی بەن بڕاون، بەزمانێکی لالّ و پالّەوە ڕووی کردە (حەمە)ی کوڕی:

– (قوڕمساخ) بۆچی دەستی منت بڕی...؟! بۆچی دەرگای دۆزەخت بۆ والاّ کردم...؟! بۆچی لە حزووری خودا و ئەو جێگا پیرۆزەی بۆ جاری دووەم بۆی دەچم ڕووت ڕەش کردم...؟! ئاخر تاوانم، نا پیاویم...؟!

– بۆ... چیم کردووە...؟!

– بۆ... دایکت دەگێیم ماوتە کاولی کەیت...؟! وا بزانم ئەوە تۆ نەبوویت پێت وتم: لەوێش لە مزگەوت دەخوێنم و دەبمە خەتیب...!!

پارەی حەجی ئەو سالّەی تۆم کردە قوربانیی درۆ شاخدارەکانی تۆ... بەتەمابووم نەک من حەوت پشتم بخەیتە بەهەشتەوە... کوا سەگباب نە مزگەوت دیارە، نە مەلا و نە منارە... جگە لە سەرە چەورەکەی تۆ و

(سواره) و تارمایی دۆزەخ هیچ نابینم...!

– خۆ هەموو مزگەوتێک منارەی نییە...؟!

– دایکت بەکێری کەر بگێم، ئێستاش دەمخەڵەتێنی...؟!

– (سواره ئاغا) بۆچی خۆتان کردووە بەمەیموون...؟! ئەوە جلوبەرگە لە بەرتان کردووە...؟! ئێوە ڕێویی سەر شارە مێرووڵە بوون، ئێمەتان لە خشتە برد، خۆزگە ئەو شەوە من و باوکت لە ئاشا بووینایە لە باتی دایکتان سەرو ماکەری تەرەزەنمان بگایە و دوو جاشولکەیان ببوایە... بەدەستی خۆمان گۆڕەکەمان پڕ لە ژیلەمۆ کرد، لە گۆڕی پڕ لە مشک و ماردا چۆن وەڵامی فریشتەکان بدەینەوە...؟! ئەو سەرە ڕووتەتان بە چی داپۆشین...؟!

مامۆستا ڕاستی کرد وتی:

– (عەلی) دەستیان لێ بشۆین، خەرمانی دڕک و داڵمان هەڵگرت...

– (سواره فەندی) ئێستاش دەچیت بۆ حەمامی ژنان...؟! ئەڵێن: دەریان کردوویت...؟

– ئەوانەی وا دەڵێن با سیر بخۆن و زوڕنا لێدەن، ئەوە نییە لێرەم...؟!

– باوکە هەتا ئێستا منیش چەند جارێ سەرپێچیم کردووە، هەق بوو دوو کتابی وات بۆ بهاتایە، لێرەش یاسا نییە ڕێکەوت دەور دەبینێ...

ئەوەی وت و کەوتەوە قسە:

– باوکە... خێرە هاتوویت...؟

– بۆ حەج دەچم...

– حەجت نەکردووە...؟!

– دە حەجیش بکەم بەهۆی تۆوە لە خۆم دەترسم...؟! ئەی بەو پارەیە دۆزەخ بکڕم، دەرخواردی تۆی بدەم...؟!

لەبەر ئەوەی درۆت لەگەڵ نەکردم، هەستە خۆت بگۆڕە با زیارەتێکی



(غەوسی گەیلانی) بکەین، سوور ئەزانم لەشت پیسە و من گوناهبار دەکەیت...

(قوڕ بەسەرییەکە لە مەیاندایە و ئەمەش هاتە بانی، (دێو کەم بوو لە دیوەڵان ئەوەش هاتە سەر کونەڵان)... (گەیلانی) چۆن بدۆزمەوە...؟! ئەمەیە دڵۆپەی ناوەخت)

– بۆچی واقت وڕماوە...؟! ئەڵێی کەری شەلت لە پێخوێی قوڕا چەقیوە...؟

– فەرموو...

بەچرپە پێی وتیت:

– (سواره) لەگەڵم وەرە، بەقسە بیخلافێنە هەتا بەپرسیار دەیدۆزمەوە...

بوونە هاوڕێی (شەقامی کیفاح) و (حەمە) کەوتە پرسیار و گومان ڕژایە مێشکی (حاجی عەلی)یەوە و لای خۆیەوە وتی: (هەر پرسیار دەکات...! کەربابە وا دیارە مەزارەکەی نازانێ...؟!).

لە دەستیشی دێ، لە درۆکانی تری زیاتر نییە، زۆر کزە، ڕەنگی لە حاڵی بپرسە، ئەڵێی خۆڵی مردووی بەسەردا بێژراوەتەوە، یەکێک سەری ڕووت کات سەری دایکیشی دەگرێ و باوکیشی دەکاتە گەواد...؟!

## ٩٣

خۆی نووسان بەمەرقەدەکەوە و دار و بەرد و دیوار و ئاسن و ئاڵاکانی بەر قەپ دا و ئەتوت قەپ لە خەیار دەگرێ...!

– هانام بۆ هێنایت، ئەم حەجەم لێ قبووڵ بکەیت و بەگوناهی ئەم هەتیوەم لەگەڵ نەکەیت، دەسەڵاتم نییە لە دەستم چوو، تفێ ڕۆکرا هەڵناگیرێتەوە و فریام نەکەوی لە کەشکیش دەبم و لە مەشکەش...

هاتنە دەرەوە خێسەیەکی وەیشووماویی لە (حەمە) کرد و سوور هەڵگەڕا و دەستی ڕاستی بەرزکردەوە چاوەکانی ئەوەندەی تر بچووک بوونەوە و خوێنیان تێ زا، مووەکانی گرژبوون و لێی چووە پێشەوە و هاتە دواوە، ئەتوت جاوی ناوەتەوە و بەلایەکی چاوی دیقەتی دا و پێی وت:

– (حەمە حەرامزادە) ئەم درۆیەشت لەگەڵ کردم، بۆ دایکت دەگێم خوا منی بۆ تۆ خەلق کردووە...؟! نامەکانت پڕبوون لە زیارەت و خواناسی، منیش ئەوەندە کەر بووم بڕوام پێ دەکردیت و بارەکەم (حەوت ڕبە) بوو، گیرفانم بۆ هەڵدەتەکانی، کە لێرە وەرگیرایت بزنە قسرێکم بۆ کردیت بەمەولود، لەبەر ئەوەی مەلایەکی باشت لێ دەرچێت و لەسەر گۆڕەکەم سوورەتێ قورئان بخوێنی، ئەو ڕۆژە خێرت بەخشرایەوە، کەوا و سەڵتەکەت فڕێ دا و دوو لنگەت لە پێ کرد، هەر چەند ئەو دەرەلنگە گەورەیە دەبینم وا دەزانم دەرەلنگی دەرپێکەی دایکت بەدەست هەتیوو مەتیوەوەیە...

تۆش بە(حاجی عەلی)ت وت:

– زیارەتت کرد و بڕایەوە و دار و دیوارت ماچ کرد... کێ دەڵێت ئەو نیزایانەت لێ وەردەگیرێ...؟!

ئەوەت وت و کەوتیتەوە قسە:

– کوڕەکەت ئەوەندە زیرەکە مامۆستاکان خەریکن دەیخۆن، ئێرە پایتەختە و مرۆڤ زوو شوێنەکانی لێ تێکدەچێت و ڕێ ناباتەوە سەری...

– لە ڕێوی سەر شارەمێروولەیان پرسی: کێ شایەتتە...؟ وتی: کلکم... ئێوە تەپاڵەیەکن کراون بەدوو لەتەوە و گۆزەش برای دیزەیە...!!

قسەکەت بەحاجی بڕی و وتت:

– ڕێوی ڕێوبیە، شارە مێروولە چییە...؟!

– ئەو ڕێوبیە فێڵبازەیە لە نزیکی شارە مێروولەیەکەوە پاڵ دەکەوێ و کلکی دەخاتە سەر شارە مێروولەکە، مێروولەکان بەکلکییەوە دەئاڵێن،



هەتا کلکی قورس دەبێ، لە پڕێکا بەرزی دەکاتەوە و زمانێکی پیادەهێنێ و هەموویان دەخوات و لە کلۆ و کۆیاندا دادەنیشێ...

ئەوەی وت و دەستی بەسمێڵە چەپ و چیڕەکەیا هێنا و وتی:

– دنیای ئێوە کا و بایە و هیچ قەپانێک کردەوەکانتان ناخوێنێتەوە، دەبێ چەند ساڵ لەسەر نارەسەنیی ئێوە لەو دنیا دڕک و داڵمان پێ بدروونەوە و پێشمان گێرە کەن، ئینجا بمان سووتێنن...؟!

## ٩٤

(سوارە) باوکێکی سەیرم هەیە...کەم جار عەقڵ میوانیەتی، ئەم دنیا بەر فراوانەی لێ بۆتە چەرمی چۆلەکە، جگە لەوەش هەمیشە شڕوپڕ بەنەخوێنەکەی تاق و فیق، کراسەکەی بگوشیتە دەمی مارەوە دەیتۆپێنێ، بۆنی وڕەتەگە و خامی گنخاوی لێ دێ... ئێستا ژێر قەرەوێڵەکەی پڕە لە ترخێنە و دۆینە و ساوەر و خوێ و پیاز و ڕۆن، بۆ ئەوەی سەر بەچێشتخانەیەکا نەکات، ئەوەندەی جگەرەی زەل خواردووە، سمێڵی ئەڵێی دڕکە زەردەیە... توو شەرەفت ئەوە و حەجیان وتووە...؟! سکی خۆی بەخواردنێکی خۆش تێرکات باشتر نییە...؟!

ناهەقمە ئەیخەڵەتێنم و بەڕەشکە و بەفەردە سوێندی بۆ دەخۆم، پارە لە کونە دیوارا دانێ و بیشارێتەوە یان من خوێندنی پێ تەواوکەم...؟!

بەس نییە باوکت خوێندەوارە، لە هەندێ شتا وەک ئێمە بیر دەکاتەوە...

– (حەمە)... ئەگەر پێی بڵێین بۆچی ئەو پارەیە بەئێمە نادەیت، چی دەڵێت...؟

– بۆ ئەوەی بەو پارەیەی من بچنە حەمامی ژنانەوە و سەرتانی پێ چەورکەن و دوو لنگەی پێ بکڕن...؟! لای من هەر دووکتان سەروبنی کلاشێکن...!

– (سواره)... ئەڵێ: بزنە قسرم بۆ کردوویت بەمەولوود، بۆ بڕوام بەمەولوود هەیە هەتا باڵم بگرێت...؟ بەتەمایە من بیخەمە بەهەشتەوە... نەیخوات تاڵە...

– (حەمە) پێکەنینم بەوە دەهات پێت وتبوو:

– لەوێش لە مزگەوت دەخوێنم...

– ئەی ئەوە نەبێ، کێ پارە لەو گیرفانە بیرە دەردێنێ...؟!

مەگەر هەر بەتەمای فرۆی مانگا زەرد بوومایە، بەڵام مژدەی دەدەمێ لە قەلان و کۆترانیش بووە...

٩٥

لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ بوونەوە، درەختی کۆششتان لە گەشەدا بوو، کەناری ئاسمانتان ڕووناک بوو، شەماڵی بەختتان کەروێشکەی بەپەڵە گەنمەکانی ئاواتتان دەکرد، پەڵە گەنمەکان کۆڵەکەیان دابوو، هۆشیارییان دەرسکان، ئەو ئاوڕۆشنکەرەوەیە بوون لێلاییتان لە سەرچاوەی ئاو لادەبرد، ئاویش گۆرانیی بۆ ڕێبوارەکان دەچڕی و ماندوونەبوونیی لێ دەکردن...

بەڵێ تۆ و (حەمە هەوراز) خۆتان لە زۆنگاوی ژەنگاویی خەمخۆرکی تەماوی و لێڵ دەرباز کرد، تارمایی شووم و چەلومەلتان قاو دا و دەمبێنتان کردن، ئەو تارماییە جەوتینانە بوون لاپەڕەکانی (ئاڤێستا)یان قانگ دا و جێگایان بەئەستێرەکانی لێژ کرد و دوا جاریش وەک گای سەر وەشێن، کوشتیان و یاساکانیان کفن و دفن کرد و گۆڕەکەشیان سووتان، بەڵام دوای سووتانیشی لەناو خۆڵە مڕەکەیشا دەدرەوشێتەوە، دروشمەکانیشی شوورای وەهم دەڕووخێنن و نامرن...

(سوارە گوێ لەق) هەر ئەم سەفەرە و هەر سەفەرەکانی جارانت...؟! کە



پێیان دەوت سەفەری کۆڵ بەکۆڵی و کولەمەرگی و لاپرسەنی، بەڵام (سوارە ئەقڵ قولکە جەوت)... ئەمجارە شار و باڵندە و چیا و درەختەکان بەپیرتەوە دێن و نیزای سەلامەتیت بۆ دەکەن، بەرخت بازی دەکات، تەنانەت ماچەکانی دایکیشت جیاوازن و تام و بۆن و ڕەنگێکی تریان هەیە، لەو سەفەرەدا جار، جار بیرت لە چیرۆکی درۆزنی (حەمامی ژنان) دەکردەوە و ئەتزانی کە گەیشتیت چیت پێدەڵێن، بەڵام بایەک بوو بەپەنا گوێتا گوزەری دەکرد، ئەو کاتەی ددانی لێ چیڕ دەکردیتەوە، کەڵبەت لە دەم دەبڕی، چاڵە مشتەت دەکرد و نەت دەهێشت خەرمانی سوورت بدرێ بەدەم لرفەی ڕەشەباوە، تۆ لە کوێ و ئەوان لە کوێ...؟ پەرێزت پاکە و سەر و کەللەی ئەسپت ڕەنگینەو، گۆڵە بارگیر تۆزی قولی عوبەیە ناشکێنێ و بەگەیشتنت وەک مووشەدەمێنە فش دەبنەوە...

٩٦

(سوارە سەر هەپک) ئەوەی لەم سەفەرەدا سەرت دەگەیەنێتە کەشکەلان و بیر و باوەڕت پتەو دەکات و بڵاوە بەگومانەکان دەکات، چاوی کوێرەکان، قاچ و دەستە پەیزەن و گۆجەکان چارەسەر دەکا، تا تۆڵەکان دەخاتە زەهاک، کڵاوی با بردوو دەگێڕیتەوە، وشەیەکی یەکجار پیرۆزە و لە فەرهەنگی کاردۆکاندا چاوم پێ نەکووتووە، ئەو وشەیەش (پێشمەرگە)یە و یەکەم جارە دەیبیستی، بەڵام بۆ بینینی ئۆقرەت لەبەر هەڵگیراوە، لە یەکەم ڕۆژی بیستنییەوە عاشقە و ماشقەن و چاوی بەر پێتە و هێزی هەنگاوتە...

(سوارە عەقڵ قولکە جەوت) لەم سەفەرەدا، ئەو وشەیە ماچ دەکەیت، دەیکەیتە چەتری سەرت و چاویلکەی چاوت و هەناسەی دوارۆژت...

(سوارە) بەبیرت دێ ناوچەوان قۆز و کرمە بڕەی خاک و گورگە هارەکان،

له گۆڕەپانی قوتابخانەدا تانە و تەشەریان لە تۆ و (حەمە) دەدا و ئەیانوت:

– جوولەکەی دووەمن، داوای جیابوونەوە دەکەن، دوای کڵاوی بابردوو کەوتوون و پشیلە باڵی ببوایە تۆوی لە چۆلەکە دەبڕی...

ئێوەش بەو پلارانە بست، بست باڵاتان دەکرد و ئەتانوت:

– دیارە تێیان گیراوە، بۆیە وا هاوار دەکەن و سرکە دەفرۆشن، دیارە لای ئەوان ماڵ لە خاوەن ماڵ حەرامە.! ئێمە بەهاونیشتمانیی (ژمارە دە) دەزانن، نازانن ڕێوی لە خاکی شێردا گێرە دەکات و خەو بەمریشکەوە دەبینێ...!؟

## ٩٧

(سوارە قەندە سەر بەرەو ژوور) لە ناز و نیعمەتی پایتەخت و زانیاری و شارستانییەت و ئەزموون و هۆشیارییەوە بۆ ملەجەڕێ و ڕیخۆڵەکێشی وەک:

جووتی وشکاوەرد و تەرەکاڵ و شێف بڕین و هەڵسووڕاندنی بێژنگ و قەڵبێر و باراش هاڕین و نان و شیر و گێرە و زۆری تریش... ئەگەر بڵێی ئەمانەش لای من پیرۆز و شانازیی ئامێز و کولتووری بن و بنچینە و سەرچاوەن و بەدەسترازەی ئەوانە پێچراوینەتەوە و پەیژەی ژیانن، پشت هەڵکردن لەمانە تف لە خۆ کردنە، خۆشت هاوڕێی دێرینی زانست و کتێبیت، ئەوانە نەبوونایە حەشرت لەگەڵ حەشری نێرەکەردا دەبوو...

(سوارە داڵ گۆشت) مێشک کەمێلاوییەکان وایان دەزانی ئێوە ڕقتان لە مزگەوتە، بەڵام قنگەوڕک لە مەسەلەکە تێگەیشتوون و چەواشەن، چونکە لای ئێوە مزگەوت زانکۆ و چرا و کلیلی عەقڵ و تێگەیشتنە، شیعری شاعیرەکان کولتووری زیندووی نەتەوەکەمانن.



## ٩٨

(سوارە کەللە شەق) هەر لە دوورەوە بۆن و بەرامەی گوندەکەت و دایکت و باوکت و چیا و دارستانەکان مێشکیان زاخاو دایەوە، خەیاڵت دایکتی کەمەنکێش کرد و هات بەپیریتەوە و وەک جاران دەستی کردە ملت و فرمێسک بەچاوتا هاتە خوارەوە و بەڕوومەتەکانیا جۆگەلەی بەست، ماچەکانی تام و چێژێکی دەگمەنیان هەبوو لە ماچەکانی (فریشتە)ی ئاسمان دەچوون و لەو نەرم و گەرمتر بوون و برینەکانتیان ساڕێژ کرد... تارماییەکانیان لە سێدارە دا و زۆر شتیان لە مێشکت گۆڕی، هاتنی (هۆمەر)ی مامت ڕووباری خەیاڵەکەتی زیاتر خستە شەپۆل و کۆمانجە، خێسەیەکی پڕ لە قین و غەزەبی لێ کردیت، ئاگر و باروتی سواڵە دەخست و لە ڕەشی دەیکوشت و پێی وتیت:

– (سوارە قومارباز) بەم جلوبەرگ و سەرە چەورەتەوە ئابڕووی ئێمە و تیرەکەمانت برد، پێم بڵێ:

– ئەم تیرەی ئێمە تاوانی چی بوو...؟! چیی کردبوو...؟ ئاوا وەجاخی (ڕەحمانە کوڵ)ی باپیرت ڕووناک کردەوە...؟! ئای (ڕەحمانە کوڵ) گۆڕ هەڵت تەکێنێ، خۆزگە لە سووچێکەوە دیقەتی ئەو ڕستەی ملتی دەدا، ئەوجا سەد تفت لە من و باوکی دەکرد و ئەتوت:

– دەک پێشتان دەریابێ و پشتتان کەندەڵان، چرای بنەماڵەتان کوژانەوە.

(سوارە خوێڕی)... (ڕەحمانە کوڵ)ت لە گۆڕ دەرهێنا و سەگەلت تێ بەردا، بزانە لەم تیرە گەورەی ئێمەدا یەکێکی وەک خۆت دەبینی...؟! لە پاشەڕۆژدا کێ کتێبەکانی باوکت بخوێنێتەوە...؟! لەبەر چاومە ئەو کتێبانە لە ژێر هەرزاڵەکەدا دەڕزێن و مۆرانە دەیانخوات...

دەستە کۆڵەکەی بەرزکردەوە و پێی وتیت:

– (هۆمەر)ی مامت باشت دەناسێ و قسەکانی نەخشی بەردن، ئەو ڕۆژە ئێمەت نابووت کرد کە چوویتە (حەمامی ژنانەوە)... هیچ نەبێ لێرە کەوا و سەڵتەکەت لەبەرکە لە گۆڕەکەشا ئاگام لێتە... ئەمانەش خەتای باوکتە دۆزەخ جێیەتی، ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕایەوە گەر دەبێ...).

٩٩

شاری(س) پێشوازیی لێ کردیت، بەڵام ئەمجارە مات و مەلوول و ڕو و تاڵ و گــرژ، تەرزە لە ناوچەوانی دەباری و ئاڵای ســـووری هەڵکردبوو، دروشمی سەر دیوارەکان و مانشێتی ڕۆژنامە درۆزنەکان و ئێستگە حەوت ڕووەکان کاوێژیان دەکرد و هەڕەشە و هەڵەپاسییان بە شیرەوە خواردبوو، چڵکاو خـۆرەکـان ڕەشـەبای سـەردەم بوون و کـۆیان لە هیچ نە ئەکـرد و بەفریشتە و جەنگاوەران دەگەڤین و ئەیانوت:

– گێرەشێوێن و یاخیبوون، دروشمەکانیان بێ پەرگ و تانوپۆ و شیرازەن و بەدرۆ مەشکەهۆن کراون، کەس بڕوای پێ نەئەکردن، ئەو دروشمانە لای ئەوان پووا و پەتک و پاڵ بوون و دەهۆڵی دڕاو و حەپەی سەگەل بوون.

بە پێـچـەوانەی دروشـمی سـەر دیواری جـەنگاوەران، دەیەها چاو دەیکێڵان، هەتا بوو لێیان دەچوونە پێشەوە و ئەڤینبارانیان دەکردن، ئەو دروشمانە لای دانیشتووانی شار بانگی هەق بوون، شاریش بۆیان گوێ بەزەنگ بوو، بانگی هەق مێشکی ژەنگاوی و کەڕەپووی لۆبڕ دەکرد و سەری کلاڤەی لێ چەواشە دەکردن و لە خۆشیان دەکەوتنە گومانەوە...؟!

بازاڕەکانی شار هەر چەند سووتەمەرۆ و ڕەشپۆش بوون و لە تۆفان و مردنەوە نزیک بوون و کەڵبەیان لێ گیر کرابوو، بەڵام بەخشندەییان بۆ فریشتە و جەنگاوەران لە زاووزێدا بوو، گوێیان لە ئاستی هەڕەشە و



گەفینی کوێرە مارەکان کەڕ و کاس بوو، گوندەکانیش بەقەڵای ئاسنین و سروودی نەمری و چرای هیوایان دادەنران، دەستیان بۆ بەسینگەوە دەگرتن و بەچالاکییەکانیان بست، بست بالآیان دەکرد.

خۆرەی خاک و کرمەبڕەی زەوی و سوپای قالۆنچە و ئاخۆران و بخۆران لە وەزەنکردن و گزرە خستنی گوڵە گەنم و باخ و باخاتەکان، جگەر گۆشەکان و دار و پەردوو و سەربڕینی کانیاوەکاندا بوون، دەمێک بوو خەویان بەو ڕۆژەوە دەبینی، لە تەڕیی لێدەن و لە وشکی بخەون و کۆشک لە حەوشەی خەڵکا دروست کەن، ئەوە خەیاڵ پڵاوە...

١٠٠

ئەم بانگەوازە زەهراوییە سەرەتانییە، گوێی شەقام و کووچە و کۆڵان و ئاسمانی شاری کەڕ و کاس کرد: (لە شەشی ئێوارەوە هەتا نۆی بەیانی هاتوچۆ قەدەغەیە).

باری شانی شار قورستر بوو، خۆڵ و دۆی بەسەردا کرابوو، دەرد و بەڵا و تاریکیی شاریان تەنییەوە و پەردەی گوێیان دڕی، ترس و دڵەڕاوکێ و مردنیان چاند، بەرەو پەتی سێدارە هەنگاویان دەنا، بۆنی خوێن سەرداری بێ سەر دەکرد، چەندەها پرسیاری سوور و مەرگ ئامێز دەکرا، بەڵام زۆربەیان بێ وەڵام...

(سوارە نان و دۆبڕ) ئەو بانگەوازە تۆشی کەڵەمە و گێژداخ کرد و پرۆژەکانی مێشکتی قولچەبڕ و قرچەشکێن کرد و هاتیتەوە سەر سفر و هاتیتە سەر ئەوەی بیر لەو ڕۆژگارە شوومە بکەیتەوە و لای خۆتەوە وتت:

– (دیارە گەیشتووەتە ئێسقانیان، دنیایان لێ بووەتە چەرمی چۆلەکە، ئەوەتا دەست لە منداڵ و پیر و ئاژەڵیش ناگوێزنەوە، لای ئەوان ئەم شارە سەرتاپای جەنگاوەرە...!! کەر لە کوێ کەوتووە و کوننە لە کوێ دڕاوە...؟!

یاسای (ڕەش هەر ڕەشە)، هەمیشە لە سەنگەردایە و ڕەشبگیر بانگ دەکات، بەڵێ گەورەکانیان بەوە ڕازی دەکەن و کلکە لەقێیان بۆ دەکەن:

– ئەمانە ئەوانەن خەویان لەم شارە هەراسان کردبوو.

هەندێکیان ئەیانوت:

– بۆچی گیراوین...؟! ئێمە و سیاسەت...؟! پارە لە کوێوە بێ لەوێ شەن دەکەین.

هەندێکی تریان وتیان:

– لە لادێوە هاتووین، ئاگامان لە مەحموودی بێ زەواد نییە، بۆ شەکر و چا و پێویستیی هاتووین.

– فەرمانبەرم ئەندامی حزبەکەی خۆتانم.

– لە تەمەنی ئەوەدام بمگرن...؟!

– لەم شارەدا بە(محە گەواد) بەناوبانگم و زۆربەی گەوادییەکانم بۆ ئێوە کردووە، بەتایبەتی(تاریق)ی بەڕێوەبەری ئاسایش...؟!

١٠١

هەتا بوو بگرە و بەردە و گریان و شین و شەپۆڕ و بیکوژن و بیبڕن... لە زیادبوونا بوون...

(سوارە گێژداخ) وتمان ئەو (بانگەوازە) تۆشی کەڵەمە کرد کاتێکت زانی لە دەرگا درا، کابرایەکی چەناگە چاکڵێ ملهێسی لووت گاینجە، لووتی لە کاریکاتێری دڕندەی کێوی دەچوو، خۆی بەژوورا کرد و سێ و چوار پاسەوانی ڕوو گرژی لەگەڵدا بوو بەدەست هێمای بۆکردیت:

– بیگرن...

– تازە تاقیکردنەوەم لە پایتەخت تەواوکردووە و ئەم ئێوارەیە هاتوومەتەوە.



– بۆ ناو ئەو ماشێنە...

– با خۆم بگۆڕم...

– قەرەوێڵەکەش لەگەڵ خۆت بێنە...؟!

لافاوی ترس و سەرسوڕمان و هاوار و پاڕانەوە سکی شەقامەکانی شاریان کاس کردبوو، دەمیان تەتەڵەی دەکرد و نەیاندەزانی چارەنووسیان بۆ کوێیان دەبات، کەس قەواڵەی کەسی نە ئەخوێندەوە.

(سوارە بەخت میزەگا) خۆت لە ناو هۆڵێکی وڕاقی گاوخانیدا بینییەوە، دیوارەکانی کەچەڵەیان کردبوو، ئەتوت ماری شڵن، گەرمای هاوینیش جەمەلۆنەکەی ئەوەندەیتر جۆش دا و یەک پارچە ئاگر بوو...

تارمایی ترس و مردن بەسەر ڕووتانەوە کەپرۆکەی کردبوو، خەڵکی شار بەسەر یەکا کەوتبوون، سرکە لە ناوچەوانیان دەباری...

بانگەوازی: (لە شەشی ئێوارە و هتد...)

لێیان دوور نەئەکەوتەوە ئەتوت بەمێشکیانەوە جۆشدراوە، چاوشارکێی لەگەڵ دەکردن، بەندەکان داد و بێدادیان بوو لە دەستی بەردیان بە با دەکرد.!

هۆڵەکەش ناوچەوانی بەیەکا دابوو گوللەت پێوەنایە دڵۆپێ خوێنی لێ نە ئەهات.! لای خۆیەوە وتی: (هەتا ئێستا شتی وام بەخۆمەوە نەدیوە، دووکەڵ و بۆگەن و مۆریان، پررزە براویان کردووم هەناسەیان سوارکردووم، لە هۆڵی کەوتووم و بوومەتە ئەشکەوت و خانی ئاژەڵ...!! ئەشکەوتی ئازار و ئەشکەنجە و پەتپەتی و برسێتی و تینوێتی و ڕاچەڵەکین و نەمان...)

بەڵێ (سوارە هاروهاج) لە بستێ زەویدا دادەنیشتیت بەگران دەست و قاچی خۆتت دەدۆزییەوە، ئەسپێ وەک تەتەڵە میران دابوویانە لاجانگ و کالانەی چاوت و هێلانەیان تیا کردبوو... ئەوە باسی تەنەکەی میز و پیسیی هۆڵەکە ناکرێ و ئەوەندەی تر تۆ و بەندەکانی وەڕس دەکرد و

لەمردنی نزیک دەخستەوە، ئەوانەی خۆیان پیس دەکرد دەبووایە ئێوە پاکتان بکردایەتەوە.

جگە لەوانەش ئاودەستەکانی دەرەوەشیان پێ پاک دەکردنەوە...

سەیر ئەوەبوو شەڕ بوو لەسەر پاککردنەوەیان، بۆ ئەوەی ڕووناکی ببینن و هەوا هەڵمژن، هەر چۆنێ بێ مردنتان بەئاوات دەخواست.

یەکێک لە هۆڵەکان تایبەت بوو بەئافرەتانەوە، گشت لاواز و ڕەنگ بابردوو، یەخە داچەکاو و قژ ئاڵۆسکاو...

لەمانەیش دڵتەزێنتر هاوار و لاڵانەوەی شەویان بوو، ئەتوت مێگەلن و گەلە گورگ تێی ناون، هەر پەلی یەکێکیان بەدەست ئەڕنەمووکەیەکەوە بوو، کە منداڵیان دەبوو، بەبەر چاویانەوە فڕێیان ئەدایە بەر سەگەکان، ئەوەندەیان گۆشتی منداڵ و گەورە خواردبوو چاویان سوور بووبوو...

باسی شووتەکانیان ناکرێ و داخیان سەوزە، هەر شووتێک تایبەتی خۆی هەبوو، لە چێشتەنگاودا شووتێک لێ دەدرا و دەرگا لەسەر چەند هۆڵێک دەکرایەوە و لە ژێر زەبری قامچیدا بەنیوە ناچڵی میزیان پێ دەکردن لە ڕێگا بەندی ناو هۆڵەکانی ترتان دەبینی و بەسەر سڵاوتان لێ دەکردن، دەمیشیان کلیل درا بوو، بەو شووتەیان ئەوت: (شووتی میزکردن).

کە دەهاتنەوە دەیان ژماردن و کۆمەڵ کۆمەڵیان دەکردن و هەر تاقمەی تەشتێ سڵقاویان بۆ دائەنان و سەر و سەموونی ڕەقی کەڕواوییان بۆ فڕێ دەدان، کە سەگە هەوشارەکانیش لێی لالووت بوون و بۆنیشیان پێوە نە ئەکرد، کە لە خواردنی سڵقاوەکە دەبوونەوە تەق و تۆق دەستی پێ دەکرد و سەرە لەسەر تەنەکە ژەنگاوییەکان دەگیرا، ئەمەشتان ناو نابوو: (شووتی سڵقاو).

هەر شەو نا شەوێ کاتژمێری دە شێتێکیان دەهێنایە هۆڵەکەوە کە چاوتان پێی دەکەوت دڵتان هەزارەی دەکرد و وەک بینی ئاو دەلەرزین و



دەگەیشتنە حاڵی جاو لای خۆتانەوە ئەتانوت:

– (وەک مارەکەی شێخ هۆمەر وەزەمان لێ دەکات و بەخۆڕایی مۆری ناپاکی بەناوچەوانمانەوە دەنێ، ئەوەی شێتەکە ئاماژەی بۆ بکردایە کەوڵی خیانەتی لەبەر دەکرا و چوونی هەبوو هاتنەوەی نەبوو... (دە وەرە چارەنووست بەدەستی شێتێکەوە بێ)، بەمەشتان دەوت: (شووتی شێتەکان...) لە نیوە شەودا، شووتێکی دوورودرێژ لێ دەدرا، بەترسناکترین شووت ناسرابوو، سەری زۆری خوارد، جەندرمەکان خۆیان بەژوورا دەکرد و کۆتر لە دەماخیان دەڕی، کلیان لە چاو دەفڕان، بەناو هۆڵەکەدا دەگەڕان ئاماژەیان بۆ چەند کەسێک دەکرد و قەلەڕەشی مردن بەسەریانەوە دەنیشتەوە و بانگیان دەکردنە دەرەوە و زەویی قووتی دەدان و ناویان دەکوژاننەوە، نیوە شەوێک ئەم شووتەیان لێدا و ناوی چوار کەسیان خوێندەوە، یەکەمیان تۆ بوویت، دووەمیان خاوەنی گۆرانیی (ئەی شەمی شەوان)، سێیەمیان (هیوا) چوارەمیان ناسراو نەبوو، هەر چوارتانیان تەپانە ئۆتۆمۆبیلێکی جام ڕەشەوە و لەسەر خوانی شەوەزەنگ دانیشتن، دەوریان لێدان و پێیان وتن:

– ئێوە هاوڕێی گیانی بەگیانیی مشک و مار و گۆڕهەڵکەنن.

چارەنووستان لە بەری دەستتان نووسراوە، سەیرتان کرد شۆڤڵ و بلدۆزەر چاڵ هەڵدەکەنن، چاڵەکانیش یەکجار گەورە و زیاتر لە چوار کەسیان دەگرت، هەر چوارتانیان ڕیزکرد و سەرو پاڵیان پێوەنان و لە چاڵێکدا خۆتان بینییەوە بێ کفن و گۆڕ و گۆڕیچە، سەریان داپۆشین، لە گۆڕەکەشدا دەنگی ئامێرەکان لە گوێتاندا دەزرنگایەوە، لێخوڕی ئامێرەکان و پاسەوانەکان خۆیان کەڕولاڵ کردبوو کوێرانە ملیان دەنا، کە شەو درەنگ دەبوو گۆڕەکەتان پڕ دەبوو لە جڕوجانەوەر و قسەی جەندرمەکانتان بیردەکەوتەوە: (ئێوە هاوڕێی گیانی بەگیانیی مشک و مار و گۆڕهەڵکەنن).

هەتا بوو گۆڕستانەکە فراوانتر دەبوو، شۆڤڵ و بلدۆزەرەکان شەویان دەدایە دەم ڕۆژ و وەستانیان نەبوو، جەندرمەکان بەشووت و گۆڕستانەکەیان دەوت: (شاری مردووان) و بە وشەی (قەدەغە) تەلبەند کرابوو، ئەوەی هەنگاوی بەرەو ئەم دیوی شوورا و تەلبەندەکە بنایە خاوەنی چاو و سەر و قاچ و دەستی خۆی نەبوو.

١٠٢

خۆشت نەتدەزانی چۆن زیندوو بوویتەوە و چاوت بەگوندەکەت کەوتەوە و گۆڕستان و شووت و شێتەکان بەجێ دەهێڵێت، خۆشت سەرت لە چاو قاییی ئێوەی مرۆڤ سوڕدەما، بەڕاستی دنیادیدە بوون و چاوی دڕک و داڵتان دەردەهێنا، ئێوە ئازا و کوڵنەدەرن، لە گونی گاشدا پەنیر دروست دەکەن...

لای خۆتەوە وتت:

– (بەڵێ مرۆڤ سەرسەختە و هەر ئەو کوڵەکە لەگەڵ مردندا دەدات و گرفتەکان گرمۆڵە دەکات، وا دەزانێ نە بای دیوە و نە بۆران)...

سووری دوو دوو گرەکان وایان دەزانی کە مرۆڤ زیندەبەچاڵ کرا دنیای ڕۆشن نابینێتەوە و بیرەوەرییەکانی لەگەڵ خۆی چاڵە مشتە دەکات.



١٠٣

ماچەکانی باوک و دایکت، دیمەنی چیا و دارستان و کانیاوەکان، ئاسمانی بێ لەکەی سەر گوندە پەتپەتی و ئەشکەنجە و برسێتی و تینوێتی، دڕندە چاوچنۆکەکانی لە بیر بردیتەوە، چیرۆکی تەویلە و تەنەکەی پیسییەکان و مۆریان و زیندەبەچاڵ و بلدۆزەرەکانی شاری مردووانت بۆ گێڕانەوە.

مامەت (هۆمەر)یش وتی:

– ئەمجارەش لەسەر حەمامی ژنان گیرابوویت...؟

ئەم تانەیە خەنجەرێک بوو سیپەلکی ڕادایت و لای خۆتەوە وتت: (دوای زیندەبەچاڵیش کۆڵم لێ نادات ئەمەش پیشەی ئەمڕۆی نییە و ڕق و کینەی بەشیرەوە خواردووە)...

پێش ئەوەی لە دایک ببم ئەو دەستاڕی کردووە و من خواردوومە، گەرەکێتی وەک کوڕەکانی دز و گەمژە بم، خەتای من چییە کوڕەکانی سایەل لێی داون و مێش دەقەپێنن و گونی خۆیان و گێزەر لێک جیاناکەنەوە...؟!

باوکت بەتووڕەبوونەوە بە مامە (هۆمەر)تی وت:

– هەتا کەی کای کۆن بە با دەکەیت...؟! تێرت نەخوارد...؟! دەمت شل نەبوو...؟! ئەم دەهۆڵە کۆنە نەبڕایەوە...؟! ڕەشبگیری شاری (س)ت بۆ حەمامی ژنان بردەوە...؟! ڕەشبگیر و گەرما و هەر خوداوەندیان یەکە و لە جەوالێکدا جێیان نابێتەوە، ئەتەوێ ئەم گرتنەش سووک و ڕیسوا کەیت...؟! خەڵک کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە و بڕوا بەم قسە پەتک و پاڵانە ناکات، بەڕاستی خۆش مام...

مامی وەک تۆی هەبێ دوژمنی بۆ چییە...؟! بەم قسانە جەڕەبابەیان دا و

چەرخیان لە چەمەر کێشا و ئازار و ئەشکەنجەشیان لە بیری تۆ بردەوە و تەمی بەردەمت ڕەوییەوە و لای خۆتەوە وتت:

- (سوارە) باوکت لای تۆ دوو مرۆڤە: لە لایەکەوە کەسایەتییەکی بەختەوەرە و سەری لە ئاسمانە لەبەر ئەوەی خۆی لە دەریای ژەنگاوی و نوشتە و جادوو مارە بەجاش و نیکاحی چەواشە و تەڵاق و سەرقەڵەمانە و ئیسقات و زیارەتی کەڵەکە بەرد و شەخسە پەرۆیینە و بەیداخ ماچکردن دەربازکردووە، شەوە زەنگی بەجێ هێشتووە و بەرێی کاکێشانا سەفەر دەکات، لە لایەکی تریشەوە، بەختی ڕەشە و سەرچاوەی دڵی تاریکە و مەسەلە جەوهەرییەکان و شارستانیی گوللە باران کردووە و ڕاڕا و دڵەڕاوکێ پرزەیان بڕیوە، جارێک هەنگاو بۆ پێشەوە دەنێ، لە پڕێکا بۆ سەربای بەرە بۆر بادەداتەوە و ناتوانێ خۆی یەکلایی بکاتەوە)...

بەڵام (سوارە ماوزەر) باوکت لە کوێ و ئەمانە لە کوێ...؟!

عەقڵیان لە ئەژنۆیاندایە و بەردی چەقی سەر ڕێگان هەتا زووتر هەڵکەنرێن درەنگە و ڕێبوارەکان زووتر دەگەنە قۆناغ و دەستی ئۆخەی لە سەر دڵیان دادەنێن... چەند کەسێکی وەک ئەویان تێدا بووایە یەکجار بەو شێوەیە نەیان دەقۆڕان...!!

## ١٠٤

(سوارە پشوو درێژ) وەک ساڵەکانی تر، شانت دایە ژێر ئەو ئیشانەی کە ئاشنایان بوویت، چاوەڕێی باوکە دەست سپییەکەت نە دەکرد و نەتدەهێشت ئیشەکان ساوا و نەبەکام بن، هەر لە سکی دایکیاندا دەتقۆستەوە و ڕاستە و پواستەت دەگرتن.

لە ڕێوە داسەکەت هەڵگرت و بەرەو چۆمی (وازاو) ملت نا و کەوتیتە گزرە خستن و پاسە چۆلەکە و بڕینی زەل و شێلانی قولاخە و جۆماڵی



چەمەکە، بۆ ئەوەی مەرەزەی ئەو ساڵەش وەک ساڵەکانی تر بەبڕشت بێ... ئەوەی زۆر ماندووی کردیت کوشتنی ئەو بۆرە مارە بوو کە بەقەدەر مژانێک دەبوو، هەر گوڵەی لە ڕەنگێک، یەکەم جار لەسەر کلک بۆت وەستا و فیشکانی و کەوتە زمانە مەڵاسکێ و بەرەو ڕووت هات، بەڵام دەستت لە کاردا بوو، سێ دەمە بێڵت ئاراستە کرد و ئەسپەرەی بێڵەکەت شکان و پێت وت:

- گەوادی کەللەڕەق، مەگەر قولینە و (هۆمەر)ی مامم ئەوەندەی تۆ ماندوویان کردبێتم.

## ١٠٥

(سوارە) خۆت بەڕاستە و پواستەی زینی ماینەکەوە خەریک کردبوو، لە پڕ (سالار)ی برات پێی وتیت:

- کاکە میوانت هەیە...

- کێیە...؟

- کاک ڕێبوارە...

(ڕێبوار) بەپێکەنینەوە لێی پرسیت:

- چۆنە وێراوتە بێیتە ئەم دەڤەرە...؟! ئەمری گرتنتم پێیە...

پسووڵەی شۆڕشت پێیە...؟!

- خۆم پسووڵەم...

ئەوەت وت و قسەکەت گۆڕی...

- گوندی (کونەکۆتر)یشیان سووتان...

- چۆنت زانی...؟!

- لە بەیانێکدا خوێندمەوە... ئەگەر بڵێی بێ ئاگا نین، کەم تا زۆر

ئاگامان له چالاکییەکانە... هەر کەسی تیانەماوە...؟!

– پەڕەسێلکە و باڵندەکانی تر و (سۆفی ساڵح) نەبێ کەسی تیا نەماوە، (سۆفی) بەشەو لە گوندەکەیە و بەڕۆژیش لە گۆڕستانەکەیە...

– چۆنە نەیانکوشتووە...؟!

– بە شێتی دەزانن...!

– چەندەها شێتیان کوشتووە...

– جارێ ماوە زەخیری هەیە و ئەڵێت:

– بە شەو مردووی گۆڕستانەکان دێنەوە و لە جێی خانووەکانیان دادەنیشن و بیر لە کاروباری خۆیان دەکەنەوە و داستانەکانی ئەم گوندە دەگێڕنەوە... بەقسەی ئەوان بێ ئەم گوندە بەشی ڕووخان و سووتان و ئەشکەنجە بووە و هەر لە جێی خۆیدا دروست کراوەتەوە...

سۆفی لەم بارەیەوە بۆچوونی سەیر و نامۆی هەیە و ئەڵێت:

– باڵندەیەکی ڕەنگا و ڕەنگ، چاو گەورە، لەسەر درەختەکانی گۆڕستانەکەوە بەرەو گوندەکە باڵ دەگرێتەوە و بەدەنگێکی خۆش دەخوێنێ... ئەم باڵندەیە لەسەر چۆڵەوانی و کاولکاری نەبێ ناخوێنێ...

بەو سروودە ئەڵێت: (سروودی گەڕانەوەی ئاوارەکان)...

(سوارە بێ بەش) دیمەنی دڵتەزێنی (گوندی کونە کۆتر) دیمەنی (گوندی سوڵتانە)ت بیر دەخاتەوە، بەڵام (گوندی کونە کۆتر) و مرۆڤەکانی دەگەڕێنەوە، بەڵام (فریشتە)کەی گوندی (سوڵتانە) هەرگیز ناگەڕێتەوە... ناگەڕێتەوە...



١٠٦

(سوارە مل ڕەگە بامێ) سەردانی گۆڕی گیان لەسەر دەستەکانت کرد، دەمێک بوو خەوت بەو ڕۆژەوە دەبینی و بیرەوەرییەکانیان لە مێشکتدا چەخماخەیان ئەدا و چیرۆکیان بۆ دەگێڕایتەوە، چاوێکت بەگۆڕەکاندا گێڕا:

– ئەوانە گۆڕی: هیوا و بێستوون و جافر و ئەنوەرە، خولێکت بەگڕناڵە بەردەکەی لای چەپدا خوارد:

ئەوانەش گۆڕی: خالید و سەباح و بەکرە ڕیشەیە... ماسی ناو ئاو بوون و سرەوتیان نەبوو، زەوی لە بەریان دەلەرزی، داستانیان ئەوەندە زۆرە، مەگەر خۆیان بۆمان بگێڕنەوە و بەخۆڕایی ناویان نەناون (میدالیای خاک) باڵندەکانی ئەم دەڤەرەش دەستیان بۆ بەسینگەوە دەگرن و ئەیانوت:

– ئەمانە چاوی ئێمە و مرۆڤەکانیان کردەوە و لە خەوی غەفڵەت ئاگاداریان کردینەوە، لە پێشەوە لەمانە بەگومان بووین و پێمان ئەوتن: (خێڵی گومان)، عەقڵمان نەیان دەبڕین و ئەمانوت:

– بیرکردنەوە لەمانە چێو لە تاریکی کوتانە و مێشکی خۆمانیان پێوە خەریک ناکەین، بەڵام خوێن بەخشین ناوبانگی زڕانن و ویردی سەر زمانی مرۆڤ و باڵندەکان بوون، سروودی هەمیشەییان بوون، ئەوەتا پۆل پۆل دێنە سەر گۆڕەکانیان و یادیان دەکەنەوە، ئەمانە لە هەژارییەوە بوونە داستانی نەمری و ئاڵای سەر لووتکەی چیاکان... لە گۆڕەکەشا دوژمن لێیان دەترسێ... کێ ناوی باوکی ئەمانە دەزانێ...؟! بەڵام کەس نییە، نەیان ناسێ میدالیای ملی چیا و درەختەکانیشن...

١٠٧

(سواره خەرگۆلک) ئەو ڕۆژە خۆشبوو کە سەرت لە ساباتەکەی (کاکەبرا)ی ئامۆزات دا، ساباتەکە پێکهاتبوو لە بەرە دەستەکێک و چوار کۆڵەکە و سارداوێکیش لەبەر دەمیا، لە لای ڕاستی سارداوەکە کوانوویەک هەڵکەنرابوو، کتریبەکی ڕەشی لەسەر بوو، چوار دەوری خەیار و ترۆزی و کوولەکەی ئاوی و چێشتی و بامێ و تەماتە، پشتت بەیەکێک لە کۆڵەکەکانەوە دا...

(ئاڵتوون)ی بێوەژنیش لای سەرووی کەپرەکەوە دانیشتبوو، هەتا بڵێی جوان و خرپن و تێکسمڕاو و ڕووخۆش و قسە بەتوێکڵ و ڕوو هەڵماڵڕاو، خەریک بوو بۆ شوو سوێی دەبووەوە، دەستی خستە سەر دەمی و بەپێکەنینەوە وتی:

– (سوارە) ئەوەندە تامەزرۆ بوو، لە پایتەخت چووەتە حەمامی ژنانەوە، هەر باشە نەیان کوشتووە، لەوانەیە سەرخۆش بووبێ، بەسەر ماکەرەوە بیانگرتایە باشتر بوو.

– لە تۆش تامەزرۆتر...؟!

– کێ ناوی زڕاوە ئەوە تامەزرۆیە...

– تامەزرۆیی شوورەیی نییە، بەڵام هەموو شت ڕێ و جێی خۆی هەیە...

(کاکە برا)ی ئامۆزات وتی:

– (سوارە)، (ئاتە) شەڕت پێ دەفرۆشێ، خۆی لا لا موو دەکات و دستە چەورەکەی خۆی بەشانی تۆدا دەسرێت...

– وتم: تامەزرۆیی شوورەیی نییە، بەڵام...؟!

***

(سوارە جووتیار) کە کاتی جووتی وشکاوەرد دەهات هەوجاڕ و



عاسەلاکەت دەور دەکردەوە و ڕۆژێ پێشتر دەتبردنە سەر زەوییەکە و بانە و گاوخانت دەبڕییەوە و تۆوت پێوە دەکرد و ڕۆژانە دەنگی وەرتە و بەرەت دەهات و هێسرەکانت دەڕەتان و شەوتان دەدایە دەم ڕۆژ، جاری وا هەبوو پێش ڕۆژهەڵاتن لێدەبوویتەوە، باوکت لەم لایەنەوە زۆرت لێ ڕازی بوو، ئەو گوێڕایەڵی و چالاکییەت جێی سەرسوڕمانی گوندەکە بوو...

ئەیانوت: لە ئێمە ئیشکەرترە، خۆزگە ئەوەندە یاخی و دەم شڕ و کەللە ڕەق نەبووایە، مامەت (هۆمەر)یش ئەیوت:

– (سوارە) لە کوڕەکانی من دەست ڕەنگینترە، بەڵام ئابڕووی تیرەکەمانی بردووە، ئەو ڕۆژە خێری بەخشرایەوە کە سەری ڕووت کرد و چووە حەمامی ژنانەوە و جامانە و کەوا و سەڵتەکەی فڕێ دا...!!

باوکت پێی وت:

– (سوارە) بۆچی ئابڕووی عەشرەتی بردووە...؟! لەبەر ئەوەی دەخوێنێ...؟! ئەی کوڕی شێخ و ئاغاکان بۆچی ئابڕووی باپیرانیان نەبردووە...؟! ڕۆژی چەندەهای وەک تۆ دەستیان ماچ دەکات و کلکە لەقێیان بۆ دەکەن، خۆ لەوان هەرزەتر نییە، هەژارە چەرمێ لە دەستی بووەتەوە، ئیشکردن داغانی کردووە چیی لەوان کەمترە...؟!

ئەی وەک کوڕەکانی ئێوە...؟! ئەبێ عەشرەت چ دڵێکی بەو ماکەر مەلانە خۆشبێ...؟ مەگەر سوودیان دزی و خەرمان سووتان و کلکی کەر و گا بڕین و پاوەن سووتان بێ...!

ئەوە یاسای زەمان و مرۆڤایەتییە و مرۆڤ گای سوور نییە لە پێستەکەی خۆیا بمێنێتەوە، من وەک باوکم نیم کوڕەکەشم وەک من نابێ، باپیرانی ئێمە بەزیندوویی مردبوون، لە یەک لاوە گلەییم لێیەتی، ئەوەش ئەوەیە یەکجار یاخی و دەم شڕە... ئەگینا کێ تۆزی قولی دەشکێنێ...؟!

– چۆن تۆ وەک باوکم نیت...؟! ئەی باوکم نەیناردیتە بەر خوێندن...؟

– لەبەر ئەوەی بیخەنە بەهەشتەوە...؟! ئەستێرەش داگرم ئەوم بۆ ناخرێتە بەهەشتـەوە، ئەوان هەر دۆزەخ و بەهەشتـیـان ئەزانی و کورنووشیـان بۆ شەخسە پەڕۆینە دەبرد، لەبەر ئەوەی بیانخەنە بەهەشتەوە...!! بەڵام هەتا ماوم شانازی بەباوکمەوە دەکەم، ئەگەر ئەو نەبووایە منیش وەک تۆ بیرم دەکردەوە و گاڵتەم بەزانست دەکرد و دز دەبووم...

١٠٨

(سوارە گوێ وە چاوی) قۆرتە یەک لە دوای یەکەکان و شەونخوونیی دنیای ژەنگ گرتوو و تاریک و نووتەک، ئارەقی شەرمەزاربی پایدۆزیان لێ کرد، ڕۆژت لێ هەڵهات، بەرخت کەوتە بازی، بەری ئارەقی ماندوو بوونت سەوز بوو، ئاووهەوای زانکۆ ژیانێکی نوێیان پێ بەخشیت، سەریان گەیانیتە کەشکەلان، هەر چیت دەدی نوێ بوو، هەڵمی لێ هەڵدەسا، ئەوانەت نە بەچاو و نە بەخەو نەدیبوو، چەندەها کێو لە نێوانتاندا بوو، حەفیانەکانی زەمانە، زمانە مەلاسێکیان بوو، میزیان کەفی نە دەگرت و چارەی ئێوەومانیان نە دەویست و مەنجەڵیان نە ئەهاتە جۆش و دنیایان لە تۆ و هاوەڵەکانت کردە دۆزەخ و پەلەقاژەتان بۆ نە دەکرا، بەشتان شەوەزەنگ بوو...

(سوارە سروشت ئالۆز) کە سەیری ئەم ژیانە نوێیە و کەش و هەوا و چراخان و مامۆستا و زەنگ و وانە و ئەم کارمامزانە و بەرخە چەرمـوو سوورەکان کە بەدەم پەلکە زێڕینەوە دەخەنن دەکەیت، بیر لە: شەواژۆ و برینگچێتی و گۆلبڕین و قولاخە بەستن و سەرخەس و گەنەکوژی و دارک بژاردن و سەگ ڕاونان و بێلزەنی و لۆ بڕین دەکەیتەوە، هەر ئەم جیهانە و هەر ئەو جیهانە...؟! بەڕاستی مرۆڤ سەرسام دەکەن...؟! باڵی پێ دەگرنەوە هەر چۆنێ بێ سوپاسی باوکت بکە و... هەر چەند دوودڵ بوو لە لایەکەوە ئەیوت:



– قوتابخانە لاڕێت پێ دەکات، بڕوات ئەوەندەی تر لاواز دەکات و لە بەهەشت دوورترت دەخاتەوە، لە لایەکی تریشەوە کە سەیری دەکرد پاشەڕۆژت زەکات و سەرفترە و نوشتە و پینە و پەڕۆی تەلاق و نیکاح و دەمی گورگ بەستنە، لاریی لە قوتابخانە نەبوو...

١٠٩

(سوارە کولێن بڕ) یەکەم بەیانی کە خۆت گۆڕی و چوویتە چێشتخانەی بەشی ناوخۆیی، بۆ ئەوەی ناشتا بکەیت، قەیماخ و پەنیر و کەرە و مورەبا و ماست و هێلکە و چا و سەموون و شیر لەسەر چەند مێزێکی پان دانرابوون... دەمت بووە تاق و چاوت ئەبڵەق، وات ئەزانی لە ئاسمان بەربوویتەتەوە، بیرت باڵی گرتەوە و لە ناوەڕاستی حوجرەکاندا نیشتەوە و لای خۆتەوە وتت:

– (سوارە جنۆکە بەیانیان بتان خواردایە و نەتان خواردایە نان و چا... یاخود نان و ماستی ترش...یان نان و دۆ، ئەوەش لە بەهاردا، جاری وا هەبوو چاش نەبوو، وەک مشک دەکەوتنە نانەڕەق کرتاندن)...

(فەتاح) ناوێکتان لەگەڵ بوو پێتان دەوت: (فەتاح ئەبو دووجانە) لەبەر ئەوەی (نوشتەی ئەبو دووجانە)ی دەنووسی و پڕ و پیرێژنی پێ دەخەڵەتان، هەموو بەیانییەک کە لە نانخواردن دەبوونەوە ئەیوت:

– خودایە بیبڕیت و بەزیادی نەکەیت و بەزۆری نەزانیت، بەڵام (سوارە قۆشمە)، ئەو ئێوارانەت پێ خۆش بوو، کە دەچوویت بۆ ماڵی (مەهروب خان) کە پێت دەوت: (مۆڕەخان) لەبەر ئەوەی هەمیشە مۆڕ دەبووەوە و جنۆکە و شەیتان و سرکە لە ناوچەوانی دەبارین، (ئەسمەر)ی کچیشی چەند جوان و باڵا بەرز و خوێن گەرم بوو، بەهرۆیی و سێکسی لێ دەباری، هەمیشە زەردەخەنە هێلانەی لەسەر ڕووی کردبوو، دەستتی بەقاپە

چێشتەکەوە دەگوشی... تۆش لەشت مێروولەی دەکرد و ئەتوت ڕۆنی سەگ لە دڵت دەدەن، هەر ئەوە بوو لە خۆشیدا باڵت نە ئەگرتەوە و بۆ سووکە هەلێک دەگەڕایت...

(سوارە) هەر چەند بیر لە ڕابردوو دەکەیتەوە و ڕووداوەکان لەگەڵ ئێستا شەنوکە و دەکەیت، خۆت لە کەشکەلان دەبینیتەوە و لەگەڵ ئەستێرەکاندا ئاهەنگ دەگێڕیت و درەختی هیوات چڕتر دەبێ و شەماڵە دەکات و خەمەکانت چلە شۆر دەکات، هەورەکانی بارانی پەڵەن خۆڵ بارانیان شۆربوە و لای خۆتەوە وتت:

(ئەم ڕۆژە بەخۆڕایی بەرهەم نەهاتووە، بەئارەق و مەینەت و خورپە و قوڕ و قوڕاو سەوز بووە، هیممەتی باوکت گرێچنی کرد لە زەبەن و دڕک و داڵی کۆنەپەرستی و شێتی قوتاری کردی) وانەکانی سەر هێڵی جووت و دێراو و قولاخە و خەرمان و بن کەپر و ساباتەکان شایەتن، ئەو ڕۆژە سەختانە لە بیر ناچنەوە...)

١١٠

(سوارە ڕێوی) خۆزگە (هۆمەر)ی مامت لە سووچێکەوە لەم ئاسکە کێوییانەی دەڕوانی، بەتایبەتی ئەو کاتانەی لە (یانە)ی کۆلێج دادەنیشن...ئەبێ چی بڵێت...؟!

– چیی وتووە هەر ئەوە دەڵێت، بۆ هیچ ماوە بیلێ...؟! خۆی بەدایک و برای فریشتەکانی بەهەشت دەزانێ...

ئێ (حەمە هەوراز) دنیای زانکۆ چۆن دەبینی...؟

– زمان لە وەسفکردنی لاڵە و ناگەڕێ... ئەوەندە دەڵێم نەک من و تۆ، گوندەکانیشمان لە خەوی غەفڵەتا پرخەمان دەهات، داردەستی ئەم و ئەو بووین، پاسەوان و کۆیلەی کەڵەکە بەرد و تارمایی بووین، بزن لە چاومانا



قازی بووە، کێ بزنی دیوە کوڕنووش بۆ جیهانی خەیاڵپڵاو بەرێت و دزی و سیخوڕی بکات...؟!

(حەمە هەوراز) ئەوەی وت و لەگەڵتا کەوتەوە قسە:

– (سوارە) جارجار لە خەوما بەختەوەر دەبووم و سەرم دەگەشتە کەشکەلان و کۆسپەکانی ڕێگام تەخت دەبوون، بەلام کە بەئاگا دەهاتم، دەهاتمەوە سەر سفر و مۆتەکە پینەی بەسەر شانما دەدووری و شانمی قورس دەکرد، بەلام ئەمجارە (زانکۆ) لە جێی کۆڵ بەکۆڵی و بێ ئاواتییە، چرای شەوەزەنگە، ئاوێنەی باڵا ڕووانە، ڕۆژ لە جێی پەڵە هەورە ڕەشەکانە، ڕاستی لە جێی وەهم و درۆ و کۆنە پەرستییە، بەلام (سوارە)... ئەوەی دەمانبات بەناخی زەویدا کردار و مامەڵەی هەندێ لە عەرەبەکانە، وەک کۆیلە و دەست و پێ و هاوولاتیی پلە دوو سەیرمان دەکەن، گاڵتە بەنوێژەکانیشمان دەکەن و دەڵێن:

– نازانن بۆ کێی دەکەن...!

– بۆ جگە لە خواوەند کەسی تر هەیە...؟!

– لە خۆیان بپرسە؟!

١١١

(سوارە هەلپەرست) بەمانگێک پێش نیوەی ساڵ، ڕووت کردە چێشتخانەی زانکۆی ژمارە (٣) سێ، دە دینارت لە بیتاقەکەت کردەوە و بەشاگردەکەت وت:

– قۆزی...

دوو خوێندکاری بەشی ئینگلیزی لەملاتەوە دانیشتن و بەئینگلیزی قسەیان دەکرد، هەتا بوو چێشتخانەکە قەرەباڵغتر دەبوو، لە چاو ئەو

قەرەباڵغییەدا چێشتخانەکە هێمن بوو، ئەتوت ئاشە و ئاوی لێ بڕاوە... یەکێک لەو دوو هاوڕێیە بانگی قوتابییەکیان کرد:

– (ڕەئوف مەلا حەسەن)...

بەو ناوەدا (ڕەئوفی مەلا حەسەن- گوڵەنان)ت بیرکەوتەوە بەیەکەوە لای باوکی ئەو ئەتان خوێند، باوکی جیاوازییەکی زۆری لە نێوانتانا دەکرد، ئیشە ئاسانەکانی ئەدا بەسەر کوڕە کەڕەکەیا و تۆش بۆ کارە گرانەکان، دەچوویت مەڕ و بزنی زەکاتت لە گوندەکان بۆ دەهێنایەوە...

لەگەڵ ئەوەشا کوڕەکەی مێش قەپێن و عەقڵی لە ئەژنۆیا بوو، میزی بەناوچەوانی خۆیا دەکرد، باسی ئەرکی چا لێنان هەر ناکرێ، مامۆستا چایەکی دەخواردەوە خوڕەی نە ئەهات و ئەتوت قوڕە، بەچەپک جگەرەی زەلت بۆ تێدەکرد، هەر زوو هەڵی دەدا بەئاسماندا و ئەتوت هەنگ قانگ دەدا...!!

یەک لە دوای یەک تەڵاقی لەوچە و لەوجەڕ دەکرد، لای ئەو تەڵاق نە ئەکەوت و هەر زو و پینە و پەڕۆی دەکرد، ددانەکانی زەرد، گەمڕەیان بەستبوو، تاق و فیق وەستابوون، ئەتوت کەڵەمەی بەن بڕاون...

هێشتا خواردنەکەت بۆ نەهاتبوو کچێکی سپیواشی گەردن زەردی باڵا نمای چاوڕەشی قژلوولی دەم نەباتیی لووت بادەمیی بەرانبەرت دانیشت و کتێبەکانی لەسەر مێزەکە دانا و جانتاکەی کردەوە و بیتاقەی خواردنەکەی دەرهێنا و بانگی گارسۆنەکەی کرد و دایە دەستی:

– سپیناخ.

(لێی وردبوویتەوە، ئەوە (گەلاوێژە)...؟!

لە کۆلێجی زانستییە... ئەوەتا لەسەر دەفتەرەکەی نووسراوە، یەکەم جارە دەیبینم، ڕێکەوتی یەکترمان نەکردووە، قەڵەو و جوانخاستر بووە و ئەڵێی جوانووی شێیە...



جار جاریش سەیرت دەکات، بەڵام ناتناسێ، ناهەقی نییە بەعەقڵی کێدا دێ (سوارە)ی کەوا و سەڵتە لەبەری لفکە شۆڕی جامانە فەریکەنۆک بێ و لە زانکۆ بخوێنێ و ئێستا لە چێشتخانەی زانکۆ چاوەڕێی خواردن بێ...؟! ئەڵێیت ئاخۆ لە چ گوندێک پینە و پەڕۆی تەڵاق دەکات و ئێواران دەمی گورگ دەبەستێ...؟! لە خەویشا لێرە بتبینێ بڕوا ناکات، خۆزگەت بەو ڕۆژە بێ پێی وتیت:

– ماڵی خوشکم بۆ سەفەر دەچن...

– (گەلاوێژ خان) بەخێربێیت...

– سوپاس...

چاوی تێ بڕیت، کورسییەکەی هێنایە پێشەوە و لێت وردبووەوە...

– تۆم زۆر دیوە، ناوەکەتم لە بیر نەماوە بەیەکێکت ئەناسم، بەڵام ئێرە و ئەویان نەوتووە...؟!

– ئەی من بۆچی تۆ ئەناسم...؟!

– منیش تۆ ئەناسم، بەڵام ئەم شوێنە سەرگەردانی کردووم، بڕواناکەم ئەو بیت، لەوانەیە یەکێکی تر بیت و شێوەت لەو بکات، نازانم بڵێم چی...؟! ئەتوانم بڵێم ئەتناسم و ناتناسم...!!

– دە بڵێ، ئەو گەوادە گوماناوییە بەگۆبەنە کێیە خۆ نامان کوژن...!!

– ئەگەر ئەو نەبیت لەسەرم دەکەوێت...

– وا بزانم بەجامانە و کەوا و سەڵتەدا نەبێ ئەو گەوادە سەر بەقوڕاچووە ناناسیت...؟!

دایە قاقای پێکەنین و کێشای بەپشتی دەستتدا و تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردیت و وتییەوە:

– ئێستاش دڵنیانیم...!

– بەڵێ ئەو مرۆڤە گوماناوییە منم و بۆی چوویت و دڵنیابە...

– بە ڕاستی سەیرە و کۆڵەکە دراوەتە بەر ئاسمان...!! و ئەفسانەیەکە لە پشت ئەفسانەکانەوە و پێی دەوترێ:

جیهانی پشت ئەفسانەکان...

– هەر مرۆڤەکەی جارانم و جل و بەرگەکانم گۆڕاون...

– بە پلار و فیشقیاتەکانیشتا ئەویت، ئەوجا بەزۆری ئەم قسە خۆشانە منیان کەمەنکێش کرد، باشە چۆن بوویت بەقوتابیی زانکۆ...؟!

– کێ دەڵێت میوان نیم و بۆ لای تۆ نەهاتووم...؟!

– ئەی ئەو بیتاقەیەی سەر کتێبەکانت هی کێیە...؟

ئەوەی وت و پەلاماری دەفتەرێکی دایت و بەدەنگی بەرز نووسراوی پشتەکەی خوێندەوە...

– ئەی فێڵباز خەتە قوڕەکەت ئەناسم، پێم بڵێ چۆن هاتیتە زانکۆ...؟!

– بە تاقیکردنەوەی دەرەکی بڕوانامەی ئامادەییم بەدەست هێنا و لێرە وەرگیرام...

– وریایت ئەوجاش زیتەڵە بوویت...

– چیی تریش...؟

– هاروهاج و چاو باشقاڵ و مێباز و بێ شەرم...

– ئەو ڕۆژەی ماڵی خوشکت تازە دەبێتەوە...؟

– هەر لە بیرت ماوە...؟!

– شتێک نییە لەبیر بچێتەوە، ناشێ لە بیرت چووبێتەوە...؟!

– مەگەر گڵ لە بیرمان بەرێتەوە...

– بە چ ترس و لەرزێک شوێن پێم هەڵگرتیت...؟!



– من بوومایە نەم ئەوێرا...

– جا چیت بینیوە...؟!

– (سوارە) هەستە...

– بۆ کوێ...؟

– هەقت نەبێ...

– میوان کەری خانەخوێیە...

– هەر دووکمان خاوەن ماڵین...

– شارستانییەت لە پایتەختە...

کافتریایەک لە باوەشی گرتن و بەرانبەر یەک دانیشتن...

– (گەلاوێژ) ئێرە کوێی پێ دەڵێن...؟

– پێی دەڵێن کافتریای (ئەڤین)...

– ناوەکەی خۆشە...

– پڕ بەپێستمانە...

چاوت لە ڕوومەتی بەفر و خوێنی، چاوی گەشی، گەردنی زەردی، قژی لوولی نە ئەترووکان و خەریک بوو بیخۆیت، لای خۆتەوە وتت: (سوارە زۆڵ)... ئەمجارەش باز بەسەرتەوە نیشتەوە، لەوانەشە کێویش بەکێو بگات، زۆڵە سەگ، ڕێوی بەپیرتەوە هاتووە، سەیری تەختی ناوچەوانی کە نوێژی لەسەر بکە و سڵاواتی لەسەر بخوێنە و بەهەشتی بەرین بەچاوی خۆت ببینە و تەراتێنی تیا بکە، بەڕاستی مرۆڤێکی نەگبەت و پشوو درێژ و لە هەمان کاتیشدا قەندە سەر بەرەو ژووریشی)...!!

(سوارە) ئەمە ژوانێکی سەیرە...! پشتی خەو و خەیاڵ و مەحاڵی شکاندووە، بەس نەبو و لە شارەکەمان یەکترمان ناسی، ئازایەتی و

زۆڵێتی و چاو قایمی و شەیتانیی تۆ بوو...

بە ڕاستی ماری بێ ئیجازەیت و سەری بێ دەلاک دەتاشی...

– (گەلاوێژ) یەکەم جار کە چاوم لێ داگرتیت، خۆم بۆ لێو هەڵقورتان و تف و جنێو ئامادە کردبوو...

– (حەزرەتی مەسیح) ئەڵێت: هەندێ جار خەو و خەیاڵ دەبنە واقیع...

– چەپڵە بەیەک دەست لێنادرێ ئازایەتیی تۆش بوو هاوڕێکەم پێی وتم:

– سەیریان مەکە جنێو ئەدەن و ڕقیان لە ئێمەیە.

– دەم و سەقەلی خواتەوە، دەمی ئەتوت (شیر پاڵێو)کە، ئەوە مرۆڤە...؟! ئەویش بە خێسە و چاوێکی مۆنەوە سەیری ئێمەی دەکرد...

– چۆن دڵی هاتووە...؟

– ئەوانە دڵیان هەیە...؟!

– ئەی من...؟

– (سوارە)... زۆڵ و چەردادەڕوویت، پێت دەڵێم زۆڵی ڕۆژگار...

– هەموویان لەسەر چاوم...

– چاوت خۆش...

– وەک وتم ناوی کافتریاکە خۆشە، بەڵام لە ماڵی خوشکت خۆشتر نییە...!

– بە خۆڕایی بۆ ئێرەم نەهێناوی، لێرەش لە ماڵی خوشکمم، زامەکان سارێژ دەکەین و هەقی ئەم چەند ساڵە دەکەینەوە، ئەوەی وت و سەیرێکی کردیت و هەناسەیەکی گڕاویی هەڵکێشا و وتی:

– (سوارە) خۆزگە بۆ یەک دەبووین...



– بۆ خۆزگە... بەدەست خۆمان نییە...؟ من ڕازی و تۆ ڕازی دارێ بەقوونی قازی...

کە ئەمەت وت: هەناسەیەکی گڕاویی تری هەڵکێشا و وتی:

– کۆسپێک ماوە... ئەوەش تەنها پەیوەستە بەتۆوە...

– هەر کۆسپێک...؟

– هەر کۆسپێک... ئیتر پەیمانی هەمیشەیی گرێبەست دەکەین و خونچەی ئەڤین و پاشەڕۆژ زیاتر دەگەشێتەوە...

– ئەو قەڵا بەرزە چییە، وا ئەوەندە لە تەختکردنی دەترسیت...؟! تۆ بڵێی لێمان یاخی بێت...؟!

– بۆ تۆ موو لە ماست دەرهێنانە لەوە دەترسم بەقسەم نەکەیت...

– بۆچی بەقسەت ناکەم... کەس هەیە بەرژەوەندیی خۆی و دڵی خۆی لە سێدارە بدات و گوڵ بژاکێنێ...؟!

– خۆزگە پیاو ئەبوویت و هەناسەت سارد نەدەکردم...

– خەریکیت دەمخەیتە گومانەوە، دە بیڵێ بزانم ئەو قەڵا پۆڵایینە چییە، ئەڤین و پەیمان و خۆزگە ترسیان نەگەرەکە، دە بیڵێ پەڕە مریشکم دەرکرد... بەسمان زووخاو بەرێ...

– گەر نەیەیتە سەر ئاییینی ئێمە ئەڤین و پەیمان و خۆزگە و (گەلاوێژ)یش ڕەشەبا و لافاو و وەیشوومە دەیانبات...

ئەو قسەیە هێنایتییەوە سەر سفر و سڕی کردیت و بردیتی بەناخی زەویدا، ئارەقێکی ساردی پێ کردیت و وتت:

ئەوەی بەبیرما نەهاتبێ ئەوە بوو، بەڵێ چەند بیرم لە: مردنی خۆم کردووەتەوە، ئەوەندەش لەوە... ئەوەت وت و کەوتیتەوە قسە:

– ئەی بۆچی لە ژێر درەختی مرۆڤایەتیدا پەیمان نەبەستین و پاشەڕۆژ

دیاری نەکەین...؟ بۆ کتێب و یاسا هەن بەقەدەر کتێب و یاسای ئەڤین پیرۆزبن...؟!

لە ژیانی ئادەمیزاددا چ پیرۆزییەک لە ئەڤین پیرۆزترە و پێش ئەڤینە...؟!

– بۆچی خوێنم ناکەیتە کاسەوە...؟!

– وام ئەزانی هەر کچەکانی ئێمە کۆیلە و دەستەوسانن، تۆش کوێرانە توولە ڕێگاکەی ئەوانت گرتووە و گێرەی دڕک و داڵ دەکەیت...؟!

لێرەدا مەسەلەکە ئایین و داب و نەریت و ڕەگەز نییە، بەڵکو بۆ بێ هۆشی و پەروەردەی کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، گەر لە وڵاتێکی ئەوروپادا پەروەردە بکرایتایە لەوانە بوو بەم شێوەیە بیرت نە ئەکردەوە، ئەی پەڕۆیەک لەمنی کۆنە مەلا و قوتابیی کۆلێجی (شەریعە) بۆ دانادڕیت...؟!

پرس بەکەسوکارت بکە...

– بۆچی سەرم بەتاشین نادەیت...؟!

– دەروێشانە بیردەکەیتەوە ئەوەش نەهامەتیی منە و بچمە سەر (سیروان) وشکی دەکەم، لە بەختانمە لە مزگەوت و خانەقا و دەروێش و کەنیسە دوورناکەومەوە، مار حەزی لە سیر نە ئەکرد لە کونەکەیا دەڕوا...!!

هەق بوو وا زوو دەرگای ئەم باسەت نەخستایەتە سەر پشت، بەشکم دڵت چاک بێ و کەسوکارت ڕازی بن...

– نە خۆم، نە کەسوکارم بەبێ ئەوە ڕازی نابین...

– دیارە ئایین خنکانووتی و تێ نەگەیشتوویت و لە ئەلف و بێشیا نیت...

– باشە وەک جاران پەیوەندییەکانمان توند و تۆڵ دەکەینەوە و زوو یەکتر دەبینین و بەم ژمارەیە تەلەفۆنم بۆ بکە...



## ١١٢

حەمە پێی وتیت:

– (سوارە) دەبینم ئەو کچە چاوت لێ ناگوێزێتەوە...؟

– ئەوەندە گێژو وێژ نیم و لە سەرەتای دەوامەوە ئاگادارم، خۆت ئەزانی هەتا ئێستا بەچییەوە خەریک بووم، بەڵام هیچم سەوز نەکرد و دەستم لە پاشەڵی هەمانەکەوە دەرچوو... گوریسی ناو هەمانە بوو، داواکەی مەحاڵ بوو...

– چۆن...؟!

– وتی: وەرە سەر ئایینەکەی ئێمە...!؟

– ئینجا... هەر ئەوەت کەم بوو... ئەی دوا بڕیار...؟

– وەک جاران پەیوەندی و چەپ و چلێسی بەردەوامبن... ئەمە بڕیاری ئەوە... منیش وەڵامم نەدایەوە...

– بەڵام بێ چەپ و چلێسی ناژییت و سەرت بێ سەودا دانانیشێ و تۆبەش ناکەیت، بشیکەیت تۆبەی گورگ مەرگە...

– (حەمە) لە (فریشتە)وە بڕیارم داوە خۆم ناسووتێنم و نامەوێ بکەومە حاڵی جاو، بوو، بوو... نەبوو کەڕەپوو... بۆ ئەم کچەش ئێرە زانکۆیە و پەنا و پاسار نییە، منیش مارانگازم...

– ئەو کچە ناوی چییە...؟

– ئەڵێی دەفتەر نفوسی بۆ دەرئەهێنی... ناوی (خەندە)یە...

– زۆڵ و کەپر سەوزیت، من تۆ بناسم خۆت پێ ناگیرێ و درەنگ و زوویی کەوتووە و قەبزە نووشتە بەسەر شان و ملی ئەمیشدا دەدووڕێت و ئەمجارە نۆرەی ڕەگەزی (عەرەبە).

– (حەمە) ئەی چی بکەم ئەوەتا خەریکە دێتە کوڵم، نێچیرێکە و خودای گەورە و مەزن ناردوویەتی لەقە و جووتە لێدانی تاوانە، بەڵام بەسلووکەت و ژیری، ئەگەر بڵێی لە (گەلاوێژ) جوانترە، لە خاکیش هێمنترە، ئیتر با بزانین...

## ١١٣

– سەید (سوارە) بەیانیت باش...

(ئەو دەستپێشخەریی کرد و بەبەیانی باشێک بەهاری هێنا...).

– بەیانیت باش (خەندە) خان...

– تۆش ناوم ئەزانی...؟!

– ناوی باپیرانیشت... بۆ لەیەک کۆلیژ نین...

– لە یەک جیهانیشین... با لە (یانە) سەرو چا بخۆینەوە...

(بەرسیلە بوو بە ترێ).

– بە خۆشحاڵییەوە...

– کاک (سوارە) دەمێکە چاوەڕێی ئەم ڕۆژەم، هەر بەتەمای تۆ بووم، لەوە زیاتر خۆم پێ نەگیرا...

– ئێمەی کورد لەم شارەدا نامۆین و سڵێش لە بارودۆخی کۆلێج دەکەینەوە و نەشارەزاین...

– ئێمەش وەک ئەو خەڵکە شەنە لە مەنە کەمتر نییە...

(چاوی تیروکەوانە، دەم و پرچی سیحر ئامێزن و ئێسقان دەهاڕن، نازانی سەیری کوێی بکەیت...)

(سوارە زمان چەوت و چێڵ) لەگەڵ ئەم بەرخە پەرە چاو ڕەشەدا چۆن



قسە دەکەیت...؟ عەرەبییەکەشت تۆز و کاوێژ دەکات، بەڵام لێت ناترسم، لە زمانی ئەویندا پاڵەی دەشتەکانی گەرمیان و ڕاوچیی (بان گرمە)یت، سەیری ئەو قژە بکە ئەڵێی یاڵی مایینی کەحێلەیە، ئەی ددانە سەدەفییەکانی...؟!)

چاوە گەورەکانی تێ بڕیبیت و وتی:

– باوەژنم کوردە، کوردم خۆش گەرەکە، ئەی تۆ...؟

فریشتەی ئێستامی و دەتپەرستم...

– هەمو و ڕۆژێ دوای زەنگ بەیەکەوە دەردەچین...

– .....................

– بۆچی دەنگ ناکەیت...؟!

– جارێ هەر یەکە و ڕێگای خۆی، لێرە بەیەکەوەین.

– بۆچی...؟! ئەو کچ و کوڕانە نابینی بەیەکەوە دەردەچن...؟!

– بە ژیرانە...

– با جارێ وا بێ...

## ١١٤

– بۆچی قسە لەگەڵ (سوارە) دەکەیت...؟! لەگەڵی دامەنیشە نازانی لە کوردە جودایی خوازەکانە...؟!

– جا با کوردبێ، بۆ کورد مرۆڤ نین...؟! بۆ هاوڕێی خوێندنمان نین...؟! ئەی لەگەڵ تۆدا قسە بکەم، دەمت ئەڵێی کاسەکەلی ماڵە بێوڵەتە...؟! ئەی سەیری چاوە بچووکەکانت بکەم ئەڵێی بەدرەوشە هەڵکەنراون...؟! بۆ زانیاریت... دایکی منیش کوردە...

– یاخین و گەرەکیانە جیابینەوە...

– ئەوە بەمن و تۆ و (سـواره) چارەسـەر ناکـرێ و لە ژوور دەسـەڵاتی ئێمەوەیە... ئەویش وەک ئێمە خەڵکی ئەم وڵاتەیە و شەڕی پێ دەفرۆشن...

## ١١٥

– (حەمە) وەک چەند جارێک بۆم باس کردیت، ئەمانە ئێمە بەدەست و پێوەند و کۆیلە و پیاوی خۆیان دەزانن، هەر چالاکییەک لای خۆمان بکرێ جامی غەزەبیان لێرە بەسەر ئێمەدا دەڕێژن...

سرکەمان پێ دەفرۆشن... کەر لە کوێ کەوتووە و کوننە لە کوێ دڕاوە...؟! مێژووی ئێمەیان نەخوێندووەتەوە، یاخود خۆیانی لێ گێل دەکەن، لەو ڕۆژە دەترسن کە ڕاستییـەکان دەبنە نەشتـەر و چاویان هەڵدەکۆڵێ و دەست و قاچیان ڕک دەکرێ و چۆڵەپێچێن دەدرێن...

دەزانن کوێیـان دێشێ و کرمەڕێز بووە، زەبر و ترسی جەنگاوەران دنیایان لێ کردوون بەچەرمی چۆلەکە...

(تاریق) شەندەم بە(خەندە)ی وتووە:

– بۆ لەگەڵ (سواره)دا دادەنیشی، نازانی کـوردە و جیـاوازیخوازە...؟! ئەویش نێرانە کردوویەتی بەپەڕۆی بێ نوێژ...!

– (سواره) ئێمە مارانگازین و لە خشەی مار و مێروو سڵ دەکەینەوە، ئەزانی بەچ کولەمەرگییەک گەیشتووینەتە ئێرە...؟! با (خەندە) لێرە قسەت لەگەڵ نەکات...

– پێی دەڵێم... بەهێـمـاش پێم وتووە، بەڵام ئەمـانە شـەڕ بەکـۆنە قین دەکـەن و بە(خـەندە)ی دەردەبڕن، با سیـر بخـۆن و زوڕنا لێـدەن و هەر بگەفن... ئەگەر بلێیی بە(خەندە)ش ناوێرن، قـوتابییـەکی ژیر و زیرەکە و



پەنجە بەناو چاویاندا دەکات و باشیان دەناسێ...

– لێـرەش چەند هاوڕێیـەکی باشـمـان هەن لە (تاریق شـەندەم) و هاوڕێکانی بە قینن... ئەڵێی شەو و ڕۆژ دەستاڕ دەکەن و ئەوان دەیخۆن...

مامۆستاکانیش ڕێزمان دەگرن، جار جاریش لە بارەی ڕێزمانەوە پرسیارمان لێ دەکەن و بڕوایان پێمانە...

– ئەوەش بەرزییەتیی مزگەوتە و بیرچوونەوەی نییە...

– نکووڵیی لێ ناکرێ...

## ١١٦

(سواره) لە دەرەوە چاوەڕێت دەکەم، ئەم نیوەڕۆیە لە ماڵی خۆمانین، بۆیە وتم دەرەوە با مێشە سەگانەکان تێمان نە ورووکێن، خەمی تۆمە، ئەگینا قوڕ بەدەمیانا دەدەم و هەڕییان دەکەم با هەر بقوروسکێنن، لەسەر پێشاویش ئەوانەم بیر ناکەوێتەوە...

ئەوەی وت و کەوتەوە قسە:

– بە ڕاستی قسە و هێماکانت بوونە واقیع...

– چۆن بێم بۆ ماڵی ئێوە، کەس و کارت ناناسم...؟!

– کەسمان لە ماڵ نییە، باوک و باوەژنم بەرەو باکوور چوون، من و نەنکم ماوینەتەوە ئەویش چاوی کزە و خەریکی نوێژە...

قابیلە بتخەمە مەترسییەوە...؟!

(مێوژە ڕەشکە بخوات لە گەردنییەوە دیارە، لێوەکانی پەڕەی گوڵن، پا و پووزی بەفری سێ کەلانن، دەنگی ئەڵێی شمشاڵی شوانە، بزانە قسەیەکی هەڵەج و بەڵەج دەکات...؟!).

قسەکانی بەردی نەقاڕین وەستایەکی کارامە داینـاون، سیفەت و ئاکارەکانی (فریشتە)ی زۆر تیایە، چەند بەدەمی خۆش بوو:

– (ئەم نیوەڕۆیە دەچین بۆ ماڵی خۆمان)، دەستی خستە سەر شانت، دەمارەکانت کەوتنە سێ پێیی، شەرم دای گرتبوویت... سەرت لەو شەرمە سووڕمابوو...!! ئەوەت بەخۆتەوە نەدیبوو، بەخۆتت وت:

– (سواره خوێڕی) کەی ئەوەندە دەستەپاچە بوویت...؟! جاران لە دیواریش هەڵدەهاتیت...؟! هەڵۆ بوویت... ئەڵێی بەردی بن گۆمیت و حەپەساویت و چاوە چنۆکەکانت کاڵ بوونەتەوە...؟!

دەستێکت خستە سەر ڕانە نەرمەکانی و دەستەکەی ترت ختووکەی بەهەنارەکانی باخی سینگی دەدا، کانیاوی ئەڤین تەقی و خەریک بوو باڵت دەگرتەوە، زیاتر خۆی پێوە نووسانیت و پێی وتیت:

– لە یەکەم چاوپێکەوتندا بوویتە پەپوولەی باخم و لەم چڵ بۆ ئەو چڵ دەفڕییت و بەئامان و زەمان لێم جیا نەدەبوویتەوە وام دەزانی لە منداڵییەوە لەسەر سفرەیەک گەورە بووین، بەڵام چەند جوانخاس و هەڵکەوتوویت سەد ئەوەندە سارد و سڕیت و ئاگات لە من نەبوو، وات ئەزانی مێشێک میوانت نییە، ئەزانی لە کەیەوە نزیکەی ساڵێکە...

تۆش لای خۆتەوە وتت:

– (هەر کەس بەدەردێکەوە دەناڵێنێ تێر ئاگای لە برسی نییە، وا دەزانێ لە شار، یان لە پایتەختدا دەژیم و ڕۆژێ لە ڕۆژان قوڕ و چڵپاوی زەمانەم پێدا هەڵنەپژاوە...! سەگ شاقەلی دەرنەهێناوم و شەواژۆ و برێنگ چێتیم نەکردووە، لە گوندێکەوە بۆ گوندێک ڕاتبەم نەکردووە، ئەگەر دەتزانی گوێم لەپێ وەچی پێوە بووە، هەمیشە سەرم گڵەبان کرابوو، هەرگیزا و هەرگیز قەرەم نە دەکەوتیت و حەوت بەردت لە دوا هەڵدەدام و لەم ماڵە پڕ لە ناز و نیعمەتە دەرت دەکردم ئەگەر ئێستا لێم بپرسێت و



بڵێت: (سوارە) ژیانی سەرەتایی و ناوەندیی و دواناوەندیی و ئامادەییت چۆن بووە...؟ بڵێم چی...؟! ئەگەر وەک خۆی باسی بکەم ئەدا بەکێودا و مێشکی درنگەی دێ...).

– (سوارە) دەڵێی نوقمی دەریا بوویت و کەشتییەکەشت لە دەریای ڕەشدا نووقم بووە...؟! قوڕ و قەپت لێ کردووە...؟!

_نوقمی دەریای خۆشەویستیی (خەندە) بووم، سارد و سڕیش بم لەمەولا لە کوورەی گەرمی باخی سنگتدا گەرم دەبمەوە، سارد و سڕیش نیم و سواری جرپن زوو دەگلێ و نانی گەرمە تەنوور دەم دادەپلۆخێنێ...

– دیارە مەلەوانیت و لە حەوت ئاوت داوە قولەپێت تەڕنەبووە...؟!

– ئەڤین لە باڵی پەپوولە ناسکترە و خۆڕاگریی گەرەکە...

– پشوو لە ساڵێک زیاتر...؟!

– هەمووی پێچی مێزەرێکە...

(ئای (هۆمەر) گۆڕ هەڵت تەکێنێت... لە کوێی لێرە بوویتایە پێت دەوتم: وا ئیجازەی دوانزە عیلمەکەی وەرگرت، بەسمانە کوڕە کەچەڵ کەسمانە...).

١١٧

(سوارە مارانگاز) لە خشەی مار و مێروو دەترسی و نازانی بڕوا بە کێ بکەیت...؟!

تۆ ڕاوچییەکیت ڕێگای هەزار لۆغانە و لۆفەی سەختت هاتوونەتە ڕێگا، لە چەندەها قوڕ و قوڕاودا ونبوویت و هەستاویتەتەوە، جاری واش هەبووە هەڵنەساویتەتەوە و هەتا بینەقاقات لە لیتەدا ون بووە و ئێستاش خەوی پێوە دەبینی و پێوەی دەتلێیتەوە و لە سووژن بێکەستر بوویت و خەریک

بوو سەری خۆشت دانێی: (بەسوارە بڵێ ئەمشەو دێنە سەری و دەیکوژن)، چەند جارێ بەچاوی خۆت مردنت دیوە و کۆڵەکەت لەگەڵ داوەو، شەوە مێژووییەکەی گوندی (سوڵتانە)ت بەجێهێشت، داستانێکی نەمرە، مردنێکی مێژووییە.!!

(گەلاوێژ)یش بەهەموو عەقڵێکییەوە دەیویست بچیتە سەر ئایینەکەی لەگەڵ ئەوەشدا لە تۆ باش گەیشتبوو، پێویستیی بەو داخوازییە نەدەکرد و تۆ و ئەو ڕێگایەکی ترتان هەڵبژاردبوو، هیچ پەیوەندییەکی بەئایینەوە نەبوو...

(سوارە ڕێوی) بزانین ئەم گەشتەی تۆ و (خەندە) بەرەو کوێ لەنگەر دەگرێ و لە کوێدا و کەی کۆتایی پێدێ...؟!

دەبێت ئەم چیت پێ بڵێ...؟ چ بیانوویەکت پێ بگرێ...؟! وا دیارە ئەم تاقیکردنەوەی کەمە و پەلەیەتی و دەستی لە هەویرایە... دەڵێی بۆ ئاگر هاتووە و ئازار و ئەشکەنجەی زەمانەی نەچەشتووە، خۆشت نازانی لەم سەفەرەدا ڕێوی بەپیرتەوە هاتووە یان کەروێشک، کتێبیش بۆ دوایی دەگیرێتەوە...

## ١١٨

لەگەڵ (حەمە)دا شانبەشان بۆ پێشەوە هەنگاوتان دەنا، لەگەڵ وانەکانتاندا خەرمان و شەماڵ و شەن بوون، بەو پەڕی سەر بەرزییەوە ساڵ دوای ساڵ پۆلەکانتان دەبڕی و پەرێزتان پاک بوو، هەتا بو و تەمومژ و خۆڵبارین و وەیشوومە و نەهامەتی باشتر دەڕەوینەوە و ئاسۆتان ڕوون بوو، هۆشیاریی لە دەرگای دەدان و لە زاووزێدا بوو...

(حەمە هەوراز) ئالوودەی ڕاو و شکار و شانۆ و چیرۆکی میللیی و



ئەفسانەکان بوو، بەتایبەتی ئەو داستانانەی کە هێلانە و ژینگە و ڕاو و شکار و هاوڕێی گیانی بەگیانیی تفەنگی ڕاون...

راوچێتیی (حەمە) کتوپڕ و سەرسوڕهێنەر نەبوو، بەڵکو دەگەڕایەوە بۆ بنەماڵەکەیان کە پێیان دەوت: (بنەماڵەی قەیتەرانی ڕاوچی)، لە پشووی هاوین و نیوەی ساڵدا سەری لە بنکەی کەو و سوێسکە و گۆڕیچەی ڕێوی دەدا و دڵی پێیان دەکرایەوە و دەتوت بۆ لای هاوڕێ ئازیزەکانی دەچێت، هەر یەکەیان تام و لەزەتی خۆی هەبوو، لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکەوتە ئاخافتن و بەرد و دارەکانی ئەو دەڤەرە لای (حەمە) پیرۆز بوون و دەیپەرستن، هەموو جارێ لە ناو بنکە و دارستان و ئەشکەوتەکاندا تۆی بیر دەکەوتەوە و دەیوت:

– (خۆزگە «سوارە»شم لەگەڵ دەبوو، تا چاوی بەم دیمەنانە بکەوتایە، بەڵام (سوارە) ڕاوچیی دوو پێیە، شەیدای قژی کاڵ و چاوی کووژەکەییە و بەبێ نێچیر خۆی بەجلخوار داناوە، پیشەکەی ئەو جەنجاڵ و ئاڵۆز و ترسناکە...).

هەموو جارێ پێی دەوتم:

– (حەمە) چۆن دڵت بەکوشتنی ئەو بێ زمانانە ئاو دەخواتەوە...؟! ئەوە چ ئازایەتییەکی تێدایە...؟ هەر کە چاوت بەخاڵ و میلی کەو و کلکی ڕێوی و شاخی کەڵەکێوی و گوێی کەروێشک کەوت، وا دەزانیت تاجی پاشایەتیت لە سەرە و لە بەختت هەمیشە (سیروان) تەقیوە، لە پەنای کەریشا ڕاوی خۆت دەکەیت، چێو بەسکتەوە بنێن ناگەڕێیتەوە...!!

– ئەی ئەوە کێ بوو بۆ ماچێک سەگەلی گوندەکەی تێ دەورووکان و خەوی لە گوندەکە هەراسان کردبوو...؟!

– خۆشەویستی لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتووە و سەدەها داستانی خستووەتەوە و مرۆڤ ناتوانێ دەستبەرداری ببێ...

- راو جیهانێکی سیحری ڕاستگۆیی و دڵسۆزییە و ئەمەش لە ئەڤین خاڵی نییە و کێ دەڵێت مێژووی لە دڵداری کۆنتر نییە...؟! بڕوا بکە کە دەخورِمە تانجییە زەرد و پێی دەڵێم:

- زەردە بیگرە... وەک گوللە دەردەپەڕێت و بێ فڕوفێڵ دەیگرێ و بەدیارییەوە دەوەستێ و هەتا دەگەمە ئەوێ بەقورووسکە قورووسک و کلکە لەقێ دێ بەپیرمەوە و تەریک دەوەستێ و چ قوورەتە دەمی بۆ بەرێت...!!

ڕاوچی لەو کاتانەدا ئەو جۆرە تانجییانە بەفریشتە دەزانێ وا دەزانێ لە ئاسمانەوە بەربووەتەوە و پێویستە ئەم لا و ئەو لای ماچکەیت، بڕوابکە ئەمە لە من بەوەفاترە، جاری وا هەیە باوکم سێ جارم بانگ دەکات وەڵامی نادەمەوە، بەڵام کە بانگی (زەردە) دەکەم بەقەڵەمباز دەمگاتێ و خەرمانی بەختیاریم بۆ هەڵدەگرێ...

بە بست لە یاسا دەرناچێت، بەڵام خۆزگە نیو ئەوەندەی ئەو یاسا پەرست دەبووین، مرۆڤ خۆی بڕگەکانی یاسای داناوە، کەچی هەر خۆشی لۆبڕ و لەوچەی کردووە...!!

ئەگەر بلێیی بەرانبەر بەسەگ تاوانبارین، کە پیر و گەمۆڕ بوو، ددانەکانی کەوت و مێشی لە خۆی بۆ دەرنەکرا و کەوتە هەناوەکوتێ خوێڕیی دەکەین و منداڵی گوندەکەی تێ بەردەدەین، بۆ ئەوەی بەردەبارانی کەن و بیتۆپێنن، لە کاتی لاویشیاندا ئەوپەڕی خزمەتمان دەکردن، جا دەبێ ئەوان خوێڕی بن یان خاوەنەکانیان...؟! لای من تانجییە زەرد لە (فایەق)ی (خاڵم) و (هۆمەر)ی مامت زۆر پیاوترە و سەنگی قورسترە...

(فایەق)ی خاڵم هەمیشە دەڵێی گا وەناسێتی، لەگەڵ (هۆمەر)دا گای یەک ئاخوڕن و خوێنیان بۆ گەڕیی دەشێ، کە وتیان تیژ، تیژ، مەلای ماوەرانیش نایانهێنێتە دواوە...



دەم و سەقەلی خاڵم لە (قەحتانە لووتە)ی پۆلەکەمان دەچێت و قیرسیچمەیە و نارِەسەنە و بەقەیسەریدا بڕوات سەر دادەنەوێنێ، ئاسمان بەچاتۆڵ دەزانێ و بەکەوچک دەڵێت (قاچووغ)، هەر لە خۆیەوە خێسەمان لێ دەکات و سەر و ماڵمان بەموڵکی خۆی دەزانێ...؟!

## ١١٩

(سوارە کەڵەکچی) پشووی ئەم هاوینەشت وەک هاوینەکانی تر لەگەڵ ئیش و کارەکانی باوکتدا بەدڵێکی خۆشەوە کۆتایی پێهاتووە و لە سێبەری هەوڵ و تەقەللای خۆتا حەسایتەوە، نیشانەکانی ڕەزامەندیی بەڕووی باوکتەوە ئاهەنگیان دەگێڕا و پێیان وتیت:

- بەری ڕەنجی شانی خۆتە و وەک شیری دایک پێت حەڵاڵە و بەردەوامبە ئەوەندەت نەماوە وەک دەڵێن: پێچی مێزەرێکت ماوە و پاشەڕۆژ هۆرەت بۆ دەچڕێت و بەری ئاسمانت یەکجار گوشادە...

(سوارە هەڵەشە) چەندەها پرسیار لە مێشکتدا تەتەڵە و گێژیان دەکرد، گینگڵیان دەدا: (دەبێ (خەندە) نەگۆڕابێ، زۆر کەسمان بینی گۆڕا و وەک بەفرەکەی پار چووەوە)...؟!

هەر خۆت وەڵامی خۆتت دەدایەوە و بەخۆتت دەوت: (سوارە کەپر سەوز) هەتا کەی لە سیکە سیک ناکەویت...؟! ئەڵێیی بەچەپ و چلێسی و سەرەڕۆیی گۆش کراویت و خومت لە خۆت شێواندووە، سەیری بەری دەستت کە، دووجار چەرمی هەڵداوە و ئەڵێیی بەردە زبرەیە... قسەی خۆمان بێت تۆو (خەندە)...؟! ماکەر و قەزازی...؟! حوشتر و قەزوان قرتاندن...؟! وا گریمان نەگۆڕابوو چی دەکەیت...؟! بۆ لە حەوت ئاسماندا ئەستێرەیەکت هەیە...؟! تۆ مرۆڤێکی بەئەرکیت و ئەڵێیی زستانیت... دوای کڵاوی بابردوو کەوتوویت...؟

دیسانەوە وەڵامی خۆتت دایەوە:

- (سوارە بێهۆش) کەس لە کردە نائومێد نابێ... کێ ماڵ و سامان و خۆشیی ژیان و قۆرتەکانی لە سکی دایکی دەرهێناوە...؟! وەک ئەڵێن: خودا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە، تۆش گیات بەکێوەوە نەخواردووە...؟ بڕوات بەخۆت هەیە، بڕوای بتەویش کێو بەکێو دەگەیەنی...

## ١٢٠

بەرەو کۆلێج ملت نا، چاوت دەوروبەری کۆلێجی کێڵا...

سەیرت کرد ڕوخسار و سروشتی گۆڕاون، یانە و گۆڕەپان و تەنانەت درەختەکانیش ناوچەوانیان بەیەکا داوە و تۆز بەسەریانەوە کەپرۆکەی کردووە و ئەتوت گڵەبان کراون...!!

(قەحتان گون لە سک) و هاوڕێکانی بەردیان بە با دەکرد، گەمڕە لە ناوچەوانیان دەباری، ڕووناکی لە ناوچەوانیاندا باری کردبوو، هەر دەموچاو بوون هەڕەشەیان دەکرد لاپەڕەی قارەمانییەتیی خۆیان هەڵئەدایەوە، لە بان ئەستێرەکانەوە سەیری ئێوەومانیان دەکرد، ئاسمان لای ئەوان داهۆڵ بوو، لووتیان چیای (زەردە)ی دەکێڵا، پێیان دەوتن:

- دەوڵەتیان لێمان گەرەکە...؟!

- کێوین و شارستانییەتیان نەدیوە...

- بڵێ بۆچی بەدەردی خۆتانەوە دانانیشن...؟!

- گۆڕ بۆ خۆیان هەڵدەکەنن...

- (ئەبوو چەڕاوی) ڕێگاکانمان لێ دەگرن...

چەند دەنگێک بەرپەرچی دانەوە:

- خاکی (کاردۆ)تان لەسەر خۆتان تاپۆکردووە...!

- دیارە (سەلاحەدین)یش کێوی بووە...؟!

- ئاڤیستاتان چاڵە مشتەکرد، بەڵام بەمەلاشوومانەوە نووساوە...

لە چیای (جودی) و یەکەم کەشتیی شارستانییەت بپرسن...

- گورگەکان گەڕبوون...

## ١٢١

(خەندە) بەزەردەخەنە و ڕوویەکی خۆشتر لە جاران و بەلار و لەنجە بەپیرتەوە هات و دەستی گوشیت، هەر ئەوەبوو نە ئەچووە ناو چاوتەوە... لایەکت بەلای چەپدا کردەوە:

- دەزانم بۆچی لا دەکەیتەوە... (قەحتان ددانگڕی دەم پینە کەوش) دیار نییە لێرەش بێت ئەوپەڕی دەڵێت:

- قسە لەگەڵ (سوارە) مەکە، قسەکانی لای من تاکە نەعلن، گوێ مەدەرێ ماومانە و ساڵێک و پاڵ بەمیشەوە دەنێین و با هەر بووەڕێ ئەوانە سەگی دوور وەڕن...

(لار و لەنجەکەی ئەڵێی شەکی چەرموو سوورە، زەردەخەنە بەردەوام لە دەم و لێوی دەبارێ، لە جاران شیک و ناسکترە زیاتر مرۆڤ کەمەنکیش دەکات، کەوی (قەندیل)ە و تازە خاڵ و میلی ڕشتووە، با بزانین بەرەو کوێ دەڕوات).

(سوارە) ڕەش بوویت و بێ تاقەتیت...؟!

لەپی هەردو و دەستت نیشان دا و پێت وت:

- سەیرکە چەرمێکیان لێ بووەتەوە، ئەوە حاڵی کوڕە جووتیارە...

– بۆ خۆتی دەکەیت، ئەی زانکۆ بە چی تەواو ئەکەیت...؟ ئەوە نیشانەی زاخ و جەوهەرداریتە ڕەنج تاجی سەرە...

ئەم قسانە ئاهێکیان بۆ گەڕانیتەوە، چاویان کردیتەوە، باری سەرشانت سووکتر بوو، خەیاڵە پلاوەکانتی پووچەڵ کردیتەوە.

– بە ڕاستی (سوارە) ئەم سێ ساڵە دەردت دامێ، سارد و سڕبییەکەت لە ڕادەبەدەر و حەوسەڵەی دەوێ...

– بۆ ئێمە وا هەڵدەگرێ...

## ١٢٢

(قەحتان) و (تاریق دەم شیر پالێوک) لە پارێزتا بوون، بۆ هەلێک دەگەڕان بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکت لەسەر بەرزکەنەوە... (خەندە)ش بە بزنی ئەزانین، ئەوەی بیری لێ نەئەکردەوە ئەوانە بوون...

تۆش پێت وت:

– (خەندە گیان) ساڵێکمان ماوە، لەمەولا لە دەرەوە قسە لەگەڵ یەکتر دەکەین، بۆ من لە سەنگەران و ڕقیان لە تۆشە...

– ئەیانکەم بەقوربانی سەگێک، بۆ خۆیان هەن هەتا سەنگەریان هەبێ...؟! با هەر هەڵەپاسیی خۆیان بکەن، ئەوانە شەرگاوین بەچاو زیتکردنەوەیەک دەکەونە قورووسکە قورووسک، هەر چۆنێ بن بۆ من و هاوڕێکانم خۆیان لا شێرە و گەرەکیانە بەهۆی تۆوە چاڵمان بۆ هەڵکەنن.

– ناتوانم بتبینم و قسەت لەگەڵ نەکەم...

– کە تۆیان خستە چاڵەوە لە پشتەوە خۆمی تێ فڕێ دەدەم...



## ١٢٣

لەگەڵ (حەمە) دا لەسەر قەرەوێڵەکانتان وەک جاران دانیشتبوون، گلەیی و بناشتت لە بەختی خۆت دەکرد و وتت:

– حەمە بەختێکی کەڵەشێر قوون و پەیزەن و چەوێڵم هەیە، ئەڵێی بانە و گاوخانی جووتیاری نەزانە، ئاسمانم لێڵ و خۆڵبارینە، ڕۆژم شەوە، بۆ ڕاوە ئاسک دەچم، گورگ بەرەو پیریم دێن، لە سەفەردا کەرم شەلە، پێشم ئاوە و پشتم کەندەڵان...

(حەمە)ش پێی وتیت:

– (سوارە) لە ڕاودا ڕێوی بەپیرتەوە هاتووە، نێچیرەکانت کارمامز بوون، لە بەهەشتی بەریندا هەنار و هەرمێت ڕنیوە، ئەسپت لە ڕمبازیدا سەرقەتار بووە، کەم سوار تۆزی قولتی شکاندووە و پڕمەی کاتژمێرێک ڕۆشتووە، لەگەڵ ئەمانەیشدا چەندەها جار هەناسەی ساردت هەڵکێشاوە و گلاویت و لە ناو قوڕ و ئاگردا بەداخیانەوە تلاویتەتەوە و سەگ بەحەسارت پێ کراوە.

بەڵام بەهیچ شێوەیەک سووچی کامامزەکانی تیا نەبووە و دەستیان لە کەروێشک کورتتر بووە، بەشیان شین و زاری بووە، ماری ڕەش یەقی بۆ کردوونەتەوە ملهوڕەکان پەیمانەکانیانی کردووە بەپەتک و پاڵ و یاسای نامرۆڤایەتیی بەسەردا سەپاندوون: (دوو ژن و تفەنگ و دەمانچە و مەسرەفی هەردوو لا)... بەڕیشی کێ ڕەوایە کچێکی پانزە ساڵ بۆ پیرێکی حەفتا ساڵ...؟!

ئەمانە پەتی سێدارەیان بۆ هەڵخستن...

(فریشتە، خەرامان و گەلاوێژ) پەپوولە بوون و ئاگری داب و یاسا و ئایین و چاولێکەریی سووتاندنی، (فریشتە) لە بازاڕدا فرۆشرا و

بەهەڵگرتن و ڕەدووکەوتن ڕازی بوو، (با سەری خۆمان هەڵگرین)...

## ١٢٤

(سوارە شەیتان) ماوەتەوە سەر (خەندە) بەڕاستی مەسەلەیەکی یەکجار ئاڵۆزە و کۆڵەکەدانە لەگەڵ شێرا و سەری کلاّفەکە وا بەئاسانی نادۆزرێتەوە و هەتا ئێستا خۆم پێ نەناساندووە و نازانێ من کێم و خەڵکی کوێم و چی بڵێم...؟! و لە کوێوە دەست پێ بکەم...؟ چەند جارێک بەهێما پێی وتووم:

– (گەرەکمە هەتا مردن بەیەکەوە بین).

لای ئەو زۆر لە یەکەوە نزیکین، بەڵام لای من بەپێچەوانەوە ئەوەی هەیە ئەڤینە، دەروون پاکی (خەندە)یە، ئەوەتا لەسەر من قسە بەوان دەڵێت: (ئەی قسە لەگەڵ دەم کاسەکەلی وەک تۆ بکەم...؟!)

ئەو ڕۆژەی هاتمەوە لەپی دەستی خۆم نیشان دا و سەیری کرد و وتی:

– (بۆخۆتی دەکەیت ئەی زانکۆ چۆن تەواوکەیت...؟! ئەوە نیشانەی زاخ و جەوهەردارییە). ئەگەر بەژیریی بیر بکاتەوە شتێک لە ژیانی من دەزانێ، لەمەولا هەموو شتێکی پێ دەڵێم و نهێنی ناهێڵمەوە ئەی بڵێم کوڕی (حەمە قەدۆی مووسڵم...؟!) و شانم وایە و باڵم وایە... دواییش بەهەمانە فشە دەرچم...؟! ڕوو زەرد بم...؟! ڕاستگۆیی شوورەیی نییە، شوورەیی ئەوەیە ڕاستی زیندەبەچاڵ کەیت و بیکوژیت... (خەندە)ش ئەوە نییە درۆی لەگەڵ بکەیت...

(سوارە نەحلەتی)، ئێستا باڵندەیەکی سەر لێشێواویت و بەئاسمانەوە گێرت خواردووە و نازانی لە کوێ بنیشیتەوە، تۆ بڵێی مانگ و ئەستێرەکان هەمیشە لە ژێر چەپۆکی پەڵە هەورە ڕەشەکاندا بن...؟! هەر چۆنێ بێ ئاڵای ڕاستی و ڕاستگۆیی بۆ (خەندە) هەڵکە و با شەماڵ بیشەکێنێتەوە و گومان و دوودڵی لە گۆڕێ نەمێنێ، تۆ بڵێی وەک–



گەلاوێژ– پەڵپیت پێ نەگرێ و نەڵێ: (ببە بەعەرەب، یان وەرە پایتەخت...؟! ئەمانە پرسیارن و ڕێوجێی خۆیان هەیە و دوورنین و عەقڵ دەیانبڕێ...

## ١٢٥

(سوارە) ئەمساڵ زانکۆ تەواودەکەین، تۆش خۆت کردووە بەڕەقەمار و شوولبڕ و ئەڵێی ئاگات لە (مەحموودی بێ زەواد) نییە، کەمتەرخەمیت، دەمی خۆت بەلاّمک و قەمتەر کردووە، چ قوورەتە لە بارەی پاشەڕۆژمانەوە قسەیەک بکەیت...؟!

خۆ بەزۆر نییە بڵێ: ئا یان نا– هەموو شت بەزۆر بێ ئەوە بەزۆر نابێ، هەمیشە ئەڵێی پاپۆڕت لە دەریای ئەتلەسیدا چەقیوە...!! ژنت مردووە، لە بەندیخانەدایت...؟ خۆزگە بمزانیایە بۆچی هەمیشە دنیات بەسەرا ڕووخاوە...؟!

دەبینم قسە لەگەڵ من دەکەیت کەچی خەیاڵت لەوپەڕی دنیایە، ئەمجارەش پێت دەڵێم، بەیەکجاری بۆم یەکالاّ و یەکلایی بکەرەوە، نەشم گەرەکە خۆمت بەسەرا بسەپێنم و ئەڤینی دوو لایەنەم دەوێت و سەپاندن لە ئەڤیندا نییە و بەس...

## ١٢٦

(سوارە) قسەکانی (خەندە) لۆچەکانی ناوچەوانتی بچووک کردەوە، دەمارەکانتی خستە سەما و جیهان لەبەر چاوت بیابانێکی سەوزی بێ دڕک و داڵ و مین و ترس و دڵەڕاوکێ بوو، ئاهێکیان تێ هێنایتەوە... بە ڕوویەکی گەشەوە بە(خەندە)ت وت:

– دەمێکە دەمەوێت دەرگای ئەم باسەت بۆ بخەمە سەر پشت ئاگاشم لە هێما و قسەکانت هەیە و لە مێشکما چاپ بوون، ماتی و بێتاقەتی و دڵەڕاوکێ و ونبوونم لە زەلکاودا پەیوەندییان بەخودی خۆمەوەیە، ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە وەڵامی یەکجاریت بدەمەوە و سەرچاوەی دڵەڕاوکێ و پرسیار و چاوەڕوانییەکەت تەفر و توونا بکەم و مەسەلەکەت بەیەکجاری بۆ یەکالا بکەمەوە و خۆمت بێ درۆ و دەلەسە پێ بناسێنم، بەڵام باش گوێم لێ بگرە...

– کوڕی جووتیارێکی هەژارم، ڕایەڵە و تانوپۆی ژیانم ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و ڕاو و چەرمەسەرییە، شوانی و باراش هاڕین برێنگچێتی و ڕەنی خەرمان و دارک بژاردن و ئەسپ و مایین ڕنەککردن و ڕاتبە و بێلزەنی بووە... چەندەها جار سەگ لاقی دەرهێناوم...

لە لایەکی ترەوە بار و زرووفی لای ئێمە لە بار نییە و چیا و گوند و شارەکان سووتەمەڕۆ و سوورن و خوێنیان لێ دەتکێ، تەڕ و وشک بەیەکەوە سووتاون و دەسووتێن، بەندیخانەکان لیپان لیپ، منداڵی بەربێشکە فڕێ دەدرێتە بەردەمی سەگ و بەبەرچاوی دایکییەوە دەیخوات، ئەوەی هەتا دوێنێ لە پایتەخت گەواد بوو ئێستا لەوێ بکوژ و ببڕ خۆیەتی و پیاو ماقووڵ و کاسە چەورەکان لەوێ سوێند بەسەری دەخۆن.

بۆ کەس هەیە لە پێستەکەی خۆی دەرچێت...؟ براکەت دەکوژن نابێ بۆی بگریت، ئەبێ شایی بۆ بگێڕیت، بەقسەیەک بازاڕێک گڕ دەدرێ، مزگەوت و خەڵوەتگا و کەنیسە بەکیتابە پیرۆزەکانیشەوە دەڕووخێنرێن... شار دەکرێ بەگوند و گوند لە سێدارە دەدرێ، خانوو تەخت دەکرێ ئەڵێن ئەمانە ئێرانین، قەرەجن، جنۆکەی چیان... کێ دەڵێت لە پاشەڕۆژدا پاڵ نادەم بەجەنگاوەرانی نەتەوەکەمەوە...؟!

(خەندە) بەزەردەخەنەیەکی پڕ لە سەر سوڕمانەوە وتی:



– ئەوانەی وتت لە نیوەیان زیاتر تێ نەگەیشتم مێشکم درنگەی دێ و پێویستیی بەو (تەوراتە) نە ئەکرد...!! وا بزانم ئەو چیرۆکە بۆ ئەوە بوو لە یەک دابڕێین و دوورکەوینەوە، ئەمجارەش دەیڵێمەوە: مێشکم ئەڵێی دنگی برنج کوتانە... هەر ئەو ڕۆژە لەپی دەستت نیشان دام زانیم بەو شێوەیە دەژیت وتم:

– (ڕەنج پەیژەی سەرکەوتنە، بۆ خۆتی دەکەیت، ئەی زانکۆ چۆن تەواو دەکەیت...؟ ئەوە نیشانەی ئەوەیە بەزاخ و جەوهەر داریت...). ئێستا ئەگەر بە من ڕازی دەبی هەڕەشەی هەژاری و دەردەسەری و شۆڕشگێڕی و مردنیشم لێ مەکە.

مردنیش نام ترسێنێ، ئەڤین ئەڤینە، تێکۆشانە، ڕزگارکەری مرۆڤە، سەنگەرە، پەیوەندی بەهەژاری و دەوڵەمەندییەوە نییە... ئێستا چاوەڕێی وشەیەکم سواری کەشتیی بەختیاریم دەکات و سەرم دەگەیەنێتە مەریخ، ئەوەش وشەی (ئا...)یە.

خۆزگە ئەمزانی ئەو (تەوراتە) چی بوو...؟! وا بزانم بۆ ئەوە بوو خەفەتخانم کەیت...؟!

بە ڕوویەکی خۆشەوە وتت:

– بۆ ئەوە بوو لە پاشەڕۆژدا نەڵێی بۆچی خۆتت پێ نەناسانم، بۆچی منت تووش کرد...؟!

– بە بۆچوونی خۆم کوڕێکی ناوەجاخم هەڵنەبژاردووە، خەلەفرۆش هەواڵی مەن دەپرسێ...

ئەمجارەش پێت دەڵێمەوە: (ئەڤین ئەڤینە و هیچ هێزێک پێی ناگات و بەیەک لۆنە ناگاتەوە...)

ئەگەر ئەو وشە یاخییەت لە دەم بێتە دەرەوە، مردنیش پاشگەزم

ناکاتەوە، مردن ئەوەیە لە تۆ دابڕێم و لەگەڵتا دەچمە دۆزەخەوە و ئەسپ و سەر و کەللە و زینیان وتووە...

(سوارە سەلکە سەگ) ئەم قسە تانوپۆ ئاوریشمییانەت لە (گەلاوێژ) چاوەڕوان دەکرد...

سەیری قسەکانیان کە:

– (دەبێ بێیتە سەر ئایینی ئێمە...).

– (ئەڤین ئەڤینە، پەیوەندیی بەهەژاری و دەوڵەمەندییەوە نییە و لەگەڵتا دەچمە دۆزەخەوە...).

– دیسانەوە کەشتییەکەت چەقییەوە...؟! وشەی (ئا...) یان (بەڵێ) بەشێوەیەک لە گەرووتا گیری خواردووە، مەلای ماوەرانیش دەری ناهێنێ...

– خۆ پەڵپی پایتەخت و هیچی ترم لێ ناگری...؟!

– نەک پایتەخت سنوورەکانی جیهانیش لای من سڕاونەتەوە، ئەمجارەش هەر ناڵێی بەڵێ...؟!

– بەڵێ...

٢٠٠٥/٧/٢١

سەلام مەنمی